# جیهانی منالان

## گۆڤارێکی فەلسەفی، ئەدەبی و هونەریە
## دەربارەی منالان

ژمارە 6



درەختێك کە ڕەگ و ڕیشەی لە خوێن و خوڕی زامی ناسۆری جەستە و دڵو دەروونیدا بەزۆر پاراوکرابێ،
گێژەڵووکەی شووم لە دەشتی وشك و شاخی ڕەش و داغی نیشتمانی نێوان دوو زێدا بەزۆر بەرەو
قوتبی شیمال فڕێدرابێ، دیارە دەبێ گوڵێکی ئاوەها بە قلیپۆپەیەوە ڕوابێ. ئەدەبیاتی گۆڤاری جیهانی مندالان

# Barnens Värld


**Om barnens livsvillkor världen över**

**Barnhem i Saqis & Bokan**

## منالە خۆشەویستەکان

**پشوی** هاوینە تەواو بوو. هیوادارم هاوینتان خۆش لێگوزەرا بێت و توانیبێتان نەنە و باپیرە و خاڵە و مامە و پورێتان بەسەر بکەنەوە. بەداخەوە من ئەم هاوینە بۆم نەلوا ئەو کارە بکەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هاوینمان خۆش لێگوزەرا. زۆرجار لەگەڵ دایکو باوکم دەچووینە سەیران و سەیرانگای لیننانمەکی هێلسینکی. لە هەمووی خۆشتر ئەوە بوو کە ئەم هاوینە میرزاعەلی هاتبوو و ماوەی سێ هەفتەیەك بەیەکەوە بووین و بەڕاستی خۆشگوزەرا. من و باوکم و میرزاعەلی بە ماشێن چووین بۆ شارەکانی ئێسپۆ، هێلسینکی، لەهتی و یوڤاسکولە. لەم ماوەیەدا کۆمەڵێك دۆستی باوکم و میرزاعەلیم بینی و دووسێ دۆستێکی باشیشم پەیدا کرد. من پاسکیلەکەمم لەگەڵ خۆم بردبوو و لەگەڵ دۆستەکانم پاسکیلسواریمان دەکرد. میرزاعەلیش کامپیوتەرەکەی پێبوو و لە هەموو ماڵێك فلیم وشتەی دەخستەسەر. فیلمی منالە هەژارەکانی کوردستان و گۆڤاری جیهانی منداڵانی دەدا بە دایکوباوکی منالان. میرزاعەلی زیاتر لەگەڵ گەورەکان قسەی دەکرد و قسەی خۆمان بێت، جارجاریش لە قسەکردندا وشەی سوێدی بەکار دەهێنا بۆ وصنە بە بە هاووڵاتی بوونی دەوت (مێردبڕیارە!). میرزاعەلی و دۆستەکانی زیاتر باسی ڕابردووی خۆیان دەکرد. هێندێکجار لەو ماڵانەی کە منداڵیان نەبوو بڕێك بێتاقەتیش دەبووم. زۆرجار بیری دایکیشم دەکرد، چونکە ئەو لەبەر سوکەنەخۆشییەك کە بووی نەیتووانی بۆ شارە دوورترەکان لەگەڵمان بێت.

منالە بەڕێزەکان! میرزاعەلی داوای لێکردم کە بەرنامەی هەفتانەی خۆمی بۆ بنێرم تا لە گۆڤاری جیهانی منداڵاندا چاپی بکات. هەروەکو هەموومان دەزانین ، بێبەرنامەیی شتێکی باش نییە. کات شتێکی زۆر زۆر بە نرخە و پێویستە سوودی لێوەرگرین. هەر شتە لە شوێن و کاتی خۆیدا بکرێ باشە. من زۆر حەزم لە یاری تۆپی پێ و پلەیستەیشن و کامپیوتەرە، بەڵام خۆ ناکرێ هەمیشە هەر لەگەڵ ئەوانە خەریك بم. باوکم ڕاست دەکات کە دەڵێت : هەموو شتێك بە خوێ و خوێش بە مانا. منالە ژیرەکان! حەتمەن ئێوە مانای ئەم پەندی پێشینانەیە دەزانن و دەشزانن کە خواردنی شتی سوێر و شیرینیش بۆ لەش باش نییە. من لە هەفتەدا تەنیا جارێك نوقڵ و شیرینی دەخۆم ، ئەویش زۆر کەم و دوای نانخواردن. ئاخر دەم و ددانیش پێویستیان بە پشو هەیە.



ئاقڵە بچکۆلەکان! هیوادارم خۆتان و دایکوباوکانتان باش سەرنجی بەرنامەکەم بدەن و سوودی لێوەرگرن. تکایە لە ڕێگەی گۆڤاری جیهانی منداڵانەوە لە کەموکوڕییەکانی ئاگادارم کەنەوە. دیارە بەرنامەی هەرکەس دەکرێ لە هی کەسێکی تر جیاواز بێت. بەرنامەی ڕۆژانەی هەر منالێکیش پێویستە لەگەڵ تەمەنی خۆی و بەرنامەی ژیانی دایکوباوك و خێزانەکەیدا بێتەوە. من تاکە منالی ماڵی خۆمانم و دایکو باوکم خەریکی کار کردن و خوێندنن. زیاتر ئێواران و ڕۆژانی کۆتایی هەفتە بەیەکەوەین. لە کاتی ئازاددا چاومان بە دۆستانمان دەکەوێ، دەچینە بازاڕ ، تیاتر یان شوێنێکی تر. ئەمەش بەرنامەی ڕۆژانەی ئەم پاییزەی منە. بەداخەوە هێندێك لە منالان بەبۆنەی بێپارەییەوە ناتووانن بەرنامەیەکی ڕۆژانەی دڵخواز بۆ خۆیان دابنێن. هیوادارم لە ڕێگەی گۆڤاری جیهانی منداڵانەوە یارمەتیدەری منالە هەژار و بێکەس و پەککەوتەکان بین. سوپاسیش بۆ میرزاعەلی و منالدۆستییەکەی.. ژیانێکی بەبەرنامە و پاییزێکی خۆشتان بۆ ئارەزوو دەکەم.

دڵسۆزتان کۆژین زەکی ، ڤانتا / هێلسینکی 1 ی گەلاڕێزانی 2003

Ali Ketabi
C/O Shihab Manmy
Fjäderharvsgatan 17
424 66 Angered, SWEDEN. Tel: +46 (0) 31-3302030

**Bankgiro 5469-4922**

www.sara.just.nu
shihab.manmy@telia.com

**ISSN 1651-5188**

**ليستەی پشتيوانان و هاوكاران و خوێنەرانی گۆڤاری جيهانی منداڵان و يانەی سارای سەيار لەشاری سەقزو بۆكان لە رۆژ هەڵاتی كوردستان بۆ ژمارە 6ی ئەم گۆڤارە لە وەزی هاوينی 2003دا**

1- ئازاد عەزيز ..................... 700
2- هيوا عەزيز و دايكی ئامانج.... 600
3- بەختيار پێنجوێنی.............. 200
4- سەلام زيجی......................
5- عەبدوڵا مباشيری (هيوا)........
6- جەماڵ عەبلی عەبان............ 40
7- سەلمان هبەكی.................. 70
8- رەسوڵ سەفەريانی............ 50
9- رەحمان سۆڤ.................. 100
10- كوبرا مەهاباد.................
11- تەيب كاكەيی.................
12- خاليد عەلی پەنا ............
13- م فەرهاد دەربەندی.........
14- سەيوان سنە................ 40
15- ئەحمەد ئاسۆ.............. 100
16- شيخ(...)نقشبندی......... 30
17- م- كاوە ئەحمەد............ 30
18- م- مەجيد فەرەج.......... 100
19- تاهير مەحموودی.......... 200
20- ئەبوبكر فەتاحی............
21- وەستا عەبدول............ 30
22- بەكر ئاسۆ..................
23- تەها هەورامی............ 300
24- سديق شنۆ................ 30
25- خوشكە هاينە............ 100
26- كاك رەسووڵ پرشنگ.......
27- خوشكە بەهار............ 150
28- كاك جەمال بێ ئيقامە.......
29- ئابێ ئيف .................
30- كامل ئەحمەد...............
31- كاوەی بزرگ پەنا....... 100
32- هاورێی ماموستا حسێن.....
33- رەوف رەمەزانعەلی......ژ.. 100
34- ئەركان مەحموو........د. 110
35- ماموستا جەماڵ بوزورگپور....
36- ئازاد كاروان.............. 200
37- هۆشيار تاجری............ 150
38- ئەحمەد بازگر............ 150
39- سۆران شەريفی............ 50
40- كارزان عومەر............ 50
41- ماموستا حسێن.........
42- بەيان و كاوە............ 300
43- فواد هەولێر............ 30
44- ناسری رەزازی..........
45- قادر ئەلياسی...........
46- ئەردەشێر زەبەردەست..... 100
47- محەمەد وەلەد بەگی...... 60
48- سارا سوڵتانی ........... 130
49- ئارش سوڵتانی........... 50
50- ئارام سوڵتانی.......... 50
51- ئاراز سلێمانی...........
52- شوانی- رادوێ لاوان... .30
53- خالە سابير............. 50
54- حسين نەجەفاوا......... 30
55- عەدنان ش- تاكسی...... 30
56- ستار-ش- تاكسی....... 30
57- خ ، گوڵزار............. 100
58- رسول سەفەريانی........ 50
59- حوجەت نارنجی......... 100
60- زارا قاسميانی........... 70
61- رەحمان حسێن زادە ..........
62- سلێمان ئەمينی ......
63- شاكار گەرميانی......... 200
64- م و ق= جديدالانسان..... 100
65- برايم و رۆژا رۆستەمی.... 100

پشتيوانانمان لە كيشوەری فينلاند

66= لۆرا و تارا ............... 180
67 = فاتمە نەورۆزی........... 180
68 = ريبواروشەهلاقادری....... 90
69 = محەمەد قادری........... 180
70 = كاك موحسين ........... 235
71= بەيار و گوڵاڵە........... 90
72= سالار سۆڤ.............. 60
73= شيرين و جەماڵ ......... 45
74= كاك ئیزمەڕ.............. 70
75= سەميرە فەتخوڵا.......... 30
76= كۆژين زەكی............ 270
77= سۆران زەكی يارمەتی بێسنوور
78= عومەر مەعرووف ........... 450
79= ئەنوەر رەشی عەوڵا....... 180
80= ئاكۆ رەشی عەوڵا......... 90
81= عەبدول گوڵ پەريان....... 90
82= خدر حەسەن زادە......... 90
83= شەهاب مەنمی ........... 200

**خوێنەرانی هێژا**


من كە بەرپرسياری ئابووری گۆڤارەكەم، پێم خۆشە كە لەسەرەتای دەرچونی هەر ژمارەيەكدا، لێكۆڵينەوەيەكی ئابوری بكەم بۆ روونكردنەوەی دەخل و خەرجی وەرزەكە. تا بۆ خوێنەرو يارمەتيدەرانی گۆڤارەكە روون بێت كە دەخل و خەرجی گۆڤارەكەو يانەی سارا تێكرا لە سەقز و بۆكان چەنێكە. لەم سێمانگەدا 6700 كرۆن يارمەتی و پارەی فرۆشی گۆڤارەكە و باقی بەرهەمەكانی كاك عەلی بووە، 600 كرۆن خەرجی پۆست و CD لەم وەرزەدا واتە 3 مانگەی هاوينی 2003 بووە، و خەرجيشمان 900 هەزار تمەن بۆ سەقز نێردراوە، ئەمە جگە لە پارەی تەلەفۆن و فاكس بۆگشت خۆشەويستانی گۆڤارەكەو هتد.

تێ بی نی: خەرجی تەلەفۆن دەرسەدی ئەرك و كۆمەكی دارايی يانەی سارا (وێڕای هەموو زەحمەتەكان) تەنيا لەلايەن ماموستا (عەلی كيتابی) ەوە بووە.

**شەهاب مەنمی 20030901**

# جیهانی منداڵان

## گۆڤارێکی فەلسەفی ئەدەبی هونەریە




سەرنووسەر

**عەلی کیتابی**

مۆنتاژکارو بەرپرسی ئابوری

**شەهاب مەنمی**


**جیهانی منداڵان**

گۆڤارێکی وەرزیەولە سوێد دەرئەکرێ و
لە کوردستان دووبارە چاپدەکرێتەوە


**زاگروس مێدیا هەڵساوە بەیارمەتیدان و چاپکردنی**

# جیهانی منداڵان 6


| لاپەڕە | بابەت | نووسەر |
|---|---|---|
| 2 | .... مەرج و بەردی بناغەی ئەمگۆڤارە و یانەیٚ ساراو | وتاری سەردەبیر |
| 3 | ..... زنجیرە باسێکی دەرونناسی ............... | پەروانەی قورەیشی |
| 5 | ... ڕۆڵ و کاریگەری ژن و پەروەردە لە بونیاتنانی کولتوری ..........دیموکراتی لە کۆمەڵگەی سڤیلدا............ | مەهاباد قەرە داغی |
| 11 | .......نیگاکانی ئاونیگاکانی ئازادین .......... | ئەنوەری ڕەشی عەولاٚ |
| 15 | .......چمکێکی چکۆلە لەرۆمانی یارا .................. | عەلی کیتابی |
| 21 | ......نیشتمانی نێوان دووزیٚ ................... | مەهاباد قەرەداغی |
| 22 | ............چاو پێکەوتنی.گ. جیهانیمناڵان لەگەڵ | شاکار گەرمیانی |
| 24 | ..............پەپوولەکانی ئازادی ... ئامادەکردنی... | ئاسۆ بیارەیی |
| 25 | .......... چیرۆکی ئالان و داری بەلاٚلووك نووسینی... | سارا سولٚتانی |
| 26 | ......3 پارچە شیعر .. سارا سولتانی... بەختیار عەلی... | علیکتابی |
| 27 | ........جوانناسی و دزێو لەقاودان...................... | عەلی کیتابی |
| 28 | ........سەرنجێك لە سەر جواننایس لە ئەدەبیاتی کوردیدا.. | ڕێبوار |
| 33 | ....... منالٚی فێری کردین بەشی دووهەم .... | ئەنوەر ڕەشی عەولاٚ |
| 34 | ........چەن بەڵگەیەك لە پێهاتنی یانەی سەیاری سارا لەشاری بۆکان | |
| 35 | ....... سوپاس و پێزانین بۆ یارمەتی هاوڕییانی کیشوەری فینلاند | |
| 36 | ....... چیرۆکی خۆرنشین ........................ | مەهابات قەرەداغی |
| 40 | ...... چاوپێکەوتن لەگەڵ کەیومەرس نیکڕەفتار | |
| 42 | .......ئاوڕێك لە منالاٚنی ولاٚت.................... | ڕەسوولی سەفەریانی |
| 43 | .......بەرنامەی کارو ژیانی .................... | کۆژین زەکی |
| 44 | .......کاریکاتۆرەکان............................. | سەردار عەبدولاٚ |




## وتاری سەردەبیر

خوێنەرانی خۆشەویستی جیهانی منداڵان، بە تایبەت نووسەران و تایبەتیتر ئەو نووسەرو ئەدیبوو ئەدەب دۆستو یارمەتی دەرانەی کە گۆڤاری جیهانی منداڵانیان بەزەرفێك یا جواترە بڵێم بە ئاوێنەیەکی بێگەرد زانیوە، تا ئاکامی بەرهەمی تێکۆشان و یارمەتی مەعنەویە و مادی خۆیانی تێدا ببیننەوە.

ئازیزانم ئێستا هەست دەکەم لە سەر لووتکەی بڵیندی تەمەن و ئاواتمەوە وەستاوم، چونکە توانیومە یانەی سارای منداڵان و ئۆرگانەکەی کە ئەم گۆڤاری جیهانی منداڵانەیە، وەك نیهادێکی غەیرە سیاسی، غەیرە حیزبی، غەیرە مەزهەبی و ڕەگەزپەرستی بخوڵقێنم. لێرەدا جێگای خۆیەتی بڵێم ئەگەر لەسەرەتاوە ڕەوف حەسەن لە سلێمانی و شەهاب مەنمی لە سوێد نەبوایەن ئەم ئاواتە دێرینەی من ئاوەها بەم ئاسانیە وەدی نەدەهات. خۆشەویستانم ئێستاش خۆم وەك تاکە پاشەرۆکی سەمەری گەیشتو بەقلیپۆپەی دارگوێزێکی یاخی و تووشەوە دەبینم. گەرچی تا ئێستا بە لیزمەی تاوە تەرزەو هەورەتریشقەی ئەهریمەنی و نە بە پەڵو پلارو ڕاژەی دزو شارۆکەرانی چاوچنۆکو بەکرێگیراو نەکەوتومەتە خواریٚ، بەلاٚم ئێستا کە کەوتومەتە بەر پەلامارو هەڕەشەی شەختەو خەزانو بای بەهێزی پایزی تەمەنم، دەزانم تۆزیٚ درەنگ یان زوو دەکەومە خواریٚ.

گرنگترین هیواو هاوارم ئەوەیە، ئێوە بە پێنووس و ئەندێشەو تێکۆشانتان، بە پەروەردەو بارهێنانی مودێرنی هاوچەرخەوە، بیرۆکەو بونیادنان و مەوجودیەتی یانەی سارای منداڵان و گۆڤاری جیهانی منداڵان بتەوکەن و پەرەی پێبدەن و بیکەنە موئەسیسەیەك و بی پارێزن.

**مەرج** و بەردی بناغەی یانەی ساراو ئۆرگانەکەی کە ئەم گۆڤارەیە تەنیا ئەم چەند خالاٚنەی خوارەوەیە: نووسەران و دەستەی نووسەران و پشتیوانانی، ئەو نووسین و بەرهەمانەی کە بۆ ئەم گۆڤارەی دەنووسن و دەنێرن نابیٚ هیچ جۆرە بۆن و بەرامەیەکی سیاسی، حیزبی مەزهەبی و ڕەگەز پەرستی پێوەبیٚ. بەلاٚم ئەمە بەو مانایە نیەو مرۆڤە سیاسی و حیزبی و نەتەوەییە سادق و سالم و ساکارەکان لەم کارە پیرۆز بێبەشکەین.. مەبەستی سەرەکی ئێمە ئەوەیە بە وریایی بە دەربەس پاسەوانی درگای ماڵی خۆمان بین و نەیەڵین جاسووسانی چاوچنۆکی سیاسی و حیزبی و مەزهەبی خۆیان بخزێننە ناومان یان بەقازانجی سیاسەتەکانیان بەکارمان بێنن، وەیان بە هەڵە و لارێماندا بەرن. هەڵماندێرن. لەماوەی تەمەنی ئەم نیهادەوە تاك و تووك هاتوونەتە ناومان بەلاٚم بە ناکامیوناچاری پاشە کشێیان کردوە. **گ.ج.م**

# پەروانەی قورەیشی
# و
# دەروونناسی



## زنجیرەباسی سێهەم

ڕەنجووری واتە دڵێشان دەتوانێ جوابێ بێت لە بەرانبەر ڕووداوەکانی ڕۆژانەدا بەهۆی برینداربوونی دەروونەوە.

بۆنموونە لەسەرجادە ناسراوێك دەبینین، پاش چۆنی و چاکی هەست دەکەین کە ناسیاوەکەمان، زۆر بەگەرمی وەکوجاران چۆنیوچاکی لەگەڵمانا نەکرد.

یان ناسیاوێکی‌دی دەمێکە تەلەفۆنمان بۆ ناکات و لێمان ناپرسێت. جا ئەگەر ئێمە مرۆڤێکی زورەنج بین، تووشی داڵغە دەبین. پێمانوایە کەموکوورییەك لەئێمەدا هەیە کە ناسیاوەکەمان بەگەرمی‌و باوەشی ئاواڵەوە وەری نەگرتین و لەگەڵماندا نەدوا. ڕەنگە ناسیاوەکەمان تووشی مشکیلەیەك بووبێت؟ ڕەنگە ئەوڕۆژە زۆر بەکەیف نەبووبێت، وەیا ناسیاوەکەی‌دی کاتی نەبێت بۆیە تەلەفۆن ناکات یاپێی خۆشنیە و دەیەوێت پێوەندی لەگەڵماندا بپچڕێنێ، یان کەسێکی‌دی وەکو دۆست بۆ خۆی بینیبێتەوە بۆئێمە کاتی نیە،.....

کەسی کەهەست دەکات لەلایەن کەسێکی دیکەوە بێنرخی پێدەکرێت، نرخی‌مرۆڤایەتی ئەوکەسە تووشی بێحورمەتی دەبێت. مرۆڤ هەست بکات کە بێ‌قیمەت کراوە، نرخ و ئەرزشی ئەوئینسانە بریندار دەبێت. (ئیهانەت) ئیهانە کردن هەستی ئێمە برریندار دەکات دەبێتەهۆی ئەوە کەئێمە خۆمان تێکشکاوو پارچەپارچە کراوبین و بەشێوەیەکی زۆر قووڵ باوەڕمان بەخۆمان نەمێنێت و هەست بەبێ‌دەستەڵاتی و دڵشکاوی، گومان لەخۆکردن، ئازار و ئێش، تووڕەیی و جنێودان بکەین.

مرۆڤێك کە ئیهانەی پێ‌کرابێت، تووشی دڵڕەنجی‌دەبێ، خۆی لەخەڵك دوور ئەخاتەوە و بیر لەتۆڵەساندن دەکات

وا هەست دەکات کەس بۆی‌نیە ئاوەها لەگەڵ ئەودا مەعامەلە بکات.

ئیهانەکەر ڕاستەوخۆ هێرش بۆ سەر هەستی‌خۆ دەبات و هەردو پێکەوە بەستراون..

دڵئێشان یادڵڕەنجی لە ئەنجامی بێهێزبوونی هەستکردن بەنرخی خۆ پێکدێت و دەتوانێت ببێتەهۆی خۆبەکەمبینین و گومان لەخۆ و گومان لەناسنامەی خۆکردن. لەلایەکی تریشەوە ئەوکەسانەی کە زۆر خێرا دڵیان دەڕەنجێ و پێیان دەوترێ "حەساس"یادڵناسك" کەسانێکن کە هەست بەنەفی خۆیان دەکەن کەسانی‌وا زوو دڵیان دەشکێ، خۆیان لەخەڵك ماوەیەك دوور دەخەنەوە و لەگەڵ ئەوکەسەی کە دڵیان ئێشاوە ماوەیەك قسە ناکەن. ئەمجۆرە کەسانە لەباری دەرونییەوە نەخۆش نین بەڵام ژیانی ڕۆژانەیان بەدەوری ئەم مشکیلەوە زۆر سەخت بەسەر ئەچێت بەشێوەیەکی (مزمن) داماو

(chronisch)دڵیان لەسەر هەرشتێکی بچووك دەڕەنجێ. زۆرجار هەڵس و کەوتی خودی ئەوان دەبێتەهۆی ئەوە کە خەڵکی دەوروبەریان تانەی لێبدەن. وشەیەکی نابەجێ و یا ئەگەر دەنگی تۆزێ بەرزبێت، وە یا بەسودفە برۆیەك لەوی دی سەرتربێت دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەوکەسە (لەباری دەروونیەوە) برینداربێت.

کەسێ کە لەباری هەست بەنرخی‌خۆکردن بەهێزە کەس ناتوانێ بەئاسانی ئەو تووشی گومان لەخۆبکات. ئەگەر پەیامێکی نابەجێو مەنفی لەلایەن کەسێکەوە بەئەو بگات، بەشێوەیەکی حەساس وەری‌ناگرێت و زوو تووشی تەوەهوم و لەرزۆکی نابێت.

هەرچەندە لەژیانی ڕۆژانەدا ئیحتیمالی دڵێشان زۆرە، بەڵام هەرکەسە بەجۆرێك و بەئەندازەیەك، دڵێشان و دڵ ڕەنجان بەشێکە لەژیانیدا.

هەروەها هێرش کردن و هێرش بردن و هەست بەنرخی‌خۆکردن بەشێکە لەژیانی ڕۆژانە.

ڕەخنە گرتن و ڕەتدانەوە و لەهەمان کاتیشدا خۆشەویستی‌و پشتگیری لەژیانی ڕۆژانە جودا نیە.

زوو زیز بوون و دڵێشان خۆی لەباری(زەهنی)یەوە، وەکو بی‌هێزی، تووڕەیی، بیحورمەتی‌کردن، دڵسەرد بوون هەستی پێ‌دەکرێت. لەژێر ئەمانەوە هەستی:ئێش، ترس وشەرم کردن خۆیان شاردۆتەوە کە نە هەستی پێدەکرێت و نە پیشان دەدرێت. بەڵام زۆرجار ئەوکەسەی کە دڵی ئێشاوە ئێش و ئازاری خۆی لەڕێگای شیددتەوە (violence) بەرەورووی خەڵك دەکاتەوە. تووڕەبوون و ئیهانەکردن لەواقیع دا جۆرێك پاراستنە لەبەرانبەر ئێش و ئازاری برینداربووندا. ئیهانەکردن تەنیا لەلایەن خەڵکی دیکەوە ڕوونادات، زۆرجار هەیە کەمرۆڤ خۆی بەخۆی ئیهانەت دەکات و نرخ و قیمەتی خۆی دەشکێنێت، مرۆڤی‌وا بەکار یا وتەیەکی خراپ نرخی‌خۆی بۆخۆی و خەڵکی‌دی دەشکێنێ.

مرۆڤێ کەئامانجێکی زۆربەرزی بۆخۆی دابینکردوە و گەیشتن بەو ئامانجە مەحاڵە، بووگە بەپێرەو و پرۆگۆامی ژیانی پاش وەدەست نەهێنانی ئامانجەکەی تووشی دڵسەردی‌و دڵزوردگی فراوان دەبێت. مرۆڤی‌وا هێرش دەکاتەسەرخۆی، جنێو بەخۆی دەدات،

یاکوو قین و نەفرەتیخۆی بەرانبەر بەخۆی، لەرێگای بریندارکردنی لەشیەوه خۆی پیشان دەدات. (جنێوبەخۆدان ئەوانەی لەمنداڵیەوە، زۆرجار لەلایەن دایکوباوکەوه جنێویان پێ دراوه، چاوتەرێ، ملت بشکێ، عەمرت نەمێنێ، خوا عەمرت پێنەدات: پاش گەورەبوونیش کە دایکوباوك نەبن خۆیان بەخۆیان جنێو دەدەن).زۆربەی زۆری مەشاکیل (تەنگوچەڵەمەی) نێوان مرۆڤ سەرچاوگەکەی دەگەرێتەوه سەر لەیەك تێنەگەیشتن، دڵ یەك ئێشانن. بەهەڵەتێگەیشتن لەیەك، بیرو بۆچوونی جیاواز، شەڕ و داوا، پچران و تەرك و نەمانیدۆستایەتی لەبنەرەتدا دەگەرێتەوه سەرئەوه کە لایەنێك لەلایەنی ئەوی ترەوە تووشی دڵرەنجی بووبێت کەئەویش دەبێتە سەبەبی توورەیی و جنێودان و تۆڵە سەندن. پاشخایە لە لایەن خەڵکەوه جنێو بە "دۆستیجاران" دەدەین و خووی پێدەگرین، دایم فکرمان پێوه مەشغوڵە کەچۆنچۆنی تۆڵەی لێبکەینەوه. هەرچەندە کە پێوەندیمان لەگەڵی پچراوه بەڵام دایم لەفکرداین کە لایخەڵك خراپی ئەو دۆستە نیشان بدەین.

ژنێك کە مێردەکەی بەجێی هێشتووه و نایەوێ بگەرێتەوه لایئەو. پیاویوا ناتوانێ تەحەمولی ڕوداوی وابکات نەرجسیەت، ئەو بریندارە و بۆسارێژکردنی برینی نەرجسیەتیخۆی دەس ئەداتە جینایەت و لەناوبردنی ژنەکەی.

زەخمی دڵی کەبەهۆی ڕۆیشتنی ژنەکەیەوه پێکهاتووه لەم ڕێگاوە سارێژ (ترمیم) دەکات ( Christian )

دەڵێ ڕۆیشتن و تەرککردنی پیاو لەلایەن ژنەکەیەوه هۆی سەرەکی کوشتنی ژنە بەدەستی مێردەکەیەوە. "خەتەرناکترین پیاو بۆ ژن مێردەکەیەتی" و کاتێ ژنێك لەمێردەکەی (نەبان)بێ و ئەو بەجێی بێڵێت ئەوخەتەرە لە هەمووکاتێ خەتەرناکترە. ئاماری میانگینی کوشتاری ژنان بەدەستی مێردەکانیانەوه لەساڵێکدا 200 تا 250 ژنن، کە بەم هۆیەوە گیانی خۆیان لەدەست دەدەن.

زۆر جار شیددەت (violence ) لەلایەن مرۆڤەوه دژی خۆی بەکاردێت، یاوەکو بەوتەیەکیتر هێرش و دژایەتی بەرەو ناوخۆ، یانی بەرانبەر بەمرۆڤ خۆی بەکاردێت، کەئەنجامی ئەم توندو تیژیە زۆرجاریش خۆکوشتن و خۆ لەناو بردنە. کەئەمەش شێوەیەکە لە دیاردەی توندوتیژی یا Aggression (ژنان بەهۆی شێوەی پەروەردەکردنیان بەپێچەوانەی پیاوان هێزی هێرش بردن یا "هوجووم کردنەسەر"دژی خۆیان بەکار دێنن، خۆکوشتن، یا خۆسووتاندن لەناو ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دا زۆرە).

## ئیهانه (اهانت) دڵرەنجیو نەرجسیەت.

بەشێوەیەکی گشتی نەرجسیەت مانای خۆشبوونی خۆ یان خۆپەسەندیە. ئەم تەعریفە Definition پێوەندی بە ئیختیلال و یا نەخۆشی نەرجسیەت نیە بۆئەوەی یەکێ لە ئامانجە ریشەییەکانی مرۆڤ ئەوەیە کەخۆی بەمرۆڤێکی بەنرخ و بایەخدار ببینێت، بۆیە هەوڵ ئەدات کە خەڵکی ئەویان خۆشگەرەکبێت و لەلایەن دەورروبەرەوه قبوولّ بکرێت.

مرۆڤێك کە نەرجسیەتێکی ساغ و سەلامیتی هەیە، کەسێکە هەستی نرخیخۆی زۆر مەحکەم و بتەوه. کەسیوا هێزو توانای خۆی دەناسێولەهەمان کاتیشدا، دان بەهەڵەو خاڵە لاوازەکانی خۆیدا دەنێت و ئینکاری لێ ناکات. مرۆڤی وا دەزانێ لەچ ڕێگایەکەوه سەرکەوتن بەدەس دێنێت و دەتوانێت هەستی نرخی خۆی سابت ڕاگرێ.

مرۆڤێك کە لەباری نەرجسیەتەوه ساغ نەبێت، هەستی نرخی خودی ئەو کەسە شڵەژاوه هەستی خۆناس نەکردن و لەخۆ بێگانەبوون دەستی چی ئەدات. کەسیوا دیوارێکی بەرزی کەبریتیە لەباوەرێکی تەواو بەخۆبوون، جوانبوون، توانابوون و بەرواڵەت سەربەخۆبوونی بەدەوری خۆیدا ڕاکێشاوه. بەڵام بۆپێکهێنانی ئەم دیوارە ئەو مەجبوورە کە خواستەکان و هەست و پێویستییەکانی خۆی قوربانی بکات و لەنێویان بەرێت. کەسێ وا دەیەوێت ئیدیاڵێ لەخۆی دروست بکات و پیشانی خەڵکی بدات. ئەو ئیدیاڵە بریتیە لە ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوه. ئەو دەبێ هیچ هەڵەیەکی نەبێت، جوانتر لەهەموو کەسێ بێت. بەهێزوو زیندوو بێ پەژارەو توانایەکی لەبن نەهاتوبێت. بەهۆی نەبونی متمانە بەخۆ و یا هەستی خۆ بەکەمزانین مرۆڤ مەجبوور دەکات کە دیوارێکی وا بەدەوری خۆیدا بکێشێ تاکو کەم و کوڕی ناتەواویە کانی خۆی لەخەڵك بشارێتەوه.

Neveille Symingfo دەڵێ نەرجسیەت موخەدەر Droge بەکارهێنانی موخەدەر بۆ لەبیر بردنی کەم و کوڕی و لەبیر بردنی مەشاکیلی ژیانە . نەرجسیەت دەرمانێکە بۆ فەرامۆش کردنی ئەو ڕاستیانەن کەناخۆشن. لەرێگای دروستکردنی دیواری نەرجسیەت ئەو بەشەی لە خود Selbst - Sel کە جوان نیە داپۆشرێت.

نەخۆشی Droge یا موخەدەر سەرچاوگەکەی زۆرجار نەرجسیەتە مرۆڤێ کە ئیستروکتووری کەسایەتی نەرجسیی(نەرجسی) هەیە یا خۆی زۆر بەخراپ یان بە پێچەوانەوە زۆر ئەباش دەزانێت کەسیوا زوو لە شتێکی زۆر بچووك کە بەدڵی نەبێت دڵی دەرەنجێت

**ئەم زنجیرە باسە درێیژەی هەیە**



**مەهاباد قەرەداغی**

## ڕۆڵ و کاریگەری ژن و پەروەردە لە بنیاتنانی کلتووری دیموکراتی و کۆمەڵگەی سیڤیلدا

پێشەکی:

دیموکراسی ناوێ نیە لە دیاردەیەک بنرێت، دیموکرات ئاوەڵناوێکە و مەرجە ئەو دیاردەیەی کە هەلیدەگرێ خاوەنی کۆمەڵێ سیفەت بێت ، یان ئەو کەسەی کە پێی دەوترێت کەسێکی دیموکرات، هەڵگری کۆمەڵێ ئاکار و مۆراڵی تایبەت بێت. واتە نۆرمێک هەبێ لەو ژینگە و کۆمەڵگەیەدا بۆ پەیڕەویکردن، کە لە سەر بناغەی پێوەرەکانی یەکسانی، دادپەروەری و مافی مرۆڤ داڕێژرابێت. نۆرمێکی لەو جۆرە لە کلتوورێکدا دەبێتە زەمینەیەک بۆ دروستبوونی مرۆڤی ڕەوشتدیموکرات، مرۆڤێکی ئاکاردیموکراتیش لە بەرهەمهێنانەوەی نۆرم و نرخاندنی دیموکراتیدا ڕۆڵ دەبینێتەوە. کەواتە سوڕی ژیانی کلتووری دیموکراتی بەو شێوەیە کە، مرۆڤێکی ڕەوشتدیموکرات لە بەرهەمهێنانەوەی نۆرمەکانی دیموکراتیدا بەشداری کارای دەبێت و نۆرمەکانیش دووبارە پەیڕەوی دەکرێنەوە و خۆیان بەرهەم دەهێننەوە، هەردووکیان بە بەردەوامی یەک یەکتری بەرهەم دەهێنێتەوە. هەروەک چۆن زەبروزەنگ، جەنگ و زەبروزەنگ بەرهەمدەهێنێتەوە، بێدادی و نادادپەروەری تاوانی لێ دەبێتەوە، ئەمانەش دەبنە هۆی دروستکردنی کۆمەڵێ نۆرمی نائاسایی و یاسای جەنگەڵ لە کۆمەڵگەدا، بە هەمان شێوەش دادپەروەری و یەکسانی و مافپەروەریش خۆیان بەرهەم دەهێننەوە و دیاردەی جوان و مرۆڤانەیان لێ دەبێتەوە. لە دۆخی دووەمدا، واتە لە دۆخی بەرهەمهێنانی نۆرمی دیموکراتی و مرۆڤی ڕەوشت دیموکراتدا، کلتوورێکی دیموکراتی دەچەسپێ و دەبێتە بناغەیەکی دلنیا بۆ کۆمەڵگەی سیڤیل. کەواتە بناغەیەکی جێگیر و دڵنیا بۆ دروستکردنی کەسایەتیەکی ئاکاردیموکرات، سیستەمی پەروەردەیە، پەروەردە بە مانا فراوانەکەی کە وەک هاوسەنگییەک لە ماڵ و لە قوتابخانە و لە ناو دامودەزگا کۆمەڵایەتیەکان و، لە ناو سیستەمی دەسەڵاتی سیاسیدا پەیڕەوی بکرێت. مرۆڤێ خۆی خاوەنی ڕەوشتی دیموکراتی نەبێت ناتوانێ پەیڕەوی ڕێساکانی دیموکراتی بکات، زۆر سەختە مرۆڤێ هەموو تەمەنی خۆی لە سایەی نۆرم و نرخاندن و پەروەردەی نادیموکراتیدا بەسەربردبێت و، لە پڕ بتوانێ ڕێساکانی دیموکراتی قبوڵ بکات و پەیڕەوی بکات، مەبەستم ئەوەیە مرۆڤێکی گەورەساڵ کە قۆناغەکانی تەمەنی لە ناو کلتووری زەبروزەنگ و دانبەیەکتردا نەنان و زەبروزەنگدا بە سەر بردبێت و ئەم کلتوورەش ڕەنگدانەوەی هەبووبێ لە ڕەوشت و کەسایەتی ئەمدا، لە پڕ ببێت بە کەسێکی دیموکرات و لە سیستەمی دەسەڵاتی سیاسیدا پرۆسەکە وەک پێویست بەڕێوەببات. بۆیە پەروەردەکردنی مرۆڤ و چەسپاندنی ڕەوشتی دیموکراتی لە تاکێکی کۆمەڵگەدا پێویستە لە قۆناغەکانی هەوەڵی تەمەنییەوە دەست پێ بکات و وەک پرۆسەیەکی ئاسایی بەڕێوە بچێت، لە خێزان و لە باخچەی ساوایان و لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا پلانی زانستی بۆ بنیاتنانی کەسایەتی سیفەتدیموکرات لە تاکەکانی کۆمەڵگە، دابنرێت. واتە بەردەوام پەروەردەبکرێن. لە پرۆسەکانی پەروەردەکردنیشدا ژن دەتوانێ چ لە خێزان و چ لە قوتابخانەکان و لە ناو کۆمەڵگەدا بە گشتی ڕۆڵی کاریگەر ببینێ و، بۆ گێڕانی ئەو

ڕۆڵەش پێویستە ئاستەنگییەکان لەبەردەمیدا هەڵبگیرێن و خاوەنی توانا و باوەڕی پتەو بێت.

**ڕۆڵی پەروەردە لە دروستکردنی کەسایەتی مرۆڤدا:**

سێ دامەزراو بەشداری لە دروستبوونی کەسایەتی مرۆڤدا دەکەن ، بە هاوبەشی و بە جیاجیا و لە قۆناغی جیاجیای ژیانی مرۆڤداو، لە سەر ئاستی جیاوازدا کاریگەری و ڕۆڵی خۆیان لە پەروەردەکردن و، لە ئاکامیشدا لە کەسایەتی مرۆڤدا دادەنێن. بە زنجیرەیی دامەزراوەکان دەبن بە

**یەکەم: دامەزراوی خێزان،**

**قۆناغی بەخێوکردن و پەروەردەکردن:** لە تەمەنی منداڵدا دەبێتە ئەرکی سەرەکی دامەزراوی خێزان، ساوایەتی ئەو قۆناغەیە کە دایک بە پلەی یەکەم و باوک بە پلەی دووەم بەخێوی دەکات و پەروەردەی دەکات. بە خێوکردن و پەروەردەکردن دوو ئەرکی جیاوازی دایک و باوکن، بەخێوکردن گەشەدانە بە باری فیزیکی ئەو ساوایە لە ئەنجامی دابینکردنی پێداویستییە فیزیکییە سەرەتاییەکانی وەکو: خواردن، خواردنەوە و جلوبەرگ، پەروەردەکردنیش گەشەدانە بە ئاوەز و خەیاڵ و دەروونی منداڵ، لە ئەنجامی دابینکردنی پێداویستییە دەروونییەکان ، کە بە هۆی سۆز و خۆشەویستی، دروستکردنی کەشی دڵنیا بۆی و، ئاراستەکردنی بۆ ڕێبازی ژیان، دابین دەبێت.

**دووەم: دامەزراوی خوێندگە،**

**قۆناغی پەروەردە و فێرکردن :** لە دووەم دامەزراودا هەردوو ئەرک و ئامانجی پەروەردە و فێرکردن هاوتەریب بەڕێوە دەچن، واتە لە خوێندنگەدا، دوو ئامانج دیاری کراوە، مرۆڤ پەروەردەبکرێت کە دەبێ هاوئاهەنگ و هاوتەریب بێت لەگەڵ پەروەردەی خێزان و ڕۆڵی خێزاندا، هەروەها فێر بکرێت و تەیار بکرێت بە زانیارییێدان و دۆزینەوەی توانا ئاوەزییەکانی منداڵ. مامۆستا لەم قۆناغەدا خاوەنی کاریگەرییە. ئەم قۆناغە بۆ منداڵ سەرەتای بەکۆمەڵایەتی بوونێتی و ئەم پرۆسەیەش بە درێژایی قۆناغی قوتابخانە بەردەوام دەبێت.

**سێیەم:دامەزراوی کۆمەڵگە.**

**قۆناغی دروستبوونی ناسنامە:** لە سێیەم قۆناغدا، خێزان ئەرکی لاوەکی و تاک خۆی و بە هاوئاهەنگی لەگەڵ کۆمەڵگەدا و بە هۆێ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە گەشەدان بە ناسنامەی هەر تاکێک. دامەزراوەکانی ناو کۆمەڵگە و، بە تایبەتیش دام و دەزگاکانی دەوڵەت لە گەشەدان بە کەسایەتی مرۆڤ و چەسپاندنی ناسنامەیدا ڕۆڵ دەبینن. بە واتایەکی تر دەسەلاتی سیاسی دەوڵەت و، دەسەلاتی کلتووری لە کۆمەڵگەدا و، ئەو نۆرم و پێوەرانەی کە دەوڵەت کاریان پێدەکات و دەیانکات بە یاسا، هەروەها ئەو نۆرمانەی کە لە کلتووردا ڕۆڵی یاسای نەنووسراو یان ڕێسا دەبینن هاوئاهەنگی دەکەن لە شێوەگرتی کەسایەتی مرۆڤدا.

**ڕۆڵی ژن لەم پەیوەندیەدا:** دایک یەکەمین پەروەردەکاری مرۆیە، کاری پەروەردەش وەک ژان ژاک ڕۆسۆ دەڵێ ئەرکێکی خەتەرە، لێرەدا مەبەست لە خەتەر هەستیاری و ترسناکی ئەو قۆناغەیە کە منداڵ لە دۆخی بەردەوام وەرگرتنی نۆرمەکانە لە پەروەردەکارەکانەوە. دایک پێدەرێکی سەرەکی نۆرمە بە منداڵ. ئەو نۆرمانەی کە خۆی هەیەتی و ئەو ڕێبازی ژیانەی کە باوەڕی پێیەتی لە ڕێگەی پەروەردەوە ڕۆژانە دەیبەخشێت بە نەوەکان. ژنێکی خاوەن توانا و کەسایەتییەکی باوەڕبەخۆ و هۆشیار، کەسایەتییەکی بە هەمان شێوە دەبەخشێتە قوتابخانە و کۆمەڵگە، بە پێچەوانەشەوە، ژنێکی بێبار و بێئەرک، ژنێکی ناهوشیار و کەمتوانا کەسایەتییەکی بە هەمان شێوە دەبەخشێتە دەرەوەی خێزان.

نزیکەی وەکو نۆرمێکی لێ هاتووە کە کاری مامۆستایەتی و پەروەردە لە قوتابخانەشدا بە ژن سپێردرا بێت، بۆیە دەبینین لە زۆربەی ولاتانی دنیادا زۆرتر ژنان مامۆستان، کەواتە لە قوتابخانەشدا بەشێکی بەرچاوی ئەرکی پەروەردەکردن و فێرکردن دەکەوێتە ئەستۆی ژن. مامۆستایەکی بە پرنسیپ و هۆشیار ئەرکی کۆمەڵگە سووک دەکاتەوە لەوەی قوتابییەکی بە پرنسیپ بۆ

کۆمەڵگە بەرهەم بهێنێ و، تاکی خاوەن ناسنامە ببەخشێتە کۆمەڵگە، پێچەوانەکەشی ڕاستە.

کەواتە پەروەردەکار دەبێ خۆی خاوەنی ئاکار و موراڵی ژیاندۆستانە، مرۆڤدۆستانە، دادپەروەرانە و یەکسانیخوازانە بێت، تا بەرهەمێکی هاوشێوە بداتە دەرەوە. کەواتە ئەگەر نیاز لە گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوە بێت کە بەرەو کلتوورێکی دیموکراسی هەنگاو بنرێت و کۆمەڵگەی سیڤیل پێک بێت، پێویستە وەک هەنگاوی بناغەیی و گومانهەڵنەگر، وەک سەرەکیترین زەمینە بۆ کلتووری دیموکراسی ، بیر لە پەروەردە و پەروەردەکار بکرێتەوە. ئەم مەبەستەش مەحاڵە بێتە دی، ئەگەر بیر لە بڵندبوونەوەی پایەی ژن و بیناکردنەوەی کەسایەتی ژن نەکرێتەوە. تا نەوەیەک ژنی خاوەن توانا و کەسایەتی ، ژنی چالاک و هوشیار پەیدا نەبێت، مەحاڵ نەوەیەک کوڕ و کچی ئاکاردیموکرات پێک بێت و کۆمەڵگەی سیڤیل دروست ببێ، دروستبوونی کلتوورێکی دیموکراسی بێ ئازادبوونی ژن، بێ بەشداری کارای ژن، بێ پەروەردەیەکی زانستی و فەرمیتۆد، بێ جیاکردنەوەی یاسا و ڕێسا، دەکرێ بڵێین مەحاڵە.

## ڕیالیتەی ژن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە کوردستاندا:

ژن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە گشتی بێبەرییە لە ماف ، بەڵام ئەرک دەکێشێ، ئەرکی ژن لە ناو خێزاندا ئەرکێکی نەریتی دایک و خوشک و هاوسەرە، کە بریتی بووە لە خزمەتکردنی ئەوانیتر. هەروەها بەشێکی ژن لە بازاڕی کاریشدا وەک فەرمانبەر و، مامۆستا و پزیشک و ئەندازیار و هتد ئەرکی کێشاوە. بەرامبەر بەو ئەرکانەی نە لە خێزان و نە لە کۆمەڵگەدا مافێکی هاوسانی پێ ڕەوە نەبینراوە. کەسایەتی ژن لە ڕۆژهەڵاتدا، کز و زەلیل، بێباوەڕ بە خۆ، بێبەرپرسیارێتی و پاسیڤ بووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکی پەروەردەکردنی پێ سپێردراوە و، بێگومان لە دایکێکی بێماف ، بێ ئەرک، بێ بەرپرسیارێتی و بێناسنامە ، ناکرێ بەرهەمێکی پێچەوانە بێتە ناو

کۆمەڵگە. بەڵکە نەوەکانیش بە هەمان شێوە خاوەنی کەسایەتییەکی کارا و باوەڕبەخۆ، بە ئەرک و بەرپرسیار نابن. کەسایەتی دایک بڕیاردەرە لەوەی نەوەکانی بە کوڕ و کچەوە خاوەنی چۆن کەسایەتییەک دەبن لە دوارۆژدا.

ئەگەر باسی ژنی کوردیش بە تایبەتی بکەین، کەمایەسی ئەوەشی دەبێتە سەربار کە وەک ئەندامی نەتەوەیەکی ژێردەست بێبەرییە لە هەردوو جۆری ناسنامە کە من لێرەدا یەکەمیان ناودەنێم **میکرۆناسنامە** و، دووەمیان ناودەنێم **ماکرۆناسنامە**.

میکرۆناسنامە لە سەر ئاستی تاکدایە، ناسنامەیەک وەکو تاکێکی ژن کە تایبەتمەندێتی هەیە و جیایە لەویتر(پیاو) ، جیاواز بە مانا پۆزەتیڤەکەی، کە هەموو تاکێک دەبێ خاوەنی ناسنامەیەکی بەرجەستە بێت ، ماکرۆناسنامە لە سەر ئاستی نێونەتەوەییدایە، ناسنامەیەک وەکو کورد کە خاوەنی خەسڵەتی تایبەتی سیاسی و کلتووری خۆی بێت و بەو خەسڵەتانەوە بناسرێت و بناسێنرێت.

ژنی کورد، دایکێکی دڵسۆز، هاوسەرێکی بەوەفا، خوشکێکی خزمەتگوزار بووە، بەڵام هاوکات دایکێکی زەلیل ، هاوسەرێکی وابەستە و خوشکێکی پابەند بووە، کە ئەمانە سیفەتەکانی کەسی بێناسنامەن. دەسەڵات لە خێزانی کورددا هەرەمییە و، لە هەرەمی خێزانیشدا ئەگەر چی دایک ڕۆڵی پەروەردە دەبینێ و ئەرکی سەرەکی خێزان وەئەستۆ دەگرێ و دەبێ هاوشانی باوک بێت، بەڵام بە پێچەوانەوە لە هەرەمی دامەزراوی خێزاندا، دایک و کچەکانی دەخرێنە پایین و، باوک لە لووتکەی هەرەمەکەدا سەقامدەگرێ و، کوڕەکانیشی لە پلەیەکی خوارتر لە باوک، لە پاینیشدا کچەکان لە پلەیەکی خوارەوەتری دایک، واتە خوارترین پلەی هەرەمی دەسەڵات، کە لەم پەیوەندییەدا دەبێتە سەرەووترین پلەی بێدەسەڵاتی.

ئێستا و لەم قۆناغەدا باس لە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە و، دیموکراتیزەکردنی سیستەمی دەسەڵات دەکرێت لە کوردستاندا، بە تایبەتی لە دوای ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس،

ڕژێمی بەعس و، کلتووری خێڵ کە بەعس برەوی پێدابوو، پێکەوە و لە مەودایەکی دوور و درێژدا کاریگەریی زۆر نیگەتیڤیان کردۆتە سەر کۆمەڵگەی کورد، بەلاَم هێشتاش دەتوانین باوەڕ بەوە بێنین کە دەکرێ گۆڕانکاری بنەڕەتی لە بیرو باوەڕی خەڵکی کورد و، لە ناو کلتووری کوردیدا پێک بهێنین. بە مەرجێ ئەگەر هەنگاوەکان بەرنامەبۆدارێژراو بن و میکانیزمەکانی کارکردن بۆ ئەو پرۆسەیە بە شێوەیەکی زانستی و بۆ مەبەستی گۆڕانکاری ڕیشەیی بن و ماوە بدەین و پەلەنەکەین لە بینینی ئەنجامەکان. چونکە پرۆسەیەکە بە تایبەتی لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا کە بنەمایەکی تا سەرئێسقان باوکسالارانە و تۆتالیتاری هەبووە و سیستەمی سیاسەت و ئایین تێکەڵ بە یەکتری بوون.

ئەگەر لەم قۆناغەدا بایەخێکی سەرەکی بە گۆڕینی سەرتاپاگیری سیستەمی پەروەردە نەدرێت و، ئەگەر کادیری پەروەردەیی (پەروەردەکار) ی ڕەوشتدیموکرات بۆ ئەم پرۆسەیە ڕانەهێندرێن، دیموکراتیزەکردن دەبێتە کارێکی سەختی بە ئاکامنەگەیشتوو. ژنان دەکرێ کادیری پەروەردەیی زۆر سەرکەوتوو بن بە هۆی سروشتی خۆیان کە بەرهەمهێنەری نەوەکانن و، سروشتی کاری پەروەردەیی ، کە لە کەسایەتی ژن نزیکترە وەک لە پیاو. تەیار کردنی ژنانی کوردستان بە زانست و زانیاری، بە بایەخپێدان و پلەپێدان، پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە خێراتر دەکاتەوە.

## میکانیزمەکانی دیموکراتیزەکردن:

ئەگەر کۆک بین لەسەر ئەوەی دیموکراتی ڕەوشتە، ڕەوشتیش خۆی دیاردەیەکی ئەبستراکتە، بەدەرە لە پێنج هەستەکەی مرۆڤ و ناکرێ ببەخشرێ و وەربگیردرێ، دەگەینە ئەو باوەڕەی کە دیموکراتی پەروەردەبوون و گۆشبوون و فێربوونە، واتە لە باوەشی دایکەوە دەستپێدەکات و لەگەڵ شیری دایکدا دەدرێ بە منداڵ و پرۆسەکە لەوێوە دەست پێدەکات و تا دواقۆناغی ژیان بەردەوام دەبێت. بە واتایەکی تر، پەروەردەکردنی دیموکراتیانە نە لە باخچەی ساوایانەوە دەست پێدەکات و نە لە زانکۆکاندا کۆتایی پێ دێت، بەڵکو لە باوەشی دایکەوە دەست پێدەکات و بە کۆتایی ژیان کۆتایی دێت. لەم پرۆسەیەدا دایک بنەڕەتە. کە ژن بنەڕەت بێت بۆ ئەم پرۆسەیە، مەحاڵە بە پشتگوێخستنی ڕۆڵ و کاریگەرێتی ئەو ئەم پرۆسەیە بتوانێ بکەوێتە ڕێ، بەڵکە تەنها دەبێتە خەونێکی بەدینەهاتوو. دەستەکانی دایک یەکەمین پاڵپێوەنەری ڕەوڕەوەی پرۆسەی دیموکراتی دەبێت، بۆیە دەبێت پایەی ژن لە کۆمەڵگە و خێزان و لە دامودەزگا کلتووری و کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسییەکاندا بڵند بێ و، لای کەم هاوسانی پلە و پایەی پیاو بێت.

بۆ ئەم مەبەستەش، واتە بۆ بڵندکردنەوەی پایەی ژن لە کۆمەڵگەدا دەکرێ میکانیزمی جۆربەجۆر بەکاربهێنرێت. بۆ نموونە:

- ڕادەی خوێندەواری ژنان و پیاوان بڵند بکرێتەوە و، لە ماوەیەکی دیاریکراودا و بە بەرنامەیەکی بۆدارێژراو بگەیەندرێتە ڕێژەی 100%. ئەمەش دەکرێ لە سیستەمی پەروەردەدا بە یاسای سەپاندنی خوێندنی بەزۆر و بە خۆرایی بچەسپێندرێت.
- ڕادەی هوشیاری ژنان و پیاوان بڵندبکرێتەوە، ئەمەش دەکرێ بە فەراهامکردنی دەیان جۆری کۆرسی تایبەتی کە دامەزراوە کلتووری و کۆمەلایەتی و یاسایی و ئابووری و سیاسییەکان پێی هەڵسن، بکرێت. واتە تەنها خوێندەواری بەس نییە بۆ ئەوەی مرۆ لە ماف و لە ئەرکەکانی خۆی بگات، بەڵکە ڕێنومایکردن و زەمینەخۆشکردن بۆ پیادەبوونی ئەو ئەرک و مافانەی کە هەیانە لە سەر ئاستی تاک و خێزان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە و دەوڵەت.
- سڕینەوەی هەموو جۆرە ئاسەوارێکی کلتووری خێڵەکێتی و عەشیرەت و تایفەگەری، بۆ ئەم

مەبەستەش بەگەڕخستنی هەموو کەناڵەکانی پەیوەندی کردن و ڕاگەیاندن. واتە ڕێک بە پێچەوانەی ئێستاوە،کە زۆرێک لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن خەریکی پیاهەڵدان و زەقکردنەوە و تۆخکردنەوە و برەوپێدانەی خێل و سەرەک خێڵ و کلتووری خێڵن، ڕۆڵێکی پێچەوانەی ئێستا بگێڕن و لە مەترسییەکانی ئەو کلتووری خێڵە بدوێن کە ئاستەنگی بەردەم هەموو هەنگاوێکی پێشکەوتنخوازانەیە و کۆمەڵگە لە گەشەسەندن دەسەوتێنێت.

- ئەو حیزبە سیاسییانەی کە برەو بە ڕەوشتی نادیموکراتیانەی تایفەگەریتی دەدەن و ڕۆحی تۆڵەسەندنەوە و زەبروزەنگ لە ناو کلتووری کوردیدا دەچێنن و بوونەتەهۆی بەرهەمهێنانی کلتوورێکی زەبروزەنگئامێز و ، بایەخ بە ژن، بە منداڵ، بە پەروەردە ، بە دامودەزگای کۆمەڵایەتی و بە دامودەزگای یاسایی نادەن و، هەموو ئەو دەزگایانەیان پەیوەند و پەیوەست کردووە بە خۆیانەوە، پێویستە یان بەرنامەی خۆیان ڕێک بە پێچەوانەی بەرنامە و پەیڕەوەکانی ئێستایان بگۆڕن، کە دەبێت 180 پلە پێچەوانەی پەیڕەوەکانی ئێستایان بێت، یان پێویستە هەڵبوەشێنەوە و، ڕێکخراوی سیاسی مۆدێرن و دیموکرات لە دایک ببن.
- سیستەمی پەروەردە لە کوردستاندا، دەبێ لە ئەمڕۆدا کە سەرەتای گۆڕانکاری ڕیشەییە، ببێتە سیستەمێکی ئازاد و وەک دامەزراوێکی زانستی سەربەخۆ و بێلایەن کاری پەروەردە و فێرکردن ڕاپەڕێنێ. بۆ ئەم مەبەستەش پلانی فێرکردن پێویستە 100% بگۆڕدرێ، چونکە ئەمەی ئێستا پەیڕەوی دەکرێت و بە دار و بە تەلقین زانست و پەروەردەی چەواشە دەبەخشێ، تەنها کۆیلە پەروەردە دەکات و کۆمەڵگەیەکی کۆیلە پێشکەش بە کۆمەڵگەی دنیا دەکات. میتودەکانی پەروەردەکردن و فێرکردن جۆراوجۆر بکرێت و، لە ئەزموونی پەروەردەکارانی جیهان و زانا و پسپۆڕانی دنیا سوود وەربگیردرێت.
- بەرنامەیەک بۆ ڕێکخستنی خێزان لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی ژیان و گوزەران دابنرێت. لە پشت هەر یەکێک لە تاکەکانی خێزانەوە پێویستە یاسایەک هەبێ بیپارێزێ، کچان و کوڕان ، دایک و باوک لە خێزاندا پێویستە وەک یەک بەهرەمەند بن بە مافەکان و، وەک یەک سوود لە توانا و بەهرەکانیان وەربگیرێت و ئەرک بکێشن لە کۆمەڵگەدا. بۆ ئەوەی سیستەمێکی سیاسی دیموکرات بنیاد بنێی، پێویستە کۆمەڵگە و کلتوورێکی دیموکراتت هەبێ، بۆ ئەوەی ئەوەشت هەبێ، پێویستە دامەزراوی خێزان دیموکرات بێت و، تاکی ڕەوشتدیموکرات بێنێتە بەرهەم. ئەمانە زنجیرەیەکن، بە ونبوونی هەر هەڵقەیەکیان، پرۆسەکە کەمایەتی تێدەکەوێ و، بە ئاکامێک ناگات.
- خەروارێک میکانیزمی تریش هەن ، کە من لێرەدا مشتێکم لێیان باس کرد، هەموو ئەوانە پێکەوە دەتوانن تاکی دیموکرات، خێزانی دیموکرات، دامەزراوی دیموکراتی و سیستەمێکی سیاسی دیموکراتی پێکبهێنن.

### ئەنجام:

- دیموکراتیزەکردن پرۆسەیەک نییە لە سەرەوە بۆ خوارەوە ئەنجام بدرێت. واتە ناکرێ سەرەتا دەوڵەت و سیستەمی سیاسی و حکومەت دیموکراتیزە بکرێن و ئینجا ئەوانی تر. بەڵکەپێویستە هاوکات دوو میتۆد کارابکرێنەوە بۆ دیموکراتیزەکردنێکی ڕاستەقینە و سەرتاسەری کلتووریی. میتوودی کۆن، واتە دیموکراتیزەکردن لە سەرەوە بۆ خوارەوە، ناتوانێ ئەرزشێکی ئەوتۆی

هەبێ و زیاتر دیموکراسییەکی شەکلی و چاوخەڵەتێن بەرهەم دەهێنێ. ئەو دوو میتوودە زانستییەی پێویستن لەم قۆناغەدا، ئەمانەن:

میتودی یەکەم: میتوودی لە خوارەوە بۆ سەرەوە، واتە لە باوەشی دایکە و لەگەڵ شیری دایکدا پرۆسەکە دەستپێبکات و، لە باخچەی ساوایان و قوتابخانەکان و زانکۆکاندا بەردەوام بێت وهەموو قۆناغەکانی تەمەنی تاک بگرێتەوە.

میتوودی دووەم: میتوودی هاوتەریب، واتە هاوتەریک کار بۆ دیموکراتیزەکردنی هەموو دامودەزگاکانی دەوڵەت، دامودەزگا کۆمەڵایەتی، ئابووری و کلتوورییەکان بدرێت. بە گەڕخستنی ئەو دوو میتوودە پێکەوە، دەتوانێ لە ماوەی بیست، تا بیست و پێنج ساڵێکدا ئەنجامێکی ئایدیال بداتێ بە دەستەوە،

- هەر یەک لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگە، بۆ ئەوەی بتوانرێ ناوی کۆمەڵگەی سیڤیلی لێ بنرێت، پێویستە سەربەخۆیی تەواوی خۆی هەبێ و، پەیوەست نەبێت بە ئەم یان ئەو حیزبی سیاسیەوە. لە هەموو دامەزراوەکانیش گرنگتر دامەزراوی پەروەردەییە. سیستەمی پەروەردە پێویستە ئۆتۆنۆمییەکی تەواوی هەبێ و لە دەسەڵاتی سیاسی جیابکرێتەوە.
- ڕۆڵ و بایەخی ژن پێوەرێکی کاریگەر و ڕاستەقینەیە، کە دەکرێت ڕادەی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی پێ بپێورێت.

**دوا وتە:**

هێشتا هیچ بناغەیەکمان نییە بۆ کلتووری دیموکراسی، دەبێ لە سفرەوە دەست پێبکەین. ئەوەی تا ئەمڕۆ ناوی لێ نراوە ئەزموونی دیموکراسی تەنها خۆخەڵەتاندن بووە. ئەگەر نیاز وابێ ئەم کلتوورە بهێنرێتە ئاراوە و لە ئەمڕۆوە دەستپێبکرێت، دەبێ خاوەن تفەنگەکان بکشێنەوە و خاوەن قەڵەم و زانستەکان بێنە مەیدان. کلتووری دیموکراسی پێویستە کەسانی لێهاتوو و پسپۆر بەرنامەدارێژی بن. کەسانی پسپۆری خاڵی لە هەر خڵتەیەکی کلتووری باوکسالاری و خێڵەکێتی و حزبایەتی بەرتەنگ و پاشکەوتووخوازی. ژنان لە بنیاتنانی ئەم کلتوورەدا بەشدار بن و بەشدار بکرێن. خۆیان تەیار بکەن و تەیار بکرێن. دیموکراسی بێ ژن مەحاڵە بێتە دی.

...

تێبینی: ئەم بابەتە لە کۆنفرانسی ئەمستردام، کە ڕۆژانی 20-21 ی حوزەیرانی 2003 ، لە لایەن کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستانەوە سازدرابوو و بەڕێوەچوو، پێشکەشم کرد.


## کۆمەڵەی ئەلف و بێی کوردی لە سوێد

**ئەم کۆمەڵەیە لە پرۆژەیەکیدا بەناوی (پرۆژەی ئامادە کردنی کتێبی خوێندنەوە بۆ فێربوونی زمانی کوردی) ئەم کتێبانەی خوارەوەی بە چاپ گەیاندوە.**

1. **گەرمیان**
2. **باوەگوڕگوڕ**
3. **دیلان**
4. **ڕۆژباش**
5. **هەزار و یەك پرسیار**

**کتێبی یەکەم و دووەم و سێیەم لە نووسین و ئامادەکردنی فەهمی کاکەیی و مەهاباد قەرەداغی و ئەمجەد شاکەلی، پێداچوونەوەی زمانەوانی لەلایەن فەرهادشاکەلی ئەنجام دراوە.**

**کتێبی ڕۆژباش بریتیە لە دوو بەشی یەکەم و دووەم لە ڕاهێنان بۆ فێربوونی ئەلف و بێی کوردی. کتێبی هەزار و یەك پرسیار بریتیە لە وەرزشێکی پرسیارئامێز بۆ گەشە دان بە مێشکی منداڵان. ئەم دووکتێبە لە نووسین و ئامادە کردنی مامۆستا فەهمی کاکەییە.**



# نیگاكانی ئاو.. نیگاكانی ئازادین

## دیمانەیەك لەگەڵ ئەنوەری ڕەشیعەولای شاعیر
## سازدانی: ئاوات حەسەن ئەمین

لەبەر ئەوەی ئەم دیمانەیە قەت كۆن و بێكەڵك نابێت بۆیە بڕیارمان دا لەم گۆڤارەدا دیسان بەچەن بەش چاپی كەین.

**پ _ لەمیانەی خوێندنەوە و گوێگرتنم لە شیعرەكانت، ئەوەم لا دروست بوو كە شیعر لای‌تۆ ((واتە)) بەكرانەوەیە بۆ پرسیاركردن، گومان خستنە ناو یەقینەكان.. لەكاتێكدا ئەوكارە ئەنجام دەدەیت فەلسەفە ئامادەیی هەیەلات..چۆن مومارەسەی ئەمحاڵەتانە دەكەیت لەشیعردا؟**

و _ كەماهیەتی مرۆڤ .. تایبەت و ئەوكارانەبێت كە ئەنجامی دەدات و ئەوانەش بۆخۆیان فرە فۆرم بن و چیەتی وەربگرن ...لە ئیختیارو ئیرادەوچەپاندن و(قلق) كۆمەڵێ چمككگەلی تری فەلسەفی و دەروونی و میتۆلۆژیشدا ئەمانە بۆخۆیان (تیف)ێكی فرەڕەنگن دەبنە زەمینەی ڕۆحی بۆزانینێ شیعرییەكە. جا وشەكانی ئەو فەزاشیعریەش بارگاوی دەبن بەو زەمینەیەی لێوەی هاتوون و دێن.

ئالێرەوە گەر شامەبەستی شیعر بۆناساندن و نزیكبوونەوە یەكی‌زیانر بێت لە پانتاییە فەرامۆشكراوو نەبینراوو خەفەبو و نەناسراوەكانی ژیان و مرۆڤ ، ئەوا (خودنومایشی) شیعریەكە لە نەبوونەوە كەڵەكە فەلسەفیەكانیش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتە (بوون) جا شێوەی دژایەتیو هەڵوەشانەوەی بێت یاخود بەهاویەكیو هەمەڕەنگی بوون... یاخود تەیكردنی ڕێگایەكی‌تر لەنێوان دژایەتیە هاویەكیەكاندا (بێئەوەی مەبەستیبێت ئەم جەنگە لەسەر حیسابی دەقەشیعرییەكە تەواوبكات) بەڵكوو بۆخاتری شەڵەقاندنی ئەوگومانەیە كە نەشەڵەقێنراون و، خەونو خولیاو خەمەكانی مرۆڤیان ئیفلیجكردووە و وەك كەرەستەیخاو تێی‌دەڕوانن.

فەلسەفەش بەمانا خەستەلۆكەكەی (كاركردنێت لەنەزانیدا– ڕاسل) ئەوا لەگەشتە ڕۆحییەكانمانداو بەبەشداربوونی لەبەردەم ئەو ئەگەرانەیّ بیانناسین و تاقی بكەینەوە و بیسەلمێنین، چەندباشە فەلسەفەش قسەی خۆی بكات و داكۆكیكەربێت لەوفەزایەی كەتیایدا وجوودێكی‌تری پێ‌دەبەخشێت. ئالەو پنتەدایە شیعرو فەلسەفە دەبنە یەكگیان و وەكو ئاوەڵدوانەیەك قسەی دڵی یەكتر دەكەن.

ئیتر كەشیعر شارستانیەتێك بێت ئەوا گشت ڕەگەزەكانی‌تر دەتوانن جێگەوڕێگەی خۆیان هەبێت و بەزیندوویەتی و بەردەوامی ئەو شارستانیەتەوە خۆشیان بپارێزن.

ئەمەش ساتەوەختی مەیسەر دەبێت كەدەست بەرداری ڕەهایی خۆیان بووبێتن و سروشتێكی سەرابی شیعریانەیان وەرگرتبێت واتە شیعر كاریزمای خۆی لەدەس نەدابێت. گەر یەقینی فەلسەفە... فەلسەفەی یەقین تەنها ڕووی دەمی هەر لەدەرەوەی خۆی بێت (بێئەوەی پایەلەرزۆكەكانی خۆی ببینێت و بانگەشەی پێرفیكتی و كامیلی خۆی بكات) ئالەوێدایە ببینین و بۆچوونەكانی‌تر دامەزراوە بە مادیبوو مەعنەویەكانی دەخرێنە ژێر پرسیارەوە و گومان لەبالایی و بێگەردییەكەی دەكرێت.

جا كە نووسینی شیعریش جۆرێكبێ لەخودنووسینەوە، هەر ئەوخودە خۆی لەبەردەم تۆڕی وەلامەكۆنەكان، دڵنیایی وخەون ستایەلە كۆنەكاندا ببینێتەوە، كەهەراسانكەر و ڕێگرن لەبەردەم سەفەرەكانیدا. شاعیر لەڕێگەی پێكهاتەی جۆربەجۆرەوە (كەبارگاوین و دەرەنجامێكیشن لە پرسیارلەسەر پرسیارو گومان لەسەرگومان) هەستی شاعیرانەو زەمینەڕۆحیەكەی دەرسكێو، سێوەكەی نیوتن ئاسا بەربوونەوە لەدەست خۆیدا نامێنێ... بۆسەرزەوی وجوودێكیتر .. كەبەگشت ڕەهەندەكانیەوە لەو واقیعە ئێكس پایەربوە ناچێت كە تیایدا دەژیو فاكتەری نامۆبوونیشیەتی ئالەو ڕوبەڕووبونە نابەرابەرەدا شاعیر چ سەرمایەیەكی هەیە جگە لەمومارزەو سەماكانی وشە؟!

ووشە ڕەنجەكانێتی ووشە فیكرو.. خەیاڵ و .. جیهانبینی و ئەرێو نەرێكانێتی بۆشوێنێكی تر و زەمانێكی‌تر واتە چۆن بەرەو میتافیزیكیا و سوپەرناتۆراڵیەتێكی ئیستاتیكانە، لەدوی سۆراخكردن

و ئافەریدەکردنی کیشوەرێکی نەناسراو بیرلێنەکراوەو دەرك نەکراو کە دەبنە مۆتیڤێك بۆئەو چینە نەبینراوانەی ناوەوەی شاعیر کە ئامادەییان هەیە بۆ تەقاندنەوە بەتەلیسمی ووشەیەك، دیمەنێك، خورپەیەك، دەریچەیەك دەکەوێتەسەر گازەرای‌پشت کە جڵەوگیری شاعیر دەکات، بۆتەعبیر لەو هەیەجانە رۆحیە تەعبیر لێنەکراوەی.. کە کەرنەفاڵێکی ئیستاتیکی وا لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ کە زەمینەی دیالۆگە شیعریەکە ساناترو بەپێزتر دەکات کەسیخناخە بەکۆمەڵێ پێکهاتەی ئەقڵانی و عاتیفی‌و حیسی‌وا کە ڕێنماییکەر و چاوساغە بۆ هاوئاهەنگی و هارمۆنیکیەتی (جەنگەکانی) زمانی هەست و زمانی ئاخاوتن و زمانی نووسین و زمانی داڕشتن و زمانی شیعر. بەشێوەیەك زمانی هەموو ئەوزمانا وارێك دەکەون بەناچۆراڵییەتێکی سیحراوی وەها دێنەگۆ کەزمانە ناوکۆییەکە هەرخۆیان عەرشن پاسەوانن وقفڵن و کلیلیشن! بەڵێ.. هەر لەپلەی سفری ئەو نووسینەدایە بەرەبەرە ووشەو رستەو ئاماژەو هێما و ڕەمزو ئەیکۆن و دەستەواژەکان بە شێوەیەکی دینامیکانە لەناو یەکدیدا دەتەپێنن و ئاوس دەبن و دەزێن و مانادەروونی دەلالی‌یەکان مەبەستگەرایی یاخود فەلسەفەی شاعیر لەشێوازە شیعریەکەدا بەرجەستە دەکەن بێ‌ئەوەی لە "ڕووبەرە بێ‌ڕووبەرەکەی تێکستە شیعریەکەدا... شاعیر پێش وەخت بریاری دابێت... چێژو نامەو جیهانبینی‌و ریتم، کەوەکوو (یەکەیەکی ئۆرگانیکی لەشەزیندوەکەی تێکست پیك دەهێنن) چۆنبێت چۆن نەبێت "بەڵکوو ئەوە نارسیسیەتە شیعریەکەیە لە لابراتۆرە دڵ ڕەقە! میهرەبانەکەیدا خەسڵەتی هەموو واتاو ڕەگەزو کەرەستەکان بەشێوەیەك دەگۆڕێت کەرەنگ و بۆو سەمای ئەو وەر بگرن بەهەست و پێستەوە لەخزمەتی ستراتیژیەتە ئیستاتیکیەتەکەیدابن و گشت کایەو ڕەگەزەکان هەیبەتە فەنتازییاکەی شیعر پیشانبدەنەوە و قسەکانیان لە ناو کەش وهەوای قسەکانی ئەودا شوناسیتر وەربگرن، بەومانایەی عەقڵ خزمەتکاری دڵ و... وە عەقڵیان بۆدڵ ئافەریدەکردبێ _ئیمام غەزالی) ئیتر ... تائەو هێڵە بەیانیە (تەعریف نەکراوە) نەیەتە وجوود ئەو پنتانە ناناسینەوە و نازانین کەوتوونەتە کوێی ئەو ڕووبەرانەی کە بێ‌ڕووبەرن وئالەوێدایە شاعیریش تەعریفێکی‌تر وەردەگرێت و لەئاستێکی تردا دەگاتەوە بەخۆی...نەك دەقی خستبێتەناو تەعریفێکی پێش وەختەوە. کەپرۆسەی هاتنەدنیای شیعر بارگاوی‌بێت بە(نادڵنیایی) لەبەرابەر (دڵنیای‌یە یەقینەکاندا) (مرۆڤ ناچاردەکات هێزەکانی خۆی ئاشکرابکات– فرۆم) بۆتەقاندنەوەی ماناو دەلالەتە جێگیریەکان و بەخشێنی مانەوە و دەلالەتی‌ترو، شێواندنی بونیادی تاك ڕەڕەهەندو تاکشێوە و تاك پەیامی و بۆفرەڕەهەندی و فرەشێوەیی‌و فرەپەیامی‌و فرەمانایی‌و فرەئاماژەو دەلالەتەکان؟ ئەم ئاوەدانکردنەوەیەش کە لەوێرانەکانماندا دەسپێدەکات لەڕماندن و دیسان تێرامان و سەرلەنوێ بیناکردنەوەی خودی شاعیرەکەش دەگرێتەوە...ئەم (خەیاڵەباڵایەش) باڵای خۆی (لەدایکبوون_مەرگ)ی‌بەردەوامدا فەراهەم دەکات واتە گومان لەسەر خۆی‌و پرسیار لەسەرخۆی... روئیای‌تر لەسەرخۆی بەپێش مەرج و پاش مەرج دابنێت. چونکە کە وێنەی دواخەیاڵ نەبێت کەواتە دواگومان و دواپرسیار و دواڕوئیاش وجوودیان نیە، هەرئەمەشە ئەگەری کرانەوەکانی مەحاڵە. جا کەفەلسەفەش بەبارێکیتردا (بیرکردنەوەبێت لەسەر بیرکردنەوە_ڕێبوارسیوەیلی) ئەوا شیعرو فەلسەفە ئامادەباش دەبن بۆئەگەری تێکستی‌تر و وینەی‌تر و سەفەری ترو کەڵکەڵە و هەڵکوڵینی‌تر...!

**پ _ بێدەنگیت لەم ساڵانی دواییدا...بێدەنگی بەو واتایەی (خۆت واتەنی: گەڕانەوە بۆژوورەکەی خۆم و خەڵوەتگای تەنیایی بەمەبەستی کارپیاوونەوە) پیاچوونەوەی دوێنێی ڕوانینەجیهان بە چاویلکەی ئایدۆلۆژیا و ئەمڕۆی قوتاربوون لەوکارە. چی‌دەڵێیت لەبارەی ئەمەوە؟**

و _ وای تێدەگەم... مرۆڤ گەڕیدەیەکی مۆلەق و نامۆبێت لەنیوان نەوجدانەکانی باوەڕ، بێباوەڕی‌و گوماندا؟ هەر ئەم حاڵەتە ناکۆك و ناهاوسەنگانەشە کەناچاری دەکەن لەسەر هەنگاو و بریارو بیرکردنەوەکانی بوەستێ و تاوتوێیان پێبکات و بیانخاتەژێر پرسیارەوە، چونکە کێشەی وجوودی مرۆڤ ئەوەیە بەدوای ڕێگایەکدا بگەڕێ جا کەلەدەرەوە ڕانەبینێتەوە ئەوا لەناوخۆیدا بۆی دەگەڕی‌و لەناخیدا کەشفیدەکات ئافەریدەی‌دەکات کەشیاوە لەهیچ یەکێ لە ڕێگاکانی‌تر نەچێت؟ جاکە ئایدۆلۆژیا یەکەم ڕێگاو دوا ڕێگابێت و لەتۆبۆگرافیاکەی خۆیدا بەبەڵگەنەویستەکانی مەوداو ئاڕاستەو جولەو مەبەستداریەکان سەراپاگیرانە کۆنترۆڵ بکات ئەوا لەونێوەدا پەنجەرەیەك نامێنێ بۆڕوانین و هەناسەدان تەنها ئەوپەنجەرە موزەوەرانەبێت کەئایدۆلۆژیا خستونیەتە سەرپشت بۆنیشاندانی کۆتایی ئەگەرەکان و پێویستی مانەوەی ئاسۆتاقانەکەی خۆی و ناشیرینی دوژمنەکانی، کەواتە چوونەوە ناو ژوورەکەی ڕۆحم... بۆهێنانەگۆی ئەوبێدەنگیە تەمەندرێژەیە کەغەوغای ئایدۆلۆژیا نەیهێشتبوو دەنگی بگات بەهیچ جێگایەك و نەیهێشتبوو بەزمانی‌خۆیشی لەماهیەت و تایبەتیە جیاوازەکانی بدوێ، چونکە ماڵی‌خودو تاکوتەنیاکان ئەوماڵانەن بەهایەکیان نیە بۆتێرامان لەفەرهەنگی ئایدۆچۆژیادا (فەرد بۆئەو هەمیشە هەر فەردەو، شتی‌یەکەم و کۆتا یەکشتن و، جۆر، بۆئەو مەفهوومێکی‌نیە_نێتشە) ئایدۆلۆژیا کەبەدووی هێزەوەبێت

(هێزیش لەڕێکخراو بووندابێت) ئەوا دەبێ جەڵەبیانە هەموو شتەکان بنرخێنێ.

بەڵی ویستم لەژوورکەمدا بچمەوە بەو وشەگەلەی کە لە لایەن ئایدۆلۆژیستەکانەوە بۆ ئینسانی تاك و تەنیای داتاشیبوون و بە: گێرەشێوێن.. کارنەکەر... خودپەرست سەرلێشێواو.. بێبەرنامە.. هەلپەرست_ زماندرێژ _ تاد ناوی دەبردن.

نازانم ئەو واقیعیەتەی ئایدۆلۆژیا هەمیشە دەیکاتە پێوانە بۆڕاستێتی خۆی بێ‌مرۆڤ چ واقیعیەتێکە؟!

لەکاتێکدامرۆڤ خۆی واقیعو ئەودیو واقیعو بگرو واقیعی واقیعیەکانە!

مرۆڤ پارسەنگی هەمووشتێکە _ سۆفستاییەکان_)

ئایئدۆلۆژیا لەکاتێدا ترسناکیەکەی دەرئەکەوێ کە هەرچی شتە بۆخۆی لووش دەدات و مۆری حەقیقەتی خۆی‌لێدەدات.

تاکەکان لەتاکێتی ڕاستەقینەی‌خۆیان دادەماڵی بەناوی بەرژەوەندی گشتیەوە دەیانخەسێنیٚ و دەیانکاتە سەرباز.

ئەزموون و تێگەیشتن و لێکدانەوەی خودی‌خۆم ئاوام پێدەڵێت . ئایدۆلۆژیا زەویەکانی مینرێژکراون و بەنۆبە دەتەقنەوە، (ناتکوژێ بەمانا فیزیکیەکەی) بەڵکە هەرجارەی شتێکت لیزەوت دەکات: بیرکردنەوەت.. ئیختیارت_ سەربەخۆییت.. ماهییەتت دڵت_ڕۆحت. گشت ئەمانە تیرۆر دەکا و لەبری‌گشت ئەمانە کەرەستەی تایبەتی خۆی تێدەکات.

گەرچی ئایدۆلۆژیا لەبەر ماقوولیەت و ڕەواتێدان بەخۆی‌گشتی کاتێ بەناوی‌مرۆڤەوە قسەدەکات بەڵام ئەوەی‌هەمیشە لەومەملەکەتە داخراوەدا بۆئەبەد مرێنراوە و بێدەنگکراوە خودی‌مرۆڤ خۆیەتی.

خود هیچ متمانەیەکی بەخۆی‌نامێنێ‌و گشتی دەبەخشێتە ئایدۆلۆژیاکەی چونکەئازادنیە، خودێکی‌ئازادە کەدەتوانێ متمانەیبەخۆدی‌خۆی‌هەبێت.وێ‌دەچێکەسێ‌بپرسێ‌کەوابێ‌ئایدۆلۆژ یاش بووە(سێوەحەرامکراوەکە) دەڵێم: نا! بەڵام کردەوەی ئەوسێوە چەندێ پێویستبێ‌ت بەقەد بارتەقای ئەو پێویستیە گومانی گەرەکە.

لەبەر ئەوەی ئایدۆلۆژیا دەزانی گومان مەحفیشی‌نەکاتەوە ئەوا پشووی لێدەبڕێ و هەراسانی دەکات! ناچارە گومان کوژبێت و بەدوژمنی خۆی‌بزانێت.لەهەرجێیەك ئایدۆلۆژیاهەبێت.. دەبێ گومانیش لەسەر سەریەوەبێت! ئەگەرنا بەسادەدڵی کردنەوەی ئەوسێوە خواردنی ترسناکیش نەبێت ناتەندروستە.

موەفەقییەتی‌گومان _ خامۆشکردنی بزێوییەکانی ئایدۆلۆژیایە و مەوفەقییەتی ئایدۆلۆژیاش.. خامۆشکردنی‌کومانە! چونکە ئایدۆلۆژیا یەکێکە لەزاڕۆڵەخۆشەویستەکانی موتڵەقییەت. بەڵێ دەزگاکانی ئایدۆلۆژیا (لەیەك کاتدا پاڵنانە بەئینسانەوە تادوا ئاست وپلەکانی تاکیەتی‌و لەهەمانکاتیشدا کۆکردنەوەیان لەناو بونیادێکی تۆتالیتاریدا و کونترۆڵکردنیان لەبەرزترین پلەدا_ بەپێی دیدگایی فۆکۆ و تەئکیدکردنەوەی جابری لەڕۆژهەلاتدا=) جا کە ئایدۆلۆژیا خۆی ببێتە چەق و چەرخی‌شتەکانی‌تر و قووتیان بدات و لەمەدارەکانی ئەودا باوەخولێیانبێت و دواتەعریفیشیان بداتێ. بۆیەدەبێ ناچاربکرێ هەرهەنگاوێکی پەرواوبیٚ پەروا کەدەنێت دەبی بەپەرۆشی و (ئەندێشەی‌ئازادی) گومان بکێشرێت. چونکە کە ئایدۆلۆژیا بیەوێن بۆداگیرکردن و ئامرازکردن ئەواقسەکەرەکانیش لەناو ئەومەنگەنەیەدا لەدواڕاڤەکردندا لە قەرەقۆزێك زیاترنین. (ڕابەر شوانەو ڕەشەخەڵك دەبنەمێگەل و ئەوانەش هاوسەنگی نیچوان شوان و مێگەل دەپارێزن سەگەکانن – نیٚتشە)

ئایدۆلۆژیا لەیەکخاڵدا بۆیە (جەلادە) چونکە یەکەم قوربانی بانگەشە کەرەکانی‌خۆیەتی، هەر لەزمانی ئەوقوربانییانەشەوە سەلا لەدیداری بێگوناهی‌خۆی هەڵدەدات و بەمە یەکەمجار درۆزن دەبن لەگەڵ خودی خۆیاندا و قوربانییەکەی خۆیان دەڕازێننەوە و بانگهێشتی ئێمەش دەکەن بۆ (ئازادی) لەدەست جەلادەکانی‌تر. وەك ئەوەی ئایدۆژیاکەی خۆی فریادڕەس بێت و جەلادنەبێت بەسەرخۆیەوە. ئەمەش جێ‌ی سەرسوڕمان نیە چونکە ئایدۆلۆژیا تریاکێکی نوێیە بۆخەڵك _ کارل پۆپەڕ _ )

ئەو پرسیارە لێرەدا دێتەپێشێ، پێدەچێ ئەوەبێت.. کەئایا کەسێك خۆی بەوگرفتانەی ئایدۆلۆژیا مەلاژووی هەڵدرابێتەوە و بەئالیاتەکانی هەمانگرفتیش تەعریفی گشت دیاردەیەکی کردبێ‌و گرفت تاسەر ئێسقانی ڕۆچووبێت و ماهییەتی ئینسانیانەی لەناو حەسارەکانی ئایدۆلۆژیادا نابوت بوبێتن و، جەوهەرەکەی بەهەزارو یەك ڕایەڵی نەبینراو گەمارۆ درابێت.. چۆن بەو فرەفاقیەوە دەتوانێت دەم لەگرفتەکانی ترەوە بدات و ڕێگاچارە بۆخۆدۆزینەوە یاخود ڕزگار بوونیان پێشنیار بکات؟

بەڵێ من یەکێك بووم لەوعەوامفریبانەی کەقوربانی‌بووم و ئامراز بوم و کۆیلەبوم، کەنوقلانەی ئازادیم بۆخەڵکانیتر لیٚدەداو کەچی خۆم کۆیلەی مەرجەعێك بوم. لەدنیایەکی سەیردا دەژیام و شانازیم بەوەوە دەکرد کەگوایە من لەکەڵڕەوتی مێژووی مرۆڤایەتیدا دەڕۆم و من یەکێکم لەوڕوتەی کەدەگات بەئازادی‌و یەکسانیەکان. بەڵێ منیش یەکێك بووم لەوبۆقانەی بەدەوری زەلکاوی ئایدۆلۆژیادا قیرەقیرم دەهات"

کە ئیرادەی ئازادی تاکەکان لەناو قەدەری ئایدۆلۆژیادا ئەنفال بکرێن و .. ئایدۆلۆژیا مرۆڤی بۆگەمەکانی دەستەلاتی=ی‌خۆی بوی‌و گشت دیاردەکانی بەشت (شیئی) بزانێ بۆڕاگرتنی

زیندوییتیخۆی. ئایا ئەمە لەیەککاتدا کۆمێدیا و تراژدیاش نیە وابزانی ئازادیت؟!!

من لەت بوم چونکە دەستێکم بەدەستی دڵنیاییەکانی ئایدۆلۆژیا و دەستەکەی تریشم بەنادڵنیاییەکانی ئەدەبەوە بوو.

وێدەچێ هەرئەمەش یەکەمین پریشکی لێکدانەوە و بیرکردنەوەی جیاوازی من بوبێت. گەرەکم بوو لەتابوتی ئایدۆلۆژیا بێمە دەرەوە و بڵێم: من نەمردوم ئەوەتا خەونم... گۆوانیم سەمام _ گەڕانم!

بەڵێ شکاندنی دەرگای حەساری ئایدۆلۆژیا و سەرفەرازبونی تاکەکانی بەرەو چەندرییانێك دەبات. ئیتر لە هەڵبژاردنی وازیەکانیاندایە دەبینین لەتەنهاییدا ونتربوین.. یاخود جۆرێك لەخود دۆزینەوە و خود بونیادنان لەدنیای ئازادی ئیرادە و بیرکردنەوەی جیاواز شکۆفەیکردووە.

گشت ئەم بۆچونانەی سەرەوە بەو مانایە نین خودقەڵایەك بەدەوری خۆیدا هەڵچنیونەیەتە دەرەوە، بەڵکو ئەوەیە خودچۆن بتوانێ لەگشت قەڵاکاندا توشی خودفەرامۆشی نەبێت و لەهیچیان دڵنیانەبێت.

پێموایە نادڵنیاییەکان فاکتەرێکی باشن بوئەوەی مرۆڤ بخەنە سەر کەڵکەڵکەی ئەوەیبەرەبەرە دابڕێت لەقەرەباڵغیەکان! ئەوقەرەباڵغیانەی ئەو هیچ دەستێکی تیایاندا نیەو، دەرگاکانی خوددواندن و ئەویتر دواندنی لەسەرپێوەدەدەن یاخود ڕاستتر لێی ون دەکەن.

گەرچی مرۆڤ لەسەرەتادا دێتەبون (تەنهایە) ناڵێم (تەنیایە) چونکە ئەو هاتنەدنیایە جەبریەتییەکە و دورلە ئیرادەو ئیختیاری مرۆڤە کەبەسەریدا سەپێنراوە. کەچی (تەنیایی) تەواو چەمکێکیجیاوازە، کەمرۆڤ بە ئاگاییەوە دور لەجەبرییەتی هێزەکانی دەرەوە هەڵیدەبژێرێت و دەبێتەمایەی خۆدۆزینەوەی نەك ونکردنی! تەنیایە.. لەوەدا کەخۆی چەمکەکان بەرهەم دەهێنێت و مانای تازە بەشتەکان دەبەخشێ و شوناسێکی تازەتر بەخۆی دەدات بەدەر لەو شوناسانەی ئەقڵییەتی باو لەسەری ڕێکەوتون و بڕیاریان لەسەرداوە.

گەر لەو میانەدا سەیربکەین (تەنیایی بەهاتە). (تەنهاییی نەهاتە) بۆنمونە دیکتاتۆرەکان (تەنهان) چەندێك لەدەرەوەدا چواردەوری خۆیان دەتەنن و لایەنگری خەڵکی بەزۆر یا بەدیماگۆگیانە دەستەبەر دەکەن، کەچی دەبینین هەر تەنهان.

کەچی ئەهلی فیکرو نوسین ڕێك پێچەوانەی ئەوانەن و چواردەوری خۆیان چۆڵ دەکەن و بەم کارەیان دەیانپەرژێ لەنێوان خۆیان و دەوروبەریاندا وردترو قوڵترو لێپرسراوانەترو عاشقانەتر ڕابمێنن و لەومەسافەیەدا کە لەنێوان خۆیان و ئەوشتەی پەیوەندی لەگەڵدا پەیدا دەکەن و دنیایەکی فرە دەوڵەمەند لەخەیاڵ و وێنا و تەئەمولاتی بخولقێنێ و بڵێت: ئائەمەیە ئاسمانی ڕاستەقینە بۆ فڕینی من! کە وابێ قەرەباڵغی (تەنیایی ئیختیاریەو دورە لە جەبرەوە و جێگەو ڕێگەی ڕۆحی خۆی پێدەزانێ و هەمو دیالۆگێکیش دێتەگۆڕی ڕەفیقانەن.

کەچی (تەنهایی) توانەوەیە لەقەرەباڵغیەکی ناچاریو فەرزکراوداو دیالۆگەکان نەزۆك و مێگەلین کارتۆنین یاهەرنین! بەمەزەنەیمن هەر نوسەرێك زمانێکیتایبەت و تەنیاو تاقانەی بۆخۆی ئافەریدە بکاو بدۆزێتەوە ئەوا ئازادییەکی تایبەت و تەنیاو تاقانەشی بۆخۆی دۆزیوەتەوە.

هەموکاتێکیش لەنێوان کێبەرکێی تەنهایی و تەنیاییدایە چونکە (تەنها) بیرنەکەرەوەیە.. چەپێتراوە_ دەستەمۆیە_ بێدەنگە نەزۆکە.. بێزارە لەهەموشت.

کەچی (تەنیا) ڕێکپێچەوانەی خەسڵەتی ئەوەیە. چەشنی (جۆناسانینەوڕەسی) ریچاردباخ کە ڕێبوارسیوەیلی لەبارەیوە وتویەتی: (شۆڕش و یاخیبونی خۆناتان شۆڕشیکەو لەپێناوی هێشتنەوەی جیاوازیدا و

ڕۆچونێکە بەناخی "خود"دا بۆبەرگریکردن لەسەربەخۆییخۆی) (ڕێگەبدەین تەنیایی ستران بچڕێ شت بنوسێ بەسەر شەقامەکاندا پیاسەبکات_ سپهری) "زیندەگی نەشئەی تەنیاییە" " عاشق هەمیشە تەنیایە" پێموایە تەنیایە_لەڕوئیا_دا، لەخۆخوێندنەوەدا.. لەفەنتازیا باسەفاکانیدا، کەوابێ بەومانایە نیە پەیوەندیەکان بکوژرێن و لە ئاستیاندا غەمساردبین،. بەڵکە هەڵیاندەبژێرێت و بەقووڵی و پتەوی دەکەوێتە پەیوەندیەوە لەگەڵیاندا. گشت ئەمانە لەئەشکەوتی ئایدۆلۆژیادا بڤەن و جێگەیەکیاننیە لە (ئیعراب) دا.

بەکورتی منیش ئەوتەنیاییەم دەوێت کە (عەقڵ و دڵی تیادا ئازاد دەبێت _ نێتشە) ئیتر لەبەرابەر تاك ڕەهەندی ئایدۆلۆژیادا.. فرە ڕەهەندیو تاکرێگایی دا فرەڕیگاییو لەجێی تاکناوەندیدا فرەناوەندیو جائەگەر (لەپێشت هەموو ڕەتکردنەوە و هێرشێك بۆسەر ئایۆلۆژی ناپلیۆنێك وەستابێت _ پۆل ریکور _ ) ئەوا (لەپێشت هەموو ڕەتکردنەوە وهێرشێك بۆسەر تاکوتەنیاکان ئایدۆلۆژیەتێك وەستاوە!) چونکە پیموابە: ئایدۆلۆژیا جەنگی گشت ( تەنهاکانە _ دژ _ بە تەنیاکان _ !!

**پ _ توخمی ئاو.. شەفافی بوون و ئازادبوونی ڕوانینە، گەڕانەوەیە بۆ سەرەتاکانی سەرەتا.. ئەو تێڕوانینە چیە کەوای کردووە ئاو _ ئامادەیی هەبێت بەو زۆرییە لەشیعروکانتا؟**

وەڵامی ئەم پرسیارەو پرسیارەکانیتر لەژمارەکانی 7 و 8 ی ئەم گۆڤارەدا لە وەرزەکانی پایزو زستانی ئەمساڵدا بڵاو دەکەینەوە.

# چمکێکی چکۆلە لە ڕۆمانی سارا

بەشی شەشەم

**لەوڕۆژەوە هاوین جێی بۆپایز چۆڵکردوە، خەڵکی لێرەوار بێڕەحمانە کەوتوونەتە وێزەی پەلوپۆی دارستانە سورشتیەکان. سارا و ڕەزیە بەنۆرە چاودێری لە ڕێگای شلێر بۆ پێنجوێن دەکەن.**

سارا پێناسەی سیمای سەرتاپای ئەحمەدی وەك "وانە" بۆ ڕەزیەی دەستەخوشك و دڵسۆزی وەها سەتپات ە هەزارپات کردۆتەوە، هەر لە قەد و باڵا و چاوو برۆوە بگرە تا دەم و لێوی هەمیشە بە پێکەنین و بزەی شیرینی سەرلێوی، نوشتەی چوارگۆشەی لەبەرگی سەوزگیراو بە پۆپەی کڵاوەکەیەوە. دڵنیایە کە ڕەزیە لەناو هەزاران ڕێبواران و کاروانیاندا دەیناسێ و ئاواتی سارا دێنێتەدی.

بەڵام سەد داخ، هەزار حەسرەت، لەبەختی ڕەشی سارا، ئەحمەد و هاوسەفەرەکانی لەنیوەشەو بەولاوە بەناو گوندی نزارەدا ڕابوردن، کەگەیشتنە دووڕیانی دەشتی نزارە و ڕێگەی سەربڕی کەلی کشەدەرە، مام ڕەشی دەلێ:

لەبەر ئەم ژنو منداڵە تا دەشتی ڕاوگان لەگەڵتان دێم، بەڵام ئەحمەد گیان تکایە بەهار کاتێ گەڕایتەوە بۆلای دایکەپیرەکەت ئێمەت لەبیر نەچێ لانیکەم شەوێك میوانمانبە. ئەحمەد دەڵێ:

– خاڵۆ ڕەشیگیان دڵنیابە من قەت میوانداری خاڵۆنادر و خاڵۆ حسێن، چ لە مووچە و مەزرا و چ لەماڵەوە فەرامۆش ناکەم.)

تازە لارکە سێبەری ڕۆژگاری پایزی بەرزاییەکانی کێوی(تاریدەر) بۆز بووە، لەپەنای ماڵەکانی گوندی ڕاوگان، پاش دەستو مۆچ و لاچاو ماچکردن لێك جیادەبنەوە، مامڕەشی بەرەو شارۆچکەی پێنجوێن، ئەحمەد و مام عەبدوڵا و ژنو منداڵەکەی بەبەرەو ژوورەی پڕ پێچوپلۆچی (ملەکەوە)دا. مام عەبدوڵا کە چەن ڕۆژە بە هۆی کەرو کورتانی مامڕەشیەوە پشتی حەساوەتەوە، وەك ڕێبوارانی هەمیشە ئاوارە برێك پاش نوێژی شێوان، دەبنە میوانی ناوەختی (مزگەوتو مجێوری) گوندی (کانیمانگا)، پاش میوانداری، مامەی مجێور دڵخۆشی مام عەبدوڵاو ژنەکەی دەداتەوە، دەڵێ:

– گاتان گوریوە و کلکی ماوە، بەرەوژوورەی ملەکەوەتان ناوەتە پشتی سەر، ئیتر تا دەگەنە مەبەست بەرەوژورتان نایەتەڕێ.

هێشتا هەتاو هەڵنەهاتووە، لە چۆمی سێبواران و گوندی ناڵپارێز تێپەڕیون، بەسەر گوندی (دۆڵەسوور) دا شۆڕبوونەتەوە. کەدەگەنە دواوانی (کەولۆس و چەوتان) ئەحمەد هەڵوێستەیەکی بۆ دەکات و دەڵێ:

– بە گوێرەی ناونیشان و نەخشەیەك، کە مام کەریم کەڵوڕ بۆی کیشاوم، هۆهۆ ئەوگوندە لەبنار و داوێنی ئەو چیا و دۆزەخ و دەربەندەدا، دەبی گوندی (وەڵەسمت) بێت. جائێستا پێویستە من پێش هەموو شتێك سەر لەو گوندەبدەم. مام عەبدوڵا دەڵێ:

– کاکەحمەدگیان, ئێمە قەت ناتوانین ئەو هەمووە زەحمەت و پیاوەتیەیە بۆ تۆ قەرەبوو کەینەوە. هیوادارین خوا بتپارێزی و بە ئاواتە کانت بگەیەنی. ئەحمەد دەڵێ زەحمەتی چی چیم بۆکردون؟

– چۆن زەحمەتیچی، لەدوێنێوە ئەو کوڕە چکۆلە زۆرتر بەکۆڵ و باوەشی تۆوە بوو تا دایکی، هێشتا جارجاریش کۆڵەکەی منت هەڵگرتووە. تۆ نەبوایی بە حەوتوێك نەدەگەیشتینە ئێرە. تۆخوا کاکەحمەد گیان تا لەم غەریبایەتیەدای زوو زوو سەرمان لێبدە.)

عەبدوڵاو ژنو منداڵەکەی بەپانایی (شارەزوور)دا بەرەو گوندی سەراوی سوبحاناغا، ئەحمەدیش بە پرسیار پرسیار و دڵەڕاوکێ بەرەو گوندی وەڵەسمت.

ئەحمەدی هەوڵ و هەڵەشەی دیتن و دیداری شوانوگاوانی گوندی وەڵەسمت، زۆر زوو شوان و مەڕ و گارانی گوند وەدی دەکات، کە دەبینێ خۆر لە پەلوپۆی ئاوابووندایە، پێرکە دەیگری لەپشتی ڕێگەکەدا پاڵ بەبەردێکەوە دەدات. دەکەوێتەناو گێژاوەی خەیاڵ لەدڵەوە خۆی بەخۆی دەڵێ:

تۆ بڵێی مام کەریم شوانی گارانەکەبێ یان ڕانەکە؟ ئەو دەیگوت تا حەمەی کوڕم گەورە نەبێت ناتوانم کاروباری کشتوکاڵی بکەم. ئەو دەیگوت: چوارسەر خێزان مەگەر بە نانی شوانی گوندێکی 50 ماڵە تێر بکرێن.

ئێستا ئیتر مەڕ و گاران بەرەو ماڵەوە دەبنەوە و لەئەحمەد نزیك دەبنەوە. پیاوێکی شرباری شرۆڵەی قڕنە، پرچی دەڵێی گیژەڵە گوێنی ناو (زاخرە) تاکێك لەکەوشەکانی بەدەستەوە و ئەو تاکەکەی دیکەی بە تیتۆڵە پەڕۆیەکی بادراو بەلاقێکیەوە بەستراو، لابەلا سواری جاش نێرەکەرێکی کوڵکنی برناخ هەڵتڵیشاو، شاقەلی مرادخانیە چڵکن و پینە لەسەر پینە لێدراوەکەی، کە کەس نازانێ بەتازەیی لەچ قوماشێك و لە چ ئەییامێکدا دووراوە، لەپزووی پاتۆڵەکەیەوە هاتۆتە دەر، بەسەر کەفەڵی کوڵکنی کەرەکەدا شۆڕ بۆتەوە. برێك دوور تریش شوانی مەڕەکەیش عێوعێو وەپێش مێگەلەکەی کەوتووە، گاوەخوانێك دورتر بەدوای گارانەکەوەیە.

ئەحمەد هەرچەند تێدەفکرێ دڵی زیاتر دەکەوێتە لێدان و تەپەتەپ، چونکە ئەم شوانانە هیچیان لەمامکەریم ناچن. مامکەریم بێئەوەی سەلمە بکاتە دواشوانی خۆی، قەت شوانی بۆناکرێ. کەچاوی بە دواشوانی ڕانەکە کەوت کوڕێکی12 ساڵانە بوو تێگەیشت و زانیی

کە ئەمانە هەشتەقیان لە مامکەریم ناچن و مام کەریم نین.

بەرایی گاگەلەکە گەیشتە داوێنی دێ، مامەی دەروێشی لابەلا سواری کەر بووە، کە وەحاوەحا بەلای ئەحمەدا ڕا دەبووڕێ. ئەحمەد چەندجار ماندو نەبونی لێدەکات، کابرا نەوەڵام و نە ئاوڕێك لە ئەحمەد ناداتەوە. دیسان سەر لەنوێ ماندو نەبوونی لێدەکات، باز بێوەڵام دەمێنێتەوە هەردەڵێی مێشێکیش میوانی نیە!؟

کابرای شوانیمەڕ، گەرچی برێك لە ئەحمەد دوورە بەڵام دەنگی بلیندی ئەحمەد دەبیستێ. بەپەلە لە ئەحمەد نزیك دەبێتەوە دەڵێ: کاکە گیان، ئەوە کەڕولاڵە جگە لە وەحە وەحە هیچ نازانێ، ئەشێ بە ئیشاوە لەگەڵی بدوێی.

ئێستا بەرایی گاران گەیشتۆتە ئاوایی، شوانەی کەرو کەرسوار لەئەحمەد برێك دوور کەوتۆتەوە، مێگەل و شوانەمەڕ گەیشتوونتە پەنای ئەحمەد، پاش سڵاو و ماندوو نەبوونی ئەحمەد دەڵێ:

– مامەگیان ئێرە گوندی وەڵەسمتە؟

– بەڵێ باوانە شیرینەکەم.

– ئەرێ خاڵۆ کەریم (کەڵوڕ) پارەکە ئەم حەلانە بەخۆیو دوو کچ و کوڕێکی چوار بێنج ساڵەوە هاتنە ئێرە، داخۆ هێشتا لێرە ماوە؟

– بەقوربانتبم باوەڕکە نازانم، چونکە من هەر ئەم بەهارە هاتوومەتە ئێرە. پارەکە ئەمحەلانە هێشتا هەر شوانی گوندی (بەشارەت)ی حاجیغالی بوم. چاوەکەم تازە درەنکە باشتر وایە ئەمشەو میوانی ماڵی موختاربی، مامەیموختار هەموو شتێك دەزانێ و پێتی دەڵێ:

لەگەڵ زەردەپەڕی خۆراوادا، مەڕو میوان و مێکەل و شوان و گاوان ڕژانە ناوەڕاستی گوند. ئەحمەد لەگەڵ خوڵکوو محیبەتی کوێخاژن و چاوەڕوانی هاتنەوەی مام موختار ماتوو مەلوول دادەنیشێ.

تاریکو لێڵێ ئیوارەیە مامکوێخا لەبەر دەرکی ماڵ دادەبەزێ بانگ دەکا دەڵێ: ئەرێئەوە ئاخوڕی وڵاخەکان بۆبەتاڵە؟ کوێخاژن دەڵێ:

– وەرە ماڵەوە میوانمان هەیە هەرئێستا ئالیك بۆ ماینەکەت دێنم. موختار، پیاوێکی چوارشانە، داکوتراو، بەشی هەرەزۆری سمێڵە ماشوبرنجیەکەی هێندە کورت کردۆتەوە، بەرکونەلووتی قرخ کردوە لەملاولای قەیتانی لێوێ بێمووی، دوودەسکەمووی ڕەشی قەترانی، هەردەڵێی پاشماوەی دووقانگڵە بەنی خامەی مافوورە تەنینە، بەملاولای زار و چناکەیدا شۆڕبوونەتەوە. شەرواڵ و مرادخانی تازە، پەستەکیسپاتی شیکوشیرین کەتەنیا دووقەف لەپشتێنەکەی داپۆشیوە. خەتجەرێکی دەبانی مشتوشیرمایی بەبەرۆکەوە تەزبێحی کارەبای برێك دەنك گەورە و خڕی لەمشتووی ئالاندوە.

کەخۆیکردەماڵ ئەحمەد قنجەپا لەبەری هەستا، سڵاوێك ئاراستەی هەیکەلی "پڕعبوهەت"ی دەکات، بەزمانێکی زۆر شیرین وەڵامەکەی وەردەگرێ، کە دەڵێ"

بەخێربێی کوڕەشیرینەکوم، وادیارە یەکەمجارە لەکوێستانەوە دێی؟ ئێرە وەك گوندەکانی دەوروبەری ئێوەنیە، نەدەبوو تۆ سڵاو لەمن بکەی، سڵاو هەقی ئەوکەسەیە کە ڕادەبووڕێ یان دێنەژوورەوە، تازەوارید لەهەر تەمەنو مەقامێکدابێ، سوننەتە سڵاو لە دانیشتوو بکات سا لەهەر تەمەنێك دابێت. تۆ غەدوت لەمن کرد، تێگەیشتی؟.

ئەحمەد لەم گفتولفتە، لەم قەدوقامەتە، لەم قەڤ سمێڵانە، بەتایبەت لەم خوڵکو خێرامابیە دوورو درێژە کە لێی دەکات، خواخوایەتی زوو تەواویکات، نۆرەیکەوێت تا پرسیاری باوکی سارای لێبکات، لەگومان و دوودڵیو دڵەڕاوکی کەوێت، چون زۆر بە پەلەیە، تا بزانی مام کەریم لێرەیە یان نا.

سەرەنجام خۆی پێڕاناگیرێ، دەداتە ناو قسەکانی مامکوێخادا، دەڵێ:

ئەرێ مامەگیان تۆخوا پێم بڵێ مام کەریم لێرەیە؟

هێشتا پرسیارەکەی تەواو نەکردبوو مامکوێخا دەڵێ:

– کام مامکەریم؟ کوڕەشیرینەکەم.

– ئەومام کەریمەی خزمەکانی لەگوندەکانی قوماش، سۆیلەمیش، کەوچکتاش و سەراوی سوبحاناغا و کەڵوڕانە.

– هاهاها، مام کەریم کەڵوڕ دەڵێی؟ تێگەیشتم زۆر باشی دەناسم.

– تۆخوا پێم بڵێ مامکەریم لێرەیە؟

هێشتا پرسیارەکەی تەواو نەکردوە، مامکوێخا دەڵێ:

– هاهاها.. مامکەریم کەلوڕ دەڵێی، تێگەیشتم زۆرباشی دەناسم.

ئەحمەد وەکگوڵ گەشایەوە، ڕووناکی کەوتە ناو دەروونیەوە، زۆر بەپەلە دووپاتی دەکاتەوە و دەڵێ:

= تۆخوا پێن بڵێ ئێستا مامکەریم لێرەیە.

= ناوەڵا ڕۆڵەگیان بەهاری پێراوەکە وەك ساڵانی پێشوو لەکاتی گەڕانەوەی بۆ ناو منداڵەکانی هات خواحافیزی لێکردم ڕۆیشتەوە. باشی دەناسم زۆرم خۆشدەوێ، پیاوێکی بەوەفا و بەئەمەگە. تەنیا ساڵێك شوانی ئەم گوندەی ئێمە بووە، هەموومان خۆشمان دەوێ. نازانم بۆچی ئەمە دووساڵە سەری لێنەداوین. زۆرتر ئەو دەچێتە ناوخزمەکانی لە گوندەکانی ( کەڵوڕان و کەوچکتاش).

ئێستا ئەحمەد بۆ ماوەیەك مات بووە چووتە ناو خۆیدا. کوێخا کە تێگەیشت زۆر تامەزرۆی دیتنیەتی وتی کاکە گیان خزمتە؟

– ناوەڵا بەڵام بەبێ‌ئەوەی بەخۆی بزانی، لەماوەیەکی کورتی دوو شەو و ڕۆژیدا، کە بوو بەمیوانم بوو بەمامۆستام زۆر شتم نەدەزانی فێری کردم.

= خۆ مامەکەریم خوێندەوار نیە چۆن بووبەمامۆستای تۆ؟

ئێستا ئەحمەد بەپێچەوانەی درێژایی ژیانی بزە لەسەر لێوی وەدی ناکرێ، چۆتە ناو بەحری خەیاڵاتەوە بیگرووی بەخۆی نازانێت. لە چوار پرسیاری مامکوێخا وەڵامی یەکێکیانی بەباشی بۆنادرێتەوە. کوێخا بە کوێخا ژن دەڵێ:

= کچکە تۆخوا تەکی‌نەمییکی بۆ ڕاخە بابنوێ.

کوێخاژن لە پەنای کوێخادا جێی بۆڕاخست و خەواندی. شەوگار کردی و ئەحمەد گردی. بەستەزمانە لەگەڵ خەو دەچێتە چاوی خێرا بەورینە و تلاوەتلەوە ڕادەچڵەکی، قەت دوو دەقیقە لەسەر لایەک خۆی بۆ ڕاناکیرێ. پەیتا پەیتا بەدەم ورینە و تلاوتلەوە بەشێك لە ڕازی دەروونی خۆی دەدرکێنێ. لە نیوەشەو بەولاوە کە وەخەبەرهات زانی کوێخا نەخەوتووە خەریکی جگەرە کێشانە.

چاوی بریە بنمیچەکە، گشت شکڵوشێوەی مامکەریم و منداڵەکانی هاتنەوە پێچاو، کڵاشەچەکەکانی ئارەق ڕشتن و لارەلار ڕۆیشتنی مامکەریم لەکاتی کۆڵبەکۆڵی و ماندوویی‌دا. سیمای سارای هاتەوە پێشچاو کەدەیگوت: ئەحمەدگیان تۆخوا بەدواماندادێیت؟ بەخوا نەیەیت من دیق دەکەم. هەناسە هەڵکیشانەکەی سارا و بەڵێنەکەی خۆی، کەدەیگوت: مامکەریم گیان مەگەر مەرگ ماوڵم پێ‌نەدات ئەگەینا ساڵێ‌داهاتوو بەباڵی هەوریشدابێت خۆمتان پێدەگەیەنم.

ئەمشەو ئەحمەد دەرکی کرد، کە ئەوشەوە سارا لەپێچکە کورسیەکەی ماڵی ئەواندا چۆن ڕۆژی لێ‌بۆتەوە؟! ئەمشەو هەستی بە ئێشونێشو شەرارەی ئەوینکرد کەچۆن خەووخواردن لەلاوانی ئەویندار بەتاراج دەبات، ئەمشەو ئەحمەد شەشدانگ شیفتەی ئەوینی بێ‌خەوشوخاڵی سارا دەبێ، هەست بەئەوینی ڕاستەقینە و کەفوکوڵی دەروونی ئەوکچە بەستەزمانە دەکات، بەجارێ ئۆقرە و ئارامی لانامێنێ هەست بەچزەی سیخی‌سوورەوەبووی عەشقێکی ڕاستەقینە دەکات کەچزاوە بەسی‌وسێپەلاکی سارای بەستەزماندا. ئێستا و ئەمشەوە کە هەزاران پرسیار و تۆبڵێی وەك پوورەی هەنگ مێشکو دەروونیشی جەنجاڵ کردوە. خۆی خۆی پرسیار باران دەکات و خۆی بەخۆی دەڵێ:

ئێستا ئەگەر ئەو کچە بەستەزمامە، باوکی وەکوو هەزاران باوکانی کۆنەپەرستی ئەم کوردستانە! لە پیرەپیاوێکی شێست ساڵەی مارە بکات، کە ژمارەیان لەژماردن نایەت، من چی بکەم چۆن دەتوانم خۆم ببەخشم؟!

لەنیوەشەو بەولاوە، نەمیوان و نەخانەخوێ هیچکامیان وەنەوزیان نەداوە و خەو نەچۆتە چاویان، سا، هەرکەس لەخەیاڵێك.

تازە شەوقی شەبەق لەبەرزاییەکانی، کەماجاڕ و ڕانەڕێی لووتکەی کێوی سوورێن شەوقی داوەتەوە. کوێخاژن نوێژی بەیانی کردوە، سەماوەرەکەی دەستی بە سازو سەنتوور لێدان کردوە، مامکوێخایش تا دووقوم لەچاییەکەی دەخواتەوە، چەنجاریش بێن بە جگەرەکەیەوە دەنێ بەتامەزرۆییەوە هەڵی‌دەمژێ، کویخاژنیش کە دەزانێ ئەحمەد بەخەبەرە دەڵێ:

= هەستە ڕۆڵەگیان ئەوەتانی مەسینەکەم بۆ پڕکردووی بچۆ دەست و دەمو چاوەکەت بشۆ، وەرە بەرچاییەکەمان لەگەڵ بخۆ.

دەستودەموو چاوی دەشووا، لەسەر سفرەی سوبحانە دادەنیشێ مامکوێخا بەدیققەت سەرنجی سەرو سیمای دەدات و دەڵێ:

= کاکەگیان ئەمشەو ئاگام لێتبوو مەعازەڵا خەونەچووە چاوەکانت؟ ئەوەی ڕاستی‌بێت سەرەتا لێت کەوتمە گومانەوە، پاشان منیش کەوتمەناو داڵغەوە خەوم لازرا. کە تێگەیشتم بەخەیاڵێکی تاڵ و شیرینەوە دەتلێینەوە هیچ خەیاڵێکی خراپت لەدڵانیەز کەبۆم دەرکەوت هەرباسی مامکەریم و ساراناوێکت دەکرد، بۆیە لەخۆوە بەرۆکم نەگرتی.

کوڕەشیرینەکەم، کەم نین میوانانێك لەشێوەو بیچمی تۆ، لەم شارە زوورەدا، وەکتۆ دەبنە میوان، لە نیوەشەودا ماین یان تفەنگ یان (ناموسی خانەخوێ دەرفێنن.

ئەحمەد ئارەقەی شەرم بە نێوچاوانیدا تك تك هاتنەخوارێ. دەتگوت دەستیان ناوەتە بینی پارووی بۆ قووت نادرێ. پاش خواردنی نانو چایەکی شەرمنانە و خەیاڵاوی، لەسەر ڕێنوینی خانە خوێکەی غەریب و غەمبار بەرەو کوندەکانی کلۆران، سەراوی سوبحاناغا، قوماش، سۆیلەمیش و کەوچکتاش، دەشتی شارەزوور دەکرێتەباوەش. ڕوودەکاتە هەر گوند و شوێنەواری پارو پێرارو بەستریپێراری مامکەریم، شوێنەوارو هەتەرێك لە ونبووەکانی

وەدی ناکات. بۆماوەی حەوتوێك، گێژو وێژو سەرگەردان، خۆی دەداتە بەر پرسیاری جۆراوجۆری بێ‌وەڵام خۆی بەخۆی دەڵێ:

تۆبڵێی گەرابێتنەوە بۆ (باخوبەیتوولی) بڵێی مامکەریم مردبێ منداڵە بێ‌دایکەکانی بێ‌باوك و بێ‌خاوەنیش مابێتنەوە؟!

× × × ×

ئێستا ئەحمەد کەوتۆتە ناو دنیایەکی نوێی ژیانەوە، مانگو نیوێکی پایز و سێ‌مانگی زستانی بەخەم و پەژارەی سارا و باوکی ساراوە بردۆتەسەر، لەم ماوە کورتەدا بەدەم کاری جۆراو جۆر لەجووتیاری و بۆیاخچیەتی سەر شەقامەکان و جۆگەو جۆماڵ و ... سەرتاسەری دەشتی شارەزوور و دەورووبەری سلێمانی پشکنیوە. هێندە بە خوو و خدەیەکی پاکوخاوێن و ڕاستی و دورستیەوە خۆی دەخزێنێتە ناو دڵودەروونی خەڵکەوە، چند

ڕۆژێ بۆهەرکەس کاری کردبا، بۆئەوەی جارێکی دیکە بگەڕێتەوە لایان کرێو پاداشتی زیادیان دەدایە، پێیان دەگوت: تۆ خوا زوو زوو واول کەرۆ، خۆزیا قەت بەجێت نەوەهێشتین. لەماوەی کەمتر لە پێنج مانگدا بە بەرگپۆشین و ئاخاوتن و هەڵسو کەوتی ناوکۆمەڵدا، لەناو خەڵکانی بوومی دەشتی شارەزوور و هەتا قەراخوبیجاخی شاری سلێمانیش جیا ناکرێتەوە.

کە بەهار هاتەپێشەوە مێشووله و وره و گەرمای شارەزوور زۆریان بۆهێنا، ئەویش خۆی خڕکردەوە، چووە شاری سلێمانی لە باشترین قوماش بۆ جل و بەرگی خۆی و دایکی کڕی، بەتایبەتی دابوو دەستووری نوێ بەدورینیدا. لەپێشدا کراس، کوڵەنجە، پاپۆش، کەوش و کۆڵوانە بۆدایکی. پاشان جامانە و پاتۆڵ و مرادخانی، پشتێنی کرێشە و کەوشی باش بۆرۆژانی تایبەتی بۆخۆی. هەر وەها کەوشی پیادە ڕەوی، بڕێك پێویستی و سەوقاتی تایبەتی وەزن سووك بۆ هەڤاڵانی گوندی سوننەتە.

لەکات ساتێکدا مێشووله و گەرمای دەشتی شارەزوور بەجێ دێڵێ هێشتا عێلی جاف و سەرجەم کۆچەریەکانی گەرمێن، نەگەیشتونە دەوروبوری پێنجوین و دەشتی نزارەو شادۆڵی شلێر.

جەننەت و جەحووناتی دەشت و چیا و چۆڵ هێشتا لەژێر پێی ڕان و ڕەوگی خێڵەجافدا نەژاکاوە و نەشەمزاوە. بە وتەی هۆنەر و هونرمەندانی خۆشخەیاڵ کە وتوویانە.

(**جوانەسێپەرە دۆشەکیدەشتە * دنیا خەملیوە دەڵێی بەهەشتە**)

بۆن و بەرامەی ڕێحانەکێویلە و کەنێرە و گژوگیای جۆراوجۆری بەهاری، دەرو دەشتی پێنجوێن و نزارە و دۆڵی شلێری لیپاولیپ کردوە. بەرانسەر کلاوەی کێوەکان، لە کەلەك و کەلەگۆمەوە بگرە تا کێوی پەرەژاڵ و سەرتەختی عاوەلان، قەڵاتەرەش و کوولەکەملان. لەمبەریشەوە، بەرزاییەکانی پشتی بایەڵان، بالیکەدەر و هۆبەسوتە، شێرە و شەیان و میشیاو. لە ماڵەکەورە وە بگرە تا کویستانەکانی قەرەخان و قەرەلیاس و چلچەمە، هێشتا سپیپۆشن. پاشماوەی بارستایی کلیلە بەفرەکان، تاڤگەی قەڵبەوە و شەتاوان، بەسەر چڕو نەزار و ڕەوەزدا، نەك تەنیا دڵێك، هەزاران دڵ حەیرانیەتی، بەتایبەت شاخەی شەتاو و قەلبەزەی بەفراوی پشتی عاوەلان و ماڵەگەورە و سەرشێرە.

هەژارانی شلێری هەلیانە، کارگ و کنیواڵ و ڕیواس و بەرەزاو مەنێ بەبار بۆ پێنجوێن و سلێمانی بۆ فرۆش دەبەن. تا هەر نەبێ بڕێك بژیو بۆماڵومنداڵیان بکڕن.

ئێستا نە ئەحمەد ئەحمەدەکەی پایزی پارە، نەشلێریش شلێرەکەی پارپایزە کە لقوپۆپی دارەکانی بەتەور و تەوراسی شوانەجاف بێرەحمانە بۆ بژیوی بزن هەڵپاچرابوو. هەر هەوارگەیەکی چۆڵ و هۆڵت دیبا، جگە لە هەوارگەیەکی چۆلوو هۆلوو کوچکەکوانووی ڕەشو برش و دەشت و دۆڵی لێساەلێس دراو، کێش و هەوریت پێدا ڕاکێشابا چڵێ پووشی پێوە نەدەنووسا. بەڵام ئێستا هەر هەوارگەیەکی پڕپەینی پارەکە، بەشیرینترین شێوە بەرگی ڕەنگاو ڕەنگی پۆشیوە. قاسپەقاسپی کەو لەنەزار و قەدپاڵ، ویتەویتی چۆلەکەو بولبول و زەردیوەرە، بەسەر لق و پۆپی چڵی دار و جوانترین گوڵی بەهاریدا. قڵپەی قەڵبەزە و شاخەی شەتاوگەی شیرینی دەشت و دۆڵی شلێر لەبەهاردا، دەڵێی بەهەشتی بەریتە. بەڵام ئەی ئەحمەد؟!

ئەحمەدیش کە بەهاری تەمەنیەتی، بەجوانترین جلو بەرگی تازە و شیکوشیرین و نوێ ڕازاوەتەوە، ئەم تاکە شیعرە پڕ بە پێستیەتی.. **ئای لەو بەهارەی کە لە بەهاردا**
**خەمینە بە دوای (نۆبەر) دڵدادا**

کە دەگاتە نێوان عاوەلان و هۆبەسووتە و گوندی سیرسان دیمەنێکی سەیر سەرنجی ڕادەکێشێن دەبینێ کابرایەك بە کەرێك و مانگایەك جووت دەکات. بڕێك لە کابرا نزیکبۆوە تێفکری پیاوێکی پرچن ڕانکوچۆخەیەکی شڕو شیتاڵ شیتاڵ و شیەوەبوو، کە بەئاشکرا دیارە ئەو ڕانکوچۆخەیە لە ئەسڵا هی خۆی نەبووە، ڕەنگە کۆنەی خێرۆمەن یان ئاغایەك، سابەهەر مەبەستێك خەڵاتی کرابێت. زۆر سەیرە بەبەنی مووی ئەستوور و دەرزی تەوەنە دوراوەتەوە، قژو ڕیش و مووی سمێڵێ تێکەڵاون. جاروبار بە کزەبایەك پرچی لەسەر بناگوێو لاجانگی لادەچێت، شارەگی گەردنی باریك و پێستی ڕوومەت و شەوێلەکەی بێدانی دەردەکەوێ. کاتێ جووتەکەی بەلای کەرەکەدا وەر دەچەرخێنێ و (هۆ) دەداتەوە، بەسپایی دەڵێت: هۆ ... وەرەوە چاوەکەم. بەڵام کاتێ بەلای مانگا کەدا هۆیدەداتەوە بەدەنکی بەرز دەڵێ:

هۆ هۆ هۆ وەرەوە، دایك و خۆشکم بە قەربانی چڵی گوانەکانت بێت خوا و ئەو پیرەی دەستم پێوەگرتوە شێخ قادری شێخ کەریم ئاگا دارت بێ.

ئەحمەد هەڵوێستەیەکی بۆدەکات و لە کەرو مانگا و مام دەروێش ڕادەمێنێ، دەچێتەناو خەیاڵێکی قووڵوە، بۆیەکەمجارە دەبینێ بە کەر و مانگا جووت دەکرێت، بەتایبەت مانگایەك کە پڕناو لنگی بێ لەگوانی پڕلەشیر و گوێلکدار. ئەودیمەنە بۆئەحمەد هێندە دزێو و بەڵاجەویە. وەها سەرنجی ڕاکێشاوە هیچ ئاگای لەخۆی نیە دەڵێی مێخێکە بەمێکوت بەزەویدا داکوتراوە. مامەی جووتیار دوو ئەمسەرەو سەری گاوخوانەکەی دەکاتەوە هێشتا ئەحمەد هەر لە جێی خۆی نەبزویوە. بۆیە مامەی جووتیار کە دەبینێ ڕۆڵەی ڕێبوار لەناو چەقی ڕێگاکەدا چەقیوە مووی نابزوێ و لەو دەڕوانێ، بەهەموو هێزی پێ لەسەر ئامووردکە دادەکرێ، کەر و مانگاکەی دەوەستێنێ دەڵێ:

= هۆی کاکی ڕێبوار بەقوربانتبم ئەوە بۆچی دۆش داماوی؟ وەرە با پێکەوە پشوویەك بدەین. هەمیسان پێی لەسەر هەوجارەکەی دادەگرێتەوە بەکەیفی خۆی دەی چەقێنێ کەڵەمەی کەرومانگاکەی دەترازێنی بەرەڵایان دەکات. نێرەکەرەکە پاجێ لەناو شێوەردەکەدا دەس دەکاتە خۆگەوزاندن، مانگاکە بەپەلە خۆی دەگەیەنێتە شەتاوەکە، بینی پێوەدەنێ. مام دەرویش دەڵێ:

= کاکەگیان وەرە باپێکەوە بچینە سەر کانی و ئاوەکە پێکەوە پیاڵەچایەك بخۆینەوە و گەپێك لێدەین. کەرومانگاکەش دەمێ دەدەن و برێك دەحەسێنەوە. دەروێش هەربەدەم ڕێگەوە باوەشێك چڵ و چیلکەی چنیەوە و وتی:

= دەبێ‌لەترسی بزنەگەلی خێلەجاف هەمووساڵێك پەرژینی ئەم کێڵگە و کوتەڵە زەوینە تازەکەمەوە. بەڵام هەرباشە بەسنیە وەك جاران گرومان لێناگرن بڵێن سەگباب (گاڵت وەگوێزە)،؟

کتریەرەش زۆر زو لەسەر سکڵی چرو چیلکەی (بەڕوار) کەوتە قوڵتە قوڵت. ئالەو کاتەدا کاروانێکی سەرشیوی بەبارە ڕێواس و سەوەتە کارگ و کنیواڵەوە. بەگۆرانی جەفەنگەوە سەرەو خوار دەهاتن. نێرەکەرێکی برناخ هەڵدڕاو، بەبارە ڕێواسەوە سەرڕهۆڕ و چوارناڵە لەکاروانەکە جیابۆوە، بەزۆر سواری نێرەکەری مام دەروێش بو، یاڵ وملی بردەدەما، خاوەن کەروبار بەپەلە فریای کەوت بەلیس سەروگویلاکی کوتا سواری ناوتاقی بارەکەی بوو بەغار خۆی گەیاندەوە ناو کاروانیەکان.

مام دەروێش هەناسەیەکی هەڵدەکێشێ و دەڵێ:

= ئاخ نێرەکەرە کەوە، ئەگەر شەکەتی هێش ڕاکێشان نەبووایەی ئائەمە حاڵتبێت؟ کەی ئەو نێرەکەرە پیسە دەی توانی سوارت بێ. قوروشکەکەی دەشوات، چایەك تێدەکات دەینێتە پێش میوانەکەی.

ئەحمەد قبوڵی ناکات دەڵێ:

= مامەگیان بۆخۆت ماندوی لەبەیانیەوە هێش هەڵدەتەکێنی؟ لەدەروێش خوایش و لەئەحمەد ئیسرار. سەرەنجام دەروێش دوو چا لەسەریەك دەخواتەوە جا قوروشکەکە پاکوخاوێن دەشوات ئیمجا هێندە بەحورمەتەوە چای بۆمیوانەکەی تێدەکات، دەڵێی حەمەڕەشیخان میوانیەتی، دەست بەسینگەوە دگرێ و دەڵێ:

= قوربان، بۆ بەتەنیا و پیادە ئەم دەشتەت گرتۆتەبەر؟.

ئەحمەد تێدەگات بەهەڵە ناسیویەتی، پێی وایە کوڕە ئاغا یان کوڕە توجارە، بۆ کۆکردنەوەی قەرزو قۆڵە هاتۆتە شلێر. بۆیە دەڵێ:

= مامەگیان بۆ بەماگا جوت دەکەی؟ خۆ بەگەلوگوانیدا وادیارە گوێلکە کۆڕیەی هەیە؟

سەبیلە شکاوە بەبنێشت پینە کراوەکەی تێدەکات سکڵێکی لەسەر دادەنێت، بەئیشتیا چەن مژی لێدەدات، دوکەڵ دەڵێ کەوە مارە لە هەرتك کونە لوتیەوە دێنەدەر. بەر لەوەی بڵاوبێتەوە سروەی نەسیمی بەهاری ئاوقەی ناو سمێڵ و ڕیش پرچە شپرز و شێواوەکەی دەکات، دەڵێی تەپلە گەونی تەڕت ئاور تێبەرداوە. هەناسەیەکی سارد هەڵدەکێشێ و دەڵێ:

باوك و دایکم بەقوربانت بن ئەمنی کلۆڵ و کۆستکەوتو ؟ ئەمنی ڕۆژڕەشو ساکۆسیا، نوری چاو و هێزی ئەژنۆم تاقانەلاوێکی تازە پێگەیشتو بوو کەبەبۆنەی نەداری و هەژارییەوە هێشتا نەمتوانیبوو ژنی بۆ بێنم لە پازدە ساڵییەوە شوانی مەڕی ئاوایی بوو ، هەمو ئێوارەیەك باوەشێك نانی پاك و پێژراو و بێمنەتی بۆ من و پیرێژنە خۆشێ‌نەدیوەکەی دایکی دێناوە. هەر بەدەم شوانییەوە ساڵێ چەن تەنەکە هەنگوینی لە کونەبەرد و کلۆرەدرای ئەم شلێرەدا دەردێنا. ئیتر کۆڵەگوێز، سەرشانە مازویش بە لێشاو. منیش بەم نێرەکەرەوە هاوین و پاییزان، بارە هەنگوین و گەزۆ و گوێز و مازوم دەبردە شاری سەقز. هەموساڵێك لە ئاردە سپییەکەی گەنمی (دایەسلێمان) زمهاڕم دەکرد. جلکو پێڵاو و ئەوەی پێویستی ماڵە بۆ زستانم دەکڕی و دەمهێنایەوە. کابرا هەڵوێستەیەك دەکات و بە دڵی پڕ لە کەفوکوڵ و گریانەوە دەڵێ:

دەك کوێر بم کاکە گیان، پارەکە هاوین پیاوە پیاوکوژەکانی حەمە سدیقخانی کوڕی سلێمانی حەمەجان، کە لە میشیاون ناوبانگیان بۆ گشت کوردستان بلاو بۆتەوە. چونە ئەودیو لە ئاشەکەی گوندی (دەورەقەلا)ی خوڕخوڕە، حەوت کەس ئاشهاڕ باڵبەستە دەکەن و دەیانهێننە سەر چاوگەی (دەرەنی) نێوان گوندەکانی هەردو ماسیەر و مەولاناوە، ڕاست لە بەرامبەر ماسیەری شێخ، هەر حەوتیان بە باڵبەسراوی و پاڵخراوی، بۆ ئەوەی گوللەی کەم لە خەسار بدەن! چەپوڕاست دو گوللەیان پێوە دەنێن. هەر حەوتیان وەك کەباب دەکەنە سیخی سورەوەبوی گوللەی جانبێزارەوە. هێشتا مانگێك بەسەر ئەو کارەساتە دڵتەزێنەدا ڕانەبوردبو، ڕەوڤی سلێمانی حەمەجان برای حەمەسدیقخان، کە ماڵی لە گوندی خاڵەوازەیە، چەن پیاوێکی هەنارد کوڕە هەژارەکەی منیان بەلای بزنەگەلەوە گرت و کوشتیان. دەروێش کە بوغز گەلوی گرتووە و ئەشك هەڵدەوەرێنێ ناتوانێ باسەکە تەواو بکات، پاش سکوت و هەڵوێستەیەك ئەحمەد دەڵێ:

= دەی مامەگیان ئیتر چییان کرد؟

= کوڕە شیرینەکەم ئەوەی ئەوانە کردویانە مەگەر هەر (شمر و یەزید) کردبێتیان. ئەو دڕندانە، ئەو نائینسانانە هەرد گوێچکەی کوڕە هەژارەکەی منیان بڕی و بردیان بۆ ڕەوفە گولی سلێمانخان، ئەویش گۆیا لە تۆڵەی خوێنی حەوت ئاشهاڕەکە، کە ئەوانیش هەر کوڕە هەژاریکی وەك کوڕەکەی من بون، بە دیاری ناردیان بۆ تاران، خەلات و بەراتی شاهانەیان پێوە وەرگرت؟ هەر وەها

پاداشتی ئەو جینایەتەیە، کە ڕەوف و حەمەساڵحخانی برای خەلآت و نازناوی (شاپەرستییان) پێبەخشیون.

بەڵێ، ئەوان بە خوێنی ئاشەوان و ئاشهاڕ و شوانەبزنی برسی و پێخاوس، خۆیان کردە شاپەرست. من گومانم لەوەدا نیە کە سوڵتانی و سوڵتانپەناکانی خوڕخوڕە و سەرشیوی سەقز و ئەم شاپەرستانە و جەندرمە خوێڕیلەکانی پەهلەوی، بە خوێنی هەزاران هەژاری وەك کوڕەکەی من و ئاشهاڕەکانی دەورەقەلا، نازناوی سوڵتانی و سوڵتانپەنا و شاپەرستیان دەدرێتێ و میداڵ و قوببەی ئاڵتون بەسەر سینگیانەوە دادەدورێنن؟.

ئەحمەد پێی وابو کە تەنیا مام کەریم، سینگی پڕە لە زوخاوی زەمانە. بە سەرسوڕمانێکەوە دەپرسێ و دەڵێ:

= مامە گیان بۆچی ئەم کوڕانەی سلێمانخان لەمدیو و لەودیو هەر هەر شوان و گاوان اتشهاڕ و ڕایەت و دەستوپێوەندی یەکتری دەکوژن؟

= چوزانم بەقوربانت بم، دەڵێن دانیشتوانی چەند گوندێکی ناوچەی خوڕخوڕە، کەجاران چەتەکانی سلێمان بەشێك لە بەرهەمی ڕەنجی ساڵانەیان بە زۆرەملی بۆ خانی میشیاو و کوڕەکانی دێنا. بەلآم ئێستاکە ئەو دو کوڕەی کە نازناوی شاپەرستیان پێوە نراوە لەلایەن دەوڵەتەوە بەشێکی زۆر لە بەرهەمی رەنجی گوندنشینەکانی ناوچەی خوڕخوڕەیان بۆ تەرخان کراوە. ئیستا ئەوان وەك ئەوسای حەمەسدیقخانی برایان، پێویست ناکات بەزۆری تفەنگ و چەتەیی، هەر بەڕۆژی ڕوناك و ئاشکرا، بەحوکم و دروشم و میداڵ و تفەنگی خەلآتی شاهانەوە خەڵکی هەژار و بێبژێوی ناوچەی خوڕخوڕە دەکوژن و دەبڕن و دەڕونیننەوە.

مام دەروێشی دەرونرێش، لەکۆتایی قسەکانیدا هەڵوێستەیەکی بۆ دەکات. لە حاڵێکدا کە بێدەنگی بەسەر خۆی و میوانەکەیدا زاڵە، دەس دەکاتە تۆشەبەرەکەیدا 2 کولێرە دەردێنێ و دەڵێ:

= بمبورە پێخۆریشم پێنیە، بەناشوکری نائێم: لەوڕۆژەوە دەستم کردوە بە کێڵانی ئەم کوتەڵە زەویە، مانگاکەمان هەربەشی گوێلکەکەی شیری تێدایە، تا ئەوڕۆژەی ئەم کوتەڵە زەویە دەکێڵم و دایدە چێنم، لە شیر و ماست و کەرە و دۆ، بێبەشین.

ئەحمەد دەچێتە ناو بەحری بیرکردنەوە لەدڵی خۆیدا دەڵێ:

**= سینگی هەر پیرەپیاوێکی پێپەتی و هەژار و بێبژیو و ڕەش و ڕوتەڵەی ئەم جیهانە، گەنجینەیەکی مێژینەی پڕ بەهایە بۆ مرۆڤی وشیار و هۆشمەند.**

تازە کتریەکەی هەڵچۆڕاندبو، ئاخرین پیاڵەی پاشماوەی چاییەکەی لەبەردەم ئەحمەددا دانا. ئەحمەد قومێکی لێدەدا و قوروشکەکە دادەنێ و دەڵێ:

= مامەگیان خەڵکی کام گوندی، چەن سەرخێزانن ژیانتان چۆنە؟

= بەقوربانتبم خەڵکی گوندی سیرسانم، گشت سەروەت وسامانم ئەم کەرو مانگایە، وەك دەمبینی هێڵە کرێیان پێدەکەم. پایزان کە، مانگاکە وشك دەکات، بەخۆیو گوێلکەکەیەوە دەیبەم بۆ شاری سەقز. گوێلکەکەی دەفرۆشم، بەپوڵی گوێلکەکە بەشێکی بەرچاو لە ئازوقە و پێویستیماڵ بەتایبەت ئارد و خوێو زەخیرەی پێویست. کەرو مانگاکەی لێ باردەکەم و دەیهێنمەوە، خەڵکانی خێرۆمەنیش جاروبار ئاورێکمان لێدەدەنەوە. پارەکە دوای ئەوەی کوڕەکەمیان کوشت، حەمەسدیقخان ئەم ڕانکوچۆخەی بۆناردم، وتبوی نابێ بیفرۆشێ دەبێبۆخۆی بیپۆشێ، دڵنیابێ حەقی دورەکەشی بۆ دەستێنم. ئەحمەد دەڵێ:

= مامەگیان تۆ پێتوایە تۆڵە و حەقی کوڕکەت بۆ بستێنێ؟

= کوڕەشیرینەکەم حەقیچی! چۆن دڵیدێ بنێرێ بکوژانی کوڕەکەی من بکوژنەوە، کە تفەنگچی و پارێزەر و جێکای متمانەی هەمیشەی (ڕەوفو حەمەسالحخانی) برایەتی، ئەوان بە پیاو کوژەکانیانەوە، بەخوێنی کوڕی هەژارانی وەك منەوە تیجارەت دەکەن و خاوەن دەستەلآتن و خەلآتی شاهانە وەردەگرن. ئائەمەیە ژیانی من و هاوچەشنەکانم کەبۆم باسکردی. تۆخوا پیم بڵێ ئەیتۆ چ کەس و چ کارەی چۆنە بەتاقی تەنیا کەوتویتە سەر ئەم ڕێگە خەتەرناکە! ناترسی بۆ جل و بەرگ و گیرفانەکەت بتکوژن، تۆبەگفتو لتفتدا لە خەڵکی سلێمانی دەچی.

ئەحمەد کە کورتەی ژیاننامە و بەسەرهاتی خۆی بۆدەگێڕێتەوە. مام دەروێش دەڵێ:

= کوڕم تۆخوا حەیفە ئەو پاتۆل و مرادخانیە شیك و شیرینەت بەزۆر لەبەر داکەنن ڕوتت کەنەوە خۆ ئەگەر نەختینەشت پێوە شکبەرن ڕەنگە بشت کوژن. ئەم ڕێگاو بانە بۆ کەسانی وەك تۆ ئەگەر لە پیاوەکانی حەمەسدیقخان یا خەڵکی میشیاو خزم یان ناسیاوێکت نەبێ زۆر خەتەرە ها؟! ئەحمەد دەڵێ:

= بەخوا بۆ کاتی تنگانە ناوو نیشانی ماڵ خالۆ ڕەمەزانیان پێداوم.

= زۆر باشە کوڕ شیرینەکەم، قەیناکا ئەگەر چەن ڕۆژێکیش لەماڵی خالۆ ڕەمەزاە وەمێنی. لەمنەوە وەسیەت بێبۆت. ئامان سەدئامان.. لە قسەی مام ڕەمەزان دەرنەچی و بەتەنیا لە گوندی میشیاو وەدەر نەکەوی، وریابە زۆر خەتەرە ها !؟.))

بۆ ئەوەی بزانین ئەحمەد بە سلآمەتی لە دۆڵی شلێر و کەلی ناوخوان دەرباز بووە. دەبێ چاوەڕوانی ژمارەی 7ی ئەم گۆڤارەبین.

# نیشتمانی نێوان دوو زێ

## مەهاباد قەرەداغی

(تێبینی: ئەم هۆنراوەیە بە زمانی سویدی نووسراوە و لە رادوێیەکی سەرانسەری سویددا بە ناوی رادیۆی پێ ئێت P1، خوێندراوەتەوە. لەگەرمەی شەڕی ئەمەریکا بۆ سەر عیراقدا نووسەرێکی سوێدی تەلەفۆنی بۆ کردم و داوای لێکردم دوور لە هەموو دنیاییکی سیاسی و سەربازی کە ڕۆژانە لەسەر شەڕ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە دەکرێ، لە بەرنامەیەکی کلتووریدا بە پەخشانێك هەستی خۆم بەرامبەر ئەو شەڕە دەربڕم، ئەم پەخشانە شیعرەم ڕاستەوخۆ بە سوێدی نووسی. دواجار پێم باش بوو بیکەم بەکوردی و بەکوردیش بڵاوی بکەمەوە. بەڵام بەم تێبینییەوە، بۆ ئەوەی خوێنەری کورد بزانێ ئەم هۆنراوەیە ئاراستەی سوێدییەکان کراوە، کە بەسەرهاتی ئێمەومانان بۆ ئەوان وەك ئەفسانە وایە و ئاسان نییە وێنای بکەن ، ئاخر ئەوان دووسەد ساڵە شەڕیان نەدیووە و بڕواش ناکەم هەرگیز شەڕ ببینن. )

کارەساتە.. لەوێ لەدایکبوون
لەوێ.. دژەهەناسەکان، با.. دەسووتێنن!
لەوێ ..سەربازەکانی زریان.. با .. دەخنکێنن!

پێت سەیر نەبێ هاوڕێم
کە دەڵێم..
من لە دۆزەخ لە دایکبووم
لە تابووتێکی قەترانی گەشەم کرد و.. وا گەورە بووم
دڕندەکان..
ئەوێ ..
وڵاتی نێوان دوو زێیان کرد بە دۆزەخی ڕاستی
کوردستانەکەی منیشیان کرد بە تابووتی قەترانی
پێت سەیر نەبێ.. هێژا.. هاوڕێم!
ئەگەر دەڵێم.. ئاخ ! بیری نیشتمان دەکەم
بەڵێ.. بیری دۆزەخ دەکەم!!
لەوێ.. لە دۆزەخدا.. خۆشەویستێکم جێماوە
لەوێ .. هاوڕێ شەهیدەکەم چاوەڕێمە
لەوێ.. لە ژێر سێبەری دارێکی دۆزەخ.. منداڵی خۆمم لێ ون بوو
لەوێ .. دایکمم بە بێ ماڵ ئاوایی جێ هێشت
ئێستا..
هەموو ساتێ.. وەکو زامێکی ژیلەمۆیی ،
لە دەرەوەی تابووتەکەم.. دەکزێمەوە!!!
لەوێیە..
لەو دوورەیە دۆزەخ!
لەوێ.. لە پشتی پەنجەرە داخراوەکانی هەتاوە.. دۆزەخ!
دەکەوێتە نێوان دوو زێ
دیجلە و فورات
دیجلە..
کە ڕۆژێ لە ڕۆژان دایکێکی میهرەبان بوو بۆ شۆخی باران
ئێستا سواڵی تنۆکێ ئاوی لێڵ دەکات لە ئاسمان!
فورات..
نیشتیمانی ئەوسای کۆترەکان
ئیستا شڵپەی دێ لە بەر نەزیفی خوێنی دڵی ئاشتی!

ئەرێ چی ڕوویدا؟!
بنۆڕە هاوڕێ.. ساتێ گوێبگرە لێم
تا لە ساتەکانی بیرەوەری منداڵێ.. سەرگوزەشتەیەکت بۆ بڵێم
هەبوو، نەبوو
لە وڵاتی داستانەکان
کەنیشکە چاوڕەشێ.. لەباتی بووکەشووشە
وازی بە واڕە و ئایەتەکانی جوانی دەکرد
خەونی بە ڕووناکی و بەختیاری ونبووەوە دەبینی!
بیری ڕاستییەکی دەکرد کە لە تارماییدا مات درابوو!
بیری ئازادی دەکرد، سترانی بۆ دەچڕی
سەمای لەگەڵ پەپوولەباڵسووتاوەکانی دۆزەخدادەکرد!
هاتن!!!
بردیان!!!
لە ناو دڵی ڕووناکییەوە.. بۆ ناو جەرگەی تاریکستان!
بۆ جێیەك.. لە هی چ جێیەکی تر نەدەچوو!
لە کاتێکدا .. لە هی چ کاتێکی تر نەدەچوو!
ئەوی پێی دەگوترا زیندان!
دۆزەخ بوو، دۆزەخ بوو، دۆزەخ!!!
لەوێ.. تەنها کورسی بزمارین هەبوو بۆ دانیشتن و..
چرپای ئاگر.. بۆ خەوتن و..
لەوێ.. جەستەی ئەو کەنیشکە جەستە نەبوو ..
هێندە جگەرەی داگیرساویان لەسەر خامۆش کرد!
لەوێ نە جەستە جەستە بوو.. نە گیانیش گیان!

هاوڕێم!
ئەمەی بیستت داستانێکی هەزار و یەک شەوە نەبوو
ئەو کەنیشکەش، کچی داستانەکان نەبوو،
تۆ گوێت لە ڕاستییەکی لەئەفسانەچوو دەگرت،
کە بەشێکە لە منداڵیم!!!
ئەو کەنیشکە من بووم.. بەڵێ من
یەکێك لە هەزاران منداڵی کوردستان
کە لە وڵاتی کارەسات لەدایکبووین!

بەڵام..هێشتاش.. ڕەنگە..
من بەختەوەرترینی ناو هەموویان بم!
بەختەوەرتر لەو کەنیشکانەی لە بیابانێکی چۆڵدا
بە زیندویی لە چاڵ نران!
بەختەوەرتر لەو مێردمنداڵانەی لەبەر دیدەی دایکیاندا
پۆلی داڵ لاشەکەی خواردن!
بەختەوەرتر لەو پێنج هەزار گوڵەباخەی بای ژەهر هەڵی وەراندن!
بەختەوەرتر لە هەموو، هەموو ئەوانەی
لە نێوان دوو زێدا.. لە تینواندا خنکان
لەوانەی لە ئاگردانی گەرماوی خوێنی جەنگەکاندا سووتاون!
هاوڕێم ..مەتۆقێ..
ئێمە هەموو جۆرێکی تۆقینمان دیووە
نەك تەنها لەم چەند ڕۆژە داگیرساوەدا
ئێمە لەناو ئاتەشگەدا لەدایك بووین..
لە ڕۆژهەڵات.. لەسەر زەمینی هەمیشە لە پلەی کوڵانی سەددی
کە هەمیشە.. ئاگر دەگرێتە ئامێزی!
هاوڕێم.. هێور بەوە..
دەزانم باوەڕت نایە..
دەزانم ئەم ڕاستییە بە تۆ نامۆیە،
پێت سەیرە کەسانێ هەبن لە دۆزەخدا لە دایك بن..
پێت سەیرە کەسانێ هەبن هێندە دۆزەخیان خۆش بوێ..
پێت سەیرە و..
ئاخر کارەساتە وڵاتێ شێوەکەی لە تابووت بچێ!
بەڵام .. هاوڕێ
خاتر جەم بە.. سەرەڕای هەموو ئەمانەش
ڕاستی مۆژدەیەکی پێیە..
تەنانەت لە ناو تابووتیش..
ڕۆژێ لە ڕۆژان..
خۆر هەڵدێ!!!...
2003/04/15 ستوکهۆڵم

## گۆڤاری جیهانی منداڵان و چاوپێکەوتنێك لەگەڵ

# شاکار

ناوت چیە؟
= شاکار
نازناوت چیە؟
= گەرمیانی
تەمەنت چەندە؟
= چوارساڵ
خەڵکی کوێی؟
= سوێد و کوردستان
کوردستانت بینیوە؟ ئا ، خۆشە، ئا
شاکارگیان تۆ دەچیتە باخچەی ساوایان؟
= بەڵێ
چەندساڵە دەچی: چەن هاوڕێت هەیە؟
= سێ‌ساڵە دەچم و 10 دانەهاوڕێم هەیە
کام هاوڕێت لە هەموویان لێت نزیکترە؟
= دەنیس و ئەلیساندرا، سەبستیان، ئیما.
ئەو هاو ڕێیانەت لەچەن وڵات و نەتەوەن؟
= دەنیس باوکی تورکەو دایکی سوێدی، ئەلکساندرا شیلیە.
کوردتان لەگەڵە:
= نا، بە تەنیا من کوردم
لەگەڵ کامیان هاتوچۆت هەیە؟
= لەگەڵ هانا.
هانا ماڵیان لەکوێیە؟
= دراوسێمانە. دوو هانا ئەناسم.
هاناکەی تر ماڵیان لەکوێیە؟
= لای ماکدۆناڵەکەی هانینگەیە.
سوێدین یان کورد؟
= یەکێکیان کوردە ئەوی تر سوێدی.
لەبیرتە چوویتە کوردستان؟

= بەڵێ: من کازیوەم بینی، شەڕمان دەکرد لە سەر (دادا).
بۆچی شەڕتان بوو لەسەر دادا؟
= لەبەر ئەوەی ئەمان دەزانی دادای هەردوکمانە.من دەمگوت هی‌منە و ئەویش دەیگوت هی‌منە.
شەرەقسەتان بوو یان چنگاوشی یەکتریش دەبون؟
= نا لیکما نەدەدا هەر شەرەقسەمان بوو، دواجار ئاشت دەبووینەوە. ئەو ئێستا برایەکی بچووکی بووە.
تۆش پێت خۆشە برایەکی بچووکت هەبێ؟ بەڵێ.
برات بۆچیە شاکار؟
= حەز دکەم لەماڵەوە یاریم لەگەڵبکات.
باشە ئێستا برات بیٚ زۆر بچووکە چۆن دەتوانیٚ یاری لەگەل بکەی؟
= هەرباشە ئەی‌گرمە باوەشم.
حەزت لە چ جۆرە هونەرێکە؟ هونەری رۆشنبیر مەبەستت چیە؟
= پێمخۆشە رۆشنبیربم.
ئەم قسە زۆر زلە، لەگەڵ تەمەن و قەوارەی تۆ نایەتەوە کیٚ فێری کردوی؟
= باوکم و دایکم. ئەوان دەڵێن مرۆڤی رۆشنبیر وەك مۆمی داگرساوی ناو تاریکاییە
حەزت لە وێنەکێشان هەیە؟ ئا.
بۆ ئەڵێی ئا بۆ ناڵێی بەڵیٚ؟ حەز ئەکەم بڵێم ئا.
وێنەی چ شتیٚ ئەکێشی؟ وێنەی گوڵ.
چی‌تر؟ قوٚخ. چی‌تریش؟ میوە.
ئەی مرۆڤ ؟ ئا مرۆڤیش و سەعاتیش.
پەیوەندی نێوان سەعات و مرۆڤ چیە؟
= تا بزانیٚ سەعات چەندە.

با باسی ئاژەڵ بکەین؟ ئا.
کاك عەلی چ دیاریەکی بۆ هێناوی؟ بەرخۆلە.
چ رەنگە؟ سپیە.
= حەز لە چ ئاژەڵێکی تر ئەکەی؟ ئا
ئەو ئاژەڵانەی زۆر خۆشت دەوێ کامانەن

_ سەگ و بەرخۆلە و پشیلەو زۆرشتی تر
لەبەرچی سەگ؟ حەزم لە سەگی میهرەبانە
بۆ مەگەر سەگی نامیهرەبانیش هەیە؟
= بەڵیٚ ئەوانەی وا گاز ئەگرن.
نزیکایەتیت لەچ ئاژەڵێکیتر پیٚ‌خۆشە؟
= پشیلە
بۆخۆت پشیلەت هەیە؟
= ئا هەمە بەلأم هی یاریە
ئەمیاوێنیٚ؟ نا پرخە پرخ ئەکات.
دیارە خەوتووە بۆیە پرخەپرخ ئەکات:
= ئا خەوتووە.


مرۆڤ چۆن ئەتوانیٚ مرۆڤیکی میهرەبانبیٚ؟
= رۆشنبیر بێت.
ئەی منالٚ چۆن ئەتوانیٚ میهرەبان بێت؟
= ئەتوانیٚ میهرەبان بێت و تەواو!



تا چاو پێکەوتنێکی‌تر و بۆ هەمیشە سەر فەرازی و تەمەن درێژیت ئاواتمانە. گ.ج.م

**ئامادەکردنی** ئاسۆ بیارەیی

## پەپولەکانی ئازادی




ناو:موحەمەد هوشیار

شوێنی دانیشتن:شاری کەرکوك-گەرەکی ئیمام قاسم

تەمەن:نۆساڵ

چوارخوشك و برام هەیە,هاوینان یارمەتەی باوکم ئەدەم کە کاریقەسابی دەکات.


پلەی خوێندن:پۆلی سێیەمی سەرەتایی

ئارەزوو:تۆپێن وگۆرانی.

هیواکانم:حەزدەکەم دواڕۆژببمە پزیشك بۆ ئەوەی بەخۆڕایی چارەسەری منداڵان بکەم.

زۆرم پێخۆشبوو کە سەدام ڕوخا چونکە غەدری لە خەڵك دەکرد.ئێستا باوکم بەئازادی کاردەکات.

---




ناو:موحەمەد

تەمەن:9ساڵ


خوێندن:نەخوێندەوار،لەبەردەستکورتی باوکم .

هەشت خوشك و برام هەیە.

تورکەکان گوندەکەمانیان سوتاندو ئێستا لە شارۆچکەیەکی دەرەوەی ماردین ئەژین.

ئارەزوودەکەم وەك منداڵانیتر بتوانم بچمە قوتابخانە وببمە ئەندازیار تاکو خانوێکی خۆش بۆخۆمان دروستبکەم.ڕۆژانە پێڵاو بۆیاخدەکەم و جارجاریش قاپ لەم چێشتخانەیەدەشۆم.

---



ناو:کەنارموحەمەد

دانیشتوی شارۆچکەی بیارە

پلەی خوێندن:3ی سەرەتایی

پێم خۆشبوو (جندالاسلام)نەمان ، چونکە بەزۆر سەرپۆشیان ئەدا بەسەرماندداونەیاندەهێشت کچ بچێت بۆقوتابخانە.

هیوادارم ئەوانەی دەسەڵاتیان هەیە خانوەکانمان بۆچاك بکەنەوە.

هاوینان بەماڵەوە باردەکەین بۆ ناوباخ بۆکۆکردنەوەی بەرهەمەکان(گوێز،هەنار،تو،تری و هەنجیر).ئێرە زۆر فێنك وخۆشە.هیوادارم چیتر شەڕنەبێت تا بە ئازادی بژین.



# چیرۆکی ئالان و داری بەڵاڵووک

سارا سوڵتانی

یەکێ بوو یەکێ نەبوو!
کوڕێك هەبوو ناوی ئالان بوو. ئالان کوڕێکی ژیربوو، هەموو ڕۆژێ
کە لەقوتابخانە دەهاتەوە گوێڕایەڵی دایکی بوو پاش پشوودان و
سانەوەیەك دیسان دەرسەکانی بەباشی دەور دەکردەوە پاشان
دەچووە حەوشە کایەی دەکرد.
لە حەوشەکەی ماڵی ئالاندا دار بەڵاڵووکێك هەبوو، ئالان خەریکی
بەڵاڵووك لێکردنەوە بوو، ئەگەرچی ئالان کوڕێکی ژیر و
گوێڕایەڵبوو، بەڵام تووشی هەڵەیەك بوو.
دەزانن ئەو هەڵەیە چی بوو؟
لق و پۆپی دارەکەی شکاندەوە. دارەکە بەزمانی بێ زمانی وتی:
منیش گیانلەبەرم بۆ بریندارم ئەکەی؟ منیش وەك گشت
گیانلەبەرێك پێویستم بە ئاوو خاکە. بریندارم مەکەن و لق و پۆپەم
مەشکێننەوە، با بەڵاڵووکی زۆرتر و خۆشترتان بۆ بەربێنم.
ئالان کە تێگەیشت تووشی هەڵەبووە، بەپەشیمانیەوە ڕۆیشت
هێندەی ئاو هێنا تا بەتەواوی دارەکەی تێرئاوکرد. ئیتر لەوڕۆژە
بەدوا ئالان بەردەوام ئاگاداری و خزمەتی دار بەڵاڵووکەکەی دەکرد.
دار بەڵاڵووکەکەیش هەموو ساڵێك بۆڵە بەڵاڵووکی درشت و شیرینی
بۆ بەرهەم دەهێنا,
منداڵە خۆشەویستەکان بەو هیوایەی ئێوەش ئەگەر تووشی
هەڵەیەك بوون. وەك ئالان هەڵەکەتان قەرەبوو بکەنەوە.

## چیرۆکی بیری منداڵێکی هەژار

ئەشا ئەشا؟ هەر دەڵێی بە بەژن و باڵام براوە؟ یاخوادەڵێی
لەڕۆژی ئەزەڵەوە لەناو چاوانم نووسراوە؟ بۆدەبێ ڕۆژ تائێوارە
بەمکۆڵان و ئەوکۆڵاندا بەدوای ڕۆحەشکاوێ، یان پێڵاوە دڕاوێ.
گوێ بیست و چاوەڕوانی کاکەی هەجیجیبم، کەبە دەنگی بلیند،
های تەشی و بنێشت و ئاردەتوو لەکۆڵاندا دەنگ بداتەوە. منیش
ڕۆحەشکاو و کەوشەکۆن بەبن هەنگڵەوە بەدوایدا بۆ کڕینی
مشتەکۆڵێ ئاردەتوو بۆخۆم و خوشکە چکۆلانەکەم.
تماشا تماشا؟ خوایە گیان ئەوانە چەندە جلی جوانیان لەبەردایە،
ئەی بۆ من نیمە؟
تمیشا تمیشا؟ ئائەوانە لەو باخچەی ساوایانەدا کایە دەکەن و
وێنە دەکێشنەوە. ئەی بۆچی نابێ و نایەڵن من
بچمەناویان؟!منیش وەك ئەوان کایە بکەم و وێنە بکێشمەوە؟
ئەشا ئەشا ئەوانە؟ بۆخۆیان لەقوتابخانە دەرس دەخوێنن خۆزگەم
بەخۆیان. ئاخ چەندە خۆش دەبوو منیش لەم کۆڵان بۆ ئەوکۆڵان
ڕزگارم بوایە، ئەو دەم چەندە خۆشبوو زانا دەبووم هۆشیار
دەبووم، بۆ ئەم کوردستانە نەخشین و ڕەنگینە، چواردەوری ئەڵێی
بەهەشتی سەر زەمینە. سارا سوڵتانی 2003/6/10

## سارا سوڵتانی و لایلایە بۆ منداڵەکەی



لایەلایە ڕۆڵەی شیرینم
لایەلایە چرای ڕێی‌ژینم
ئەستێرەی ئاسۆی
ڕزگاری زێدو نیشتمانم
لایەلایە ڕۆلەی شیرینم
بەرهەمی ژیانی پڕ نامرادیم
لایەلایە کۆرپەی شیرینم
لای لای گشت کەسم
دار عاسای دەستم
بەرهەمی ژیانی تاڵیی دووری
لە زێد و نیشتمانم
لایلایە ڕۆڵەی شیرینم
بەدەم پیدەکەنم
بە دڵ کوڵی گریانم
لایلای ڕۆڵەی شیرینم
لایلای خەوی خێرت بێ
سوێد 2003/5/10

## بانگەواز

### هۆ منداڵانی جیهان

ئێمە منداڵان کۆتری ئاشتین
کۆتری ئاشتیش شەڕناخوازێ
ئێمەش منداڵانی کوردستان
ئاشتی  دەخوازین،
بەڵام دەممان بەستراوە
و باڵمان کەلەپچە کاوە
وڵات و ژینگەمان
مین وێژ کراوە
بەسەرماندا بۆمبا دەبارێنن
خەلەو خەرمانمان دەسوتێنن
قوتابخانە بەسەرمانا دەڕوخێنن
زەینمان چاومان دا دەدورێنن
هۆ هۆ منداڵانی جیهان
هاواری ئێمە بگەیەننە گوێی
دایك و باوكتان
بڵێن ئەی ئاشتی خوازان
خاوەن هەستان
كوا دەستی هاو كاریتان
بۆ منداڵانی کوردسایِن

2001/5/29  سوێد ساراسوڵتانی



## خەمی پیری

ئێوارەیەو
لەگەڵ ئاوابوونی زەردەی هەتاو
مەرگی شیعرێکم ئاوادەبێ
بەڵام دیسان خەمێکی تر!
هەروەك بەفر
هێورهێور دەبارێت و
سەربانمی لێ پڕ دەبێ،
بە دیتنی بەفر
چاوەکانم
کزتر دەبێ و
لاقەکانم
ئەم جارەیان
هەوراز و ڕێ نزیکەکانی ، بەفر گرتوویان
پێ دوور دەبێ!
دەستەکانیشم
بەرەبەرە!
سستو لەرزۆکتر دەبێ!
ئەوجا سەری کاسم
لەم کاتەدا!
هۆشی لەدایك دەبێ!
لەگەڵ سەربانی پڕبەفروو،
چاوی  کزبوو لاقی ماندوو
دەستی لەرزۆك = گفتووگۆیان
تاکوو ڕۆژی مەرگ  زێدەتر دەبێ!

2003 بەختیار عەلی



## بوون و گۆڕان!

لە بەرەبەیاندا
کە شەبەق  شەوق دەداتەوە
سەرەتای ڕووەکی گیا و درەختێك
لە مەزرەعەی سرووشت دا
شکڵ دەگرن
بەرەبەیانی بەهار
سروەی نەسیم
دەیانخاتە شنەشن و
شەکاندنەوە
هەتاوی هاوین
بە نار و بەهێی و
پرتەقاڵ و شەمامۆکەوە
دەیان نەخشێنێ!
ڕەشەبای پایز
گەڵای زەرد و
کەسك و سوور و
سیوەیل ڕەشتوویان
هەڵ دەوەرێنێ
سیخواری ئاخری پایز و سەرەتای زستان
فرمێسکی کریستاڵ ئاسایان وەك بلوور دەمەیێنێ
چلەی زستان لە بەستەری دواکاتەکانی تەمەنیاندا
دەیانخەوێنێ
دیسانەوە
لەهەزاران بیچم و شکڵ و شێوەی
شیرین و دزێودا  دەیانخولقێنێ!

2003/8/28  یوتیبۆری عەلی کیتابی

# جوان ناسی و دزێو له قاودان!

نزیكی 10 ساڵ لەمەو پێش بوو ڕێبواری شاعیر واته موسلیحی شێخ الاسلامی، بەناوی "سەرنجێك لەسەر جوانناسی له ئەدەبیاتی کوردی‌دا"هەنگاوێکی زۆر چکۆله و زۆرگرینگی بەرەو گۆڕەپانی کێبڕکێی شاسوارانی جوانناسی‌و شیرینکەلامان هەڵگرت و لەیەکەمین و دووهەمین ژمارەی گۆڤاری هانادا بڵاوکرایەوە، بەو هیوایەی هەستی هەستیاران، وەها بورووژێنی، کاروان و کاروانسالارانێك لەبیچمی، بێسارانی، مەولەوی، مەحوی، ناری، نالی و وەفایی و.... بەتایبەت گۆران ڕچەشكێنی ڕێگای جوانناسی‌و هۆنراوەی نوێی‌کوردی زیندووکاتەوە. بەڵام بەداخەوە کەس بەهانایەوە نەهات. بۆ؟!

بێگومان هاوڕێ ڕێبوار ئەو باسه گرینگ و جوانەی بەزەڕووەرەقی سیاسەت و حیزبایەتی‌یەوە پێچا! بۆیه کەس گوێی بۆ بانگەوازەکەی شل نەکرد و بەهانایەوە نەهاتن. ئێستاش كه پاش 10 ساڵ بۆماوەی 2 سەعات له ڕادیۆ بانگەوازی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێرانەوە بڵاویانکردەوە و وتوو وێژێکی ڕاستەو خۆی تەلەفۆنیان لەگەڵ خودی هاوڕێ ڕێبوار کرد، بەو هیوایەی باسێکی لەسەر هەڵخڕێنن. بەداخەوە کەس زەنگی بۆ لێنەدان و بەدەم هانا و داخوازی و بانگەوازەکەیانەوە نەهاتن!؟

به بڕوای من: ڕەنگه وایش نەبێ بەڵام من پێموایه ئەوە سورشته مەکان و زەمان هەلومەرج و سەر چاوەی نیاز و زەرورەت دەخولقێنێ، که دەریا و زەریا و جوانترین چۆڵو چیا، چاوگه و چیمەن و گوڵو گژو گیا تەسویری دەکا و دەی‌ڕازێنێتەوە. هەر وەهایش ئەوە نیاز و ویست و حەز و ئارەزوی دەروونی و جەستەیی خودی ئینسانه که دەیکاته نووسەر و بوێژ و هۆنەر و هونەرمەندی تەشکیلی، که به دەیان و سەدان و بگره بەهەزاران غەزەل، وێنه، تابلۆ، بەسته و ڕسته، به بەژن و باڵای خۆشەویست و دڵدار و خوا و شا، شێخ و پیشەوا و ڕێبەری‌دا هەڵدەلێ، دەخوێنێ و تەسویر و تەزویریش دەکات. به بڕوای‌من ئەمه ماف ڕەوای هەموو کەسێکه تا دەتوانێ و بۆی دەکرێ بەباڵای دڵدار و خۆشەویستی خۆیدا بخوێنێ و هەڵبڵێ بنووسێ و تەسویر بکات. به مەرجێك بولبول ئاسا، هەمیشه بۆ گوڵ و لەسەر چڵی گوڵ بخوێنی قەت نەچێته سەرچڵی دڕکو داری ژەقنەمووت و تەزویر نەکات. مەبادا وەك بڕێك مرۆڤی بەرچاو تەنگی چاو چنۆك، كه کولێرەی دیمیلەی هارەکرێ، بەچێشتی کاڵەبرۆیشی بێ‌تاموخوێوە، زۆر لای خۆش و سازگار و گەوارابێ. ئەمه بەومانایەنیه،بولبول لەهەلومەرجی‌کارەسات و برسێتی مەرگزێ و لەترسی (قوش و واشه) پەنا نەبا بۆ دان و دەوەنی دڕکاوی، بۆپاراستنی لەش و ڕۆحی خۆی. بەڵام بەو مانایه بێ که حاجی قادری کۆیی وتوویەتی:

| وقت حاجت جایگاهی چون خلا دلخواه نیست |
| --- |
| هرکه انکارش کند از کون خود ئاگاه نیست |

هەروەها من پێم وایه: ئەوە دەرد، ڕەنج، دژایەتی، دوژمنایەتی، زوڵم، ستەم و نابەرابەریه وەك ( تێز و سەنتێز ) گوڵ دەگەنێنێ دەیکاته چقڵ، هەنگوین دەکاته سەممی مەرگ زێ. بەداخەوە ئەو زانا و فەیلەسوف و نووسەر و هەستیاره جوان ناسانەی كه به خۆیان و فەلسەفه و هونەر و ئەدەبه جوانناسیه کەیانەوە دەکەونه ناو بازنه و تۆڕی سیاسەت و حیزب و مەزهەبەوە، وەك ئەو هەنگوینه گەراوە، و گەنیو و گۆڕاو به سەممی مەرگزێ‌یه وان، جگه له نیفاق و تەفرەقەو هەڵاواردن بۆ کۆمەڵگه، کەڵکیان نەبووە و نیه.

من لەکۆتایی ئەم لەقاودانەمدا دەڵێم: لێکدانەوەکەی کاك موصلحی شێخەالاسلامی دەکرێ وەك (وێنەیەك)ی پڕله (دووڕوویی و تەناقوز) بشوبهێنرێ. چونکه ئەو بەڕێزه لەلایەکەوە گۆران وەك باوك و لووتکه و بناغەی جوانناسی له ئەدەبیاتی نوێی کوردیدا دەناسێنی، له لایەکیشەوە دەڵێ ڕەنگه(گۆران بەهەڵکەوت و نائاگاهانه جوانناس و نوێ خواز بووبێت. منیش پێموایه ئەگەر هاوڕێ موصلیح لەناو بازنەی سیاسەت و حیزبایەتیدا نەخولایەتەوە. ئەمهەڵوێستو بۆچوونی نەدەبوو!

یۆتیبۆری سوێد عەلی کیتابی 2003/7/2

# سەرنجێک لەسەر جوانی ناسی

## لە ئەدەبیاتی کوردیدا

**رێبوار**

" بەهارە زەوقی بە عیلاتە، بایە ئاو و هەوا "

1

سەرەتا:

مەبەست لێکۆڵینەوەی جوانناسی بە گشتی نیە. مەبەست لێکۆڵینەوەیەکی کورت و دامەرزاندنی باسێکە لە سەر جوانی‌ناسی نوێ لە شێعری کوردیدا . کە دەڵێم دامەرزاندن مەبەستم ئەوەیە ئەم باسە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاترە. ئەوەی لەمن بووبێ تێکۆشاوم دامەرزاندنەکە لە سەرێکی عیلمی (ماتریالیستی تاریخی)یەوە بێ و رێگای لێکۆڵینەوەی دوایی هەموار کردبێ.

حوکمەکان:

1. جوانی ناسی بەشەر هەمیشە لە ئاڵ و گۆڕدا بووە .

2.ئەم ئاڵ و گۆڕە بۆ ناسین دەبێ و بەگوێرەی ماتریالیسمی تاریخی لێکدانەوە هەڵدەگرێ.

3. ئەم ئاڵ وگۆڕە هەتا هاتووە، بە تایبەت لە دەورانی سەرمایەداری و سەدەی بیستەمدا، رەوتێکی خێراتری بووە.

4. شێعر و هونەر بە کوردیش، وەك باقی‌تر، تووشیاری ئەم ئاڵ و گۆڕە بووە.

5. لە مەیدانی شێعردا، گۆران، لەم بابەتەشەوە هەنگاوێکی بەرزی ناوە گەرچی وادیارە خۆی ئاگاداری نیە.

6. جوانی ناسی چینایەتی قسەیەکی موعتەبەرە.

7. لە هەر دەورانێکدا، جوانی‌ناسی چینی حاکم دەبێتە جوانی‌ناسی کۆمەڵ.

8. جوانیناسیەك کە لە سەدەی بیستەمدا بە سەر ئەدەبی کوردیدا زاڵ بووە دەکرێ لە زەوقی جووتیارانە، یان ناسیوناڵیستیدا ببینرێتەوە.

9. جوانی ناسی نوێ، یان بڵێن کارگەرانە و سوسیالیستی، لانی کەم لە هونەری کوردیدا، کەم باس کراوە.

10. ئەم حوکمانە هەمو, جێگای باس و لێکۆڵینەوە و- دیارە - گۆڕینیشن.

11. ئەمانە پێکەوە نەك بە جیا جیا ئەو نیگارە رەنگاورەنگە پێك دێنن کە واقیعییەتی زیندوی ئەدەب و هونەری کۆمەڵ بنوێننەوە.

12. ناسینەوەی جوانی ناسی نوێ و رێگرەکانی و هاندەرەکانی رێگای ئاژوانی هونەر و جوانی خۆشتر دەکا.

ئەم حوکمانەی سەرەوە، هەر تەنیا بۆ ئەوە هاتوون کە باسەکە بە رۆشنی دەست پێ بکرێ. لەوانەیە لە جەرەیانی باسەکەدا، یان پاش لێکۆڵینەوە و رەخنەگرتنی بەشداربووانی‌تر بگۆڕدرێن، یان بە شێوەیەکی‌تر بەیان بکرێن.

2

ئای شل، شل و مل، شل و شێواوی

ئەڵێی نۆبووکی زاوا لێی داوی !

بڵێی بووکەکەش ئەم شێعرەی پێ جوان بی؟ نۆ بووکێك کە زاوا لێی دابێ، رەنگە لای هەندێك پیاو (یان ژن)ی پیاوسالار نیشانەی پیاوەتی پیاو و زەلیلی ژن بێ و هەر بۆیەش "خۆش " بێ. بەڵام پیاو( یان ژن )ی مودێرن و شارستانی، شتی وا ببیستێ، مووچرکی پێدا دێ و ئەگەریش ببیسێ، رەنگە شەر لەگەڵ زاوای تاوانبار بکا، یان بیدا بە دەست پۆلیسەوە!( دیارە لە شوێنی وەکوو ئێران و ئەفغانستان، پۆلیس نەك هەر زاوا تاوانبار ناکا، لەوانەیە خەڵاتیشی بکا). ئەی چۆن هەر ئەم شێعرەمان بەدەنگی خۆشی "خالەقی" دەرخوارد دەدەن و لەوانەشە بە خۆمان نەزانین و پێمان خۆش بێ؟!

رەنگە هەر ئەم نموونەیە بەس بێ بۆ ئەوەی خوێنەر خۆی بیر لە نموونەی‌تریش بکاتەوە و بۆی روون بێتەوە کە چلۆن لەززەت بردن و بە جوان زانینی بەرهەمی هونەری لای هەموان یەکسان و یەکجۆر نیە. مەبەستیشم لێرا سەلیقەی شەخسی نیە کە دیارە ئەویش دەکرێ پێی بڵێی جۆراوجۆر.لێرا من بە تەمام لە جۆراوجۆر بوونی زەوق و سەلیقەکان بکۆڵمەوە و جۆراوجۆر بوونی کۆمەڵایەتی سەلیقە و زەوقەکان بخەمە بەر رۆشنایی.

– " پلەخانوف" لە نووسراوێکی خۆیدا، شێعرێك لە دەنگ بێژی بە ناوبانگی سەدەی دوازدە بە ناوی Bertrand de Born دێنێتەوە کە ئاوایە:

به لای منەوە

راکردن و بەزینی ئینسانەکان ...

لە بەر دەستی ئەو شەرکەرانەی

کە تەقڵەکوت بە شوێنیانەوەن

خۆشە ....

نە خواردن،نە خواردنەوە،نەخەوتن،

هیچکامیان

بە قەدەر دیتنی ئەو لەشە

کون کون کراوانە

خۆشیم پێ ناگەیەنن "

"پلەخانوف" پاشان دەنووسێ، شێعرێکی لەم چەشنە تەنیا دەرەبەگ و خاوەن شکۆکان دێنێتە سەر کەیف. ئەگینا ناشێ بۆ جووتیاران و ئەو " ئینسانانە" کە ناچاربوون " لە بەردەستی ئەو شەرکەرانەی کە تەقڵەکوت بە شوێنیانەوەن" ببەزن، لەززەتێکی تێدا بووبێ!

– هەر تاجر و کاسبکار و تەنانەت هەر وردەواڵە فرۆشێك ئەزانێ سەلیقەی مشتەرییەکانی چۆنە، کوتاڵی لێ دەبێتە کەڵەگا و بۆی نافرۆشرێ.دیاریشە نایەن بۆ هەزاران سەلیقە و، بە ژمارەی مشتەرییەکانیان کوتاڵی جۆراوجۆر بێنن.ئەگەر پارچەی لیباس بۆ ژنی جووتیار و عەشایەر دێنێ، رەنگی سوور و سەوزی زەق هەڵدەبژێرێ. بەڵام بۆ ژنی شارستانی، لە تەرکیبی رەنگ و نەخش و نیگاردا، سەلیقەیەکی شارستانی لە بەر چاو دەگرێ.ئەو جەنابانەی خۆیان هێندە بە موخلیسی شێعر و هونەر دەزانن کە کراسی تەبەروك بە بەریدا دەکەن و دەڵێن هونەر و جوانی باسی زەوق و سەلیقەیە و ناسین هەڵناگرێ، ئەبێ لەو کاسبکارانەوە فێر بن.

– هەر وەك سەیر نیە لە کۆمەڵگای قەدیمدا کە کشت و کاڵ سەرچاوەی ژینیان بووە، ئینسانەکان خۆیان لە نێو رەنگی زەقی گوڵ و گیادا پێ جوان بوویێ، سەیریش نیە ئەگەر لە کۆمەڵگای سەنعەتیدا ئەوە بە سەلیقەیەکی کۆن و قەدیمی بناسرێ.

– ئیتر رەنگە درێژەی پێ نەوێ کە سەلیقە و جوانی ناسی ( بەو بۆنەشەوە هونەر) بەگوێرەی ژیانی مادی ئینسانەکان شکڵ دەگرێ و دەگۆڕێ: هەر لە گۆرانی گوتنی خێڵەکانی ئەوستورالیاوە بە کانگۆرۆ دا، کە خواردن و خۆراکی ئەسڵییانی لێ دابین دەکەن، هەتا سرووده میلیەکان, کە سەرمایەداران خۆڵی پێ دەکەنە چاوی کارگەرانەوە و بە ماڵ لەیەك بوونی میللی سەرمایەی خۆیان لە دەسرەنجی ئەوان زیاتر وزیاتر کۆما دەکەن، هونەر و بابەتی هونەریش خزمەتی بە بەرژەوەندی مادی ئینسانەکان کردوە و، لەو کاتەشەوە کە کۆمەڵ چینایەتییە، خزمەتی بە چینێك کردوە لە دژی چینێکیتر.

3

مەمکێکت نارنج یەکێکت لیمۆ،
کامیان هەڵگرم؟ کامیان کەم بە بۆ؟

چواندن وتەشبیە کردنی جوانی ئینسان بە گوڵ و گیا و میوە لە ژینی کۆمەڵگای کشت و کاڵی دەوەشێتەوە کە زۆر بەستراوە بە سروشت و گیا و گوڵەوە. دیارە ئەم چێژ و زەوقە لە ژیانی شارستانیشدا وەك یادگارێکی کۆن دەمێنی، بەڵام لە هەمان کاتدا چێژێکی تازەش سەری هەڵداوە کە مۆرکی دنیای سەنعەتیی و شارستانی پێوەیە و لە هونەری کۆندا بە دەگمەن بیندراوە، ئەویش، دانانی ئینسانە بە پێوانەی جوانی.

کام ئەستێرە گەش، کام گوڵی کێوی

جوانە وەك کوڵمی، لاجانگی، لێوی؟

گەلێك لەم چواندنانە، کە بە ئاشکرا جوانییەکانی ئینسان لە جوانییەکانی سروشت بە باڵاتر دادەنێ, لە شێعرەکانی گۆران دا هەن:

... لەشنەی بای شەو رەوانتر

لە لەرەی پرشنگ، ئاوازە،

لە خوڕەی ئاو ، شێعری تازە

بە ئاهەنگتر ، بە خرۆشتر،

بە گوێچکەی دڵ دەنگی خۆشتر،

پێی ناز ئەنێ بەسەر ئەرزا

جوانی لە بەژنێکی بەرزا.

یان:

شێعرێ کە وەك ساوا نازار و جوان بی

یان:

ئەی مۆسکۆ ئەی ژنی جوانی سپی پۆش...

یان:

باکۆی کچی لە سەر دەریاچەی قەزوێن

شانە ئەدا لە قژی زەردی خاوێن...

یان:

ریزێك نەمامی دارچوالەی نازدار

کە، رێك وەستابوون لە سەر گیای بەهار

وەك بووك ئەندامیان لە سووراو نابوو..

یان تەنانەت هەڵاواردنی جوانی زەوق و دەروون لە چاو جوانی رواڵەت، کاتێك دەڵێ:

زۆر قژی زەرد سەرنجی راکێشاوم

زۆر چاوی شین داویە پرشنگ لە چاوم ....

بەڵام ئەوەی لێی وروژاندم هەستم

ئەو کتێبی شێعرەیە داتە دەستم

گران هەتا دوا هەناسەی ژیانم

لە بیرم چێ ئەو جوانەی دای نیشانم

دیوانەکەی"بورنس"کە نەغمەی شێعری ئەڵێی کچە پێ ئەکەنێ، یان ئەگری.

دیوانەکەی گۆران هێندەی لەمانە تێدایە کە هەر لە بەر برینەوە لە کورتی دەست بەرداری باقیتر ئەبم و دێمە سەر باسەکە:

چواندنی جوانی بە ئینسان و شتی ئینسانی، ئەمەیە ئەو بابەتە کە دەمانەوێ لەم باسەدا بیخەینە بەر ڕۆشنایی! ئەم چێژە بە لای منەوە بە ئاشکرا فەرقی هەیە لە گەڵ چواندنی جوانی بە سروشت!
چێژی ڕوو لە ئینسان بە ڕای من چێژێکی تازەیە کە لە کۆمەڵگای کشت و کاڵی(پێش سەرمایەداری)دا نەیدەتوانیباڵا بکابەڵکوو ئەوە چێژی ڕوو لە سروشت بوو کە بە بۆنەی گرێدراو بوونی ژیانی ماددی کۆمەڵ بە سروشتەوە. ڕۆڵی ئەسڵی هەبووە و هەتا ئێستاش لانی کەم لە هونەر بە کوردیدا وەك چێژێکی نورماڵ ناسراوە. لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا، کە کاری ئینسان، ئاشکراتر لە هەمیشە وەك سەرچاوەی ئەسڵی بژێویکۆمەڵ دەناسرێ و، تەنانەت کشت و کاڵیش، بە بۆنەی باڵا کردنی سەنعەتەوە، لە ئەسارەتی سروشت ڕزگار دەبێ، ئیتر سروشت ناتوانێ وەك جاران دیاریکەری ژیانی ماددی و بژێوی بەشەر و هەروەها چێژی هونەریش بێ. ئەمجار ئەوەی خاوەنی سەرچاوەی ئەسڵی بژێوە، کە خودی ئینسان بێ، لە هەموو کاتێکی پێشوو بەڕێزتر و خۆشەویستتر، دەبێتە سەرچاوە بۆ چێژی هونەریش. دیارە، هەر بەو بۆنەشەوە کە کوردەواری تاقە شوێنی سەرمایەداری جیهان نیە، ئەم باسەش تایبەت بە زمانی کوردی و هونەر بە کوردی نیە و لە گەلێك شوێنی تری ئەم جیهانە، باسەکە قەدیمتریشە.کاتێك " گورکی" دەڵێ جوتیارگیرۆدەی سروشتە بەڵام کارگەر سروشتی خۆش دەوێ و " لۆناچارسکی" لێی زیاد دەکا کە جووتیار وەك بەندییەکی سروشت پێیدا هەڵدەڵێ بەڵام کارگەر سروشتی دەستەمۆ کردوە، بە بڕوای من هەر ئەم باسە دەکەن.بە هیوام لە مەجالی تردا مەسەلەکە لە پانایی جیهانیشدا باس بکەین، بەڵام ئێستابا باری خۆمان زۆر قورس نەکردبێ.
حەقە لێرەدا کەسێك بپرسێ لە کەیەوە سەرمایەداریبوو بە مەجالێك بۆ ڕێز و خۆشەویستی ئینسان؟! لە کەیەوە سەرمایەداری، خاوەنی بۆمبای شیمیایی و ئەتومی، بوو بە ڕێزگری ئینسان؟! بە ناونیشانی بێکاری و لە برسا مردنی ملیونی و قات وقڕی هەمەلایەنە و تەنانەت چوونە قاتی ئوکسیژین و کەوتنە مەترسی خودی ژیان و مانەوەی حەیات لە کورەی زەویدا، سەرمایەداری لانکێکی مێهرەبان نیە بۆ هیچ کۆرپەیەك و نە بۆ کۆرپەی هونەریش.

بەڵام ئەگەر من پێم وابێ پێش سەرمایەداری بە بۆنەی داماوتر بوونی ئینسان لە دەستی سروشتدا نەدەکرا چێژی ڕوو لە سروشت بگۆڕێ بە چێژی ڕوو بە ئینسان، دەقاودەق ناکاتە ئەوەی کۆڕپەی هونەر بنێمە کۆشی سەرمایەداری. لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا بێجگە لە چینی سەرمایەدار، کە زەرووی کۆمەڵە، چینێکی تریش هەیە کە خاوەنی ڕاستەقینەی سەرچاوەکەیە و ناوی چینی کرێکارە. ئەو چێژە هونەرییە کە ڕەنگدانەوەیچێژی ئەم چینەیە پێش پێکهاتنی کۆمەڵگای سەرمایەداری باڵا ناکا.بەڵام لەم نیزامەدا دەست دەکا بە کار کردنە سەر هونەرمەندان و بە خولقاندنی بەرهەمی هونەری و پێکهێنانی مەکتەبی هونەری. ( ڕەنگە من لێرە سەر کۆنە بکرێم کە بازم داوە بە سەر چێژی ئەسڵی هونەری کۆمەڵی سەرمایەداریدا و باسی ململانێ و دەرهێنانی چاوی یەکترم نەکردوە کە – ئەخلاقی باوی ئەم کۆمەڵگایەیە و بەناچار، کار دەکاتەسەر چێژە هونەرییەکەشی. با ئەم بازەشمان دابێ و جارێ هەر باسی چێژی ڕوو لە ئینسانمان کردبێ بزانین دوایی چلۆن دێینەوە سەر ئەمەش.) ئێمە یەکەمین سەوداسەرانی ئەم ڕێبازە نین و هەر کەسیش ڕێبواری ئەم ڕێبازە بووبێ بەو مەعنایە نیە کە چێژێکی ئینسان پەروەر و زەلاڵی هەبووە. ڕێئالیسمی سوسیالیستی وەبیر هێنەرەوەی هەوڵ و تەقەللایەکە، هەر چەند، بە ڕای من و زۆر کەسیتر، سەرکەوتوو نەبووە.هەروەها گەلێك کۆششیتر بە ناوی هونەری کارگەری و فەرهەنگی پرۆلێتێری و شتی وا، هاتوون کایەوە کە هیچ نەبووبێ نیشانەی حزوور و هەبوونی چینێکی کۆمەڵایەتی بە هێزە کە لە مەیدانی هونەر دا چێژ و بۆچوونی تازە دەخوازێ. هەر ئەم نموونانەی لە " گۆران" هێنانەوە خۆیان نیشانەیەکی ئاشکران لەباڵاکردنیئەم چێژە لە شێعری کوردیدا. گەرچی ئەوەش ڕاستە کە " گۆران"گەلێك شێعریشی هەن کە هیچی بە سەر ئەم باسەوە نیە! موددەعی، هیچ نەبێ، دەتوانێ بڵێ کە " گۆران" خۆی ئاگاداری ئەم داهێنانەی خۆی نەبووە! ئەوەی کە " گۆران" خۆی چەندە خۆی بە قەرزداری کارگەر زانیوە، یا خود چەندە لە ڕوانگەی ناسیونالستییەوە تەماشای دنیای کردوە، باسی ئەم مەجالە نیە. لێرە، نەك کۆڵینەوە لە " گۆران" ، بەڵکوو باسکردنی چێژی جوانیناسی ڕوو لە ئینسان لە شێعری کوردیدا مەبەست بووە.

4

چەند دە ساڵێکە " گوران" نەماوە و، بە نێوبانگترین شاعیرانی کوردی بێژ، لە ماو و مردوو، لەم ماوەیەدا ژیاون و شێعریان داناوە بەڵام نە "هەژار"و نە "هێمن" و نە "شێرکۆ" و نە هیچکامیتر لە هەرە بە نێوبانگەکان، نەك ئەم ئەرکەیان بەرەو پێش نەبرد، بەڵکوو، بە ڕای من بەرەو دواش چوون! جوانی ناسی شاعیرانی دوای "گۆران" تا ڕادەیەکیلە بە ر چاو گەڕایەوە بۆ سروشت پەرەستییەکی شەیدایانە و نەك هەر لە دواکەوتوویی جووتیارانە دەرچوو بەڵکوو ڕێك و ڕاست بوو بە خاك پەرەستییەك کە، بەئاشکرا نەك بە ڕەمز و ئیشارە، ئینسان دەنێتە پێناوی خاك

و ئاو و بێ شەرم و شكۆ ناسیونالیسم و دژایەتی لە گەڵ ئینسان بانگەواز دەكا! رەنگە لێرەوە بچینەوە سەر ئەو باسەی كە پێشتر بازم دا بە سەریدا.

لەپێشدا داوای لێبوردن لە خوێنەر دەكەم كە ناچارم ئەم نمونەیە لە بەر پیویستی ناسینی چێژی شاعیرەكەی سەبارەت بە ئینسان (ژن) بینمەوە:

ژنەكی كوێر لە گوندی لەلان بوو
دووره دیده و هەتا بڵێی جوان بوو
سۆفییەكی شێخ رەشیدی لولانی
رۆژێ لای شێخ بە دەرفەتی زانی
وتی:گەر من لە خۆمی مارە بكەم
سوێند ئەخۆم دەردی چاوی چارە بكەم
سیسە سۆفی ژنەی لە باری برد
نە پزیشكێكی دی و نە چاری كرد
شێخ وتی: سوێندی سۆفی بە درۆ بوو
وتی : سوچی سە ماوەری تۆ بوو
ئاگری كوێر ببو نە خوست و نە هەست
چاپەزت هاتە پێش و شیشی بە دەست
لینگی راكرد و خۆیشی راكێشا
لە كونی خوارەوەی پیا كێشا
چاوەكانی گەشاوە، هاتە دەنگ
رەژوو رەش بوونەوە بە سوورە پەرەنگ
من وتم ژن سەماوەرە و كوێرە
چاپەزی پێ دەوێ و بە شیش فێرە
هێندە خەریك بووم تیا چەما شیشم
وەختە كوێرایی دابێ چاویشم

هەژار ــــ بۆكوردستان، لاپەڕەی 235

چەند ساڵێك لەمەو بەر لە سمینارێكی ئەدەب و هونەر هەر لە سەر ئەم باسە ( لە شاری گوتنبرگ لە سوید) كە ژنان و پیاوانی ئەدەب دۆست بەشداریان كردبوو. یەكێك لە بەشدار بووان هێرش كردنی من بۆ سەر هەژاری لە بەر گران هات. منیش دیوانەكەی هەژارم لە بەر دەست بوو، نامە بەر دەستی و داوام لێ كرد ئەو شێعرەی سەرەوە بخوێنێتەوە بۆ جەماعەت، هەرچی كردی و كۆشای لە رووی هەڵ نەهات!

شێخ رەزا نەبی و لە 1960ە كاندا و پاش گۆران ژیابی و ئاوا باسی ژن بكەی؟!

كوڕ بە دایكی گوت: بێجگە لە باوە
چەند شوی ترت بوون . وەڵامی داوە:
نۆ مێرد لەو هۆزی و نۆ مێرد لەم هۆزی
دو نۆش لە هۆزی نەوڕۆژە قۆزی
نۆ لەبەر هەتا و خۆیان ئەدۆزی
نۆشیان نیوەی ساڵ دەژیان بێ رۆزی
شەشە و شەشان و شەشێكی تریش
ورچەی ئامان و رەشێكی تریش
بە خوا رۆڵە گیان دەست بە هەویرم
وردە مێردەكان كەم دێنە بیرم؟!

هەمان سەرچاوە ل 250

ژن بێ یەك گوتی بە شێخ و نادۆ
نە زورنا خۆشە و نە لی لی و لۆ لۆ
ئەگەر تۆ ئازای زورنا باوێژە
هەر بەو دەهۆڵەت دلۆیە بێژە
وتی: تۆ بایەك بە پێشت بەردە
منیش دەبینم چاری ئەم دەردە
هەمان سەرچاوە ، ل 250

شێخێك بۆ ژنان ئامۆژگاری بێژ
هەرای بوو لە مەڕ دروستی دەسنوێژ
دەیگوت: توكەبەر ون كا دەنكە جۆ
لەش پیسە و نوێژیان دەڕوا بە فیڕۆ
لاوێكی بێ موو چووبووە قوژبنێك
بەرگی وەك ژن بوو پرسی لە ژنێك:
دەستێكت بێنە بۆ سەر بەر گەدەم
بزانە چۆنە دەگەڵ گفتی ئەم
ژن هاتە دەستی رەقێ لەو ناوە
هاواری كرد و دڵی بووراوە
شێخ فەرمووی: پەندم بە هێز و پێزە
وا دای لە دڵی ئەم خۆپارێزە
لاو گوتی: یا شێخ ، هەڵی دەبەستی
نەگەیی بە دڵ گەیشتە دەستی
پەندی رەقی تۆ كار لە دڵ ناكەن
دەبێ رەپ و راست لە دەستت راكەن
هەمان سەرچاوە. ل 249

رەنگە تێك شكاندنی بوتە كۆنەكانی ئەدەب و هونەری كوردی كارێكی ئاسان نەبێ، بەڵام بەرەو پێش چوونی ئەدەبی كوردی،

رەخنەگرییەکی قووڵی پێویستە کە لەوانەیە هەندێك لە بوتە گەورەکان و تەنانەت خوداکانیشی پێوە سەرنگوون بێ.

هەر وەك لە بەشی پێشودا سەبارەت بە "گۆران" نووسیم،مەبەست لێکۆڵینەوە لە کەسایەتی شاعیرەکان نیە و لێرەش دا قسە لەوە نیە کە هەژار لە شوێنێکی تری دیوانەکەیدا لە سەر زوڵم و زۆرێك هاتبێتە جواب یان لە کاتێکی ژیانیدا فەرهەنگی کوردی نوسیبێ یان چەندە لە دروست بوونی کۆنەپەرەستی‌یەکی هیستریك لە نێو خەڵکی کوردستاندا بەر پرس بێ. لێرەدا قسە لە جوانی‌ناسی"هەژار"ە لە سروشت پەرەستی نەشاراوە هیچ، بێ حورمەتی بە ئینسانیش تێیدا بە تیکرا هاتوە. وەك ئەوەی سەرەوە سەبارەت بە ژن لە دیوانەکەیدا کەم نین. بێجگە لەوە، بە بڕوای من هیچکەس، لەوانە"هەژار"یش بۆی نیە بە بۆنەی (یان بە بیانووی) زوڵمی‌میللییەوە کەلە کورد کراوە ،هیستری دژ بە ژن و دژ بە میللەتانی تر (وەك دواتر نیشانی دەدەم) هەڵڕێژێ، یان بەو جۆرە تیتاڵی بە و هەژارانە بکا کە پێیان دەڵێ جاش! بێ حورمەتانەتر لەوەش و زۆر بێ پەرواتر ، هێرش دەکاتە سەر ئەم ئینسانانەی پێیان دەڵێ" عەجەم"(فارس و تورك) یان "عارەو" (عەرەب)بێ حورمەتی بە ژیان و بە پیرۆز گرتنی هیستریکی مەرگ و کوشتاریش سەرباری گشت!

کێ پەنای گرت لە رهێڵەی تۆپان

چەند سەگەت بوون عەرەب و جاش تۆپان

سەردەمی خەنجەری کورد هاتەوە گەڕ

سەری وشکی دەبڕی و گۆشتی تەڕ

خوێنی پیسی لەشی سیسی عەرەبان

گزڕ و فیچقەی بوو لە سەر تیغی دەبان

هەمان سەرچاوە ل 145

لەوانەیە شاعیرێك هەژار بووبێ یان دەوڵەمەند. بە دەربەدەری ژیابێ یان حەساوە،لە کەرەج "ناچار"بووبێ بە خومەینی‌دا هەڵ بڵێ یان لە کانگای دڵەوە، بێ هیچ شەرم و شکویەك، سەرۆك عەشیرەیەکی کۆنەپەرەستی کردبێتە قارەمانی ئازادی، یان هەر رێك و راست شاعیری دەربار بووبێ و بە شێوەیەکی عیرفانی شێخ و عەشایری بەرز کردبێتەوە. لەوانەشە هەر ئەم شاعیرە لە لایەن سەرمایەداران و ئەنواعی حیزب و تاقمەی چەکدار و حوکومەتی هەرێمەوە رێزی خودایانەی لێ بگیرێ. بەڵام بە هیچ جۆرێ ناتوانێ زەوق و چێژی هەموو کۆمەڵی کوردەواری بنوێنێتەوە.بێ حورمەت کردنی ئینسان و لە پێناوانی ئینسان بۆ خاك و بۆ سروشت لە گەلێك بابەتەوە بە مەزاقی دەسەڵاتدارانی ئێستا خۆشە. یەکەم با برسیەتی و فەقیری خۆیان لە پێناو خاکدا لە پێش چاو پیرۆز بێ، با بە شەوارە بکەون تا بە پێش چاویانەوە، ئاغایان بە میلیون و میایارد بنێنە سەر یەك، بێ ئەوەی خەڵکەکە بە ناشیرینی ئەو کردەوانە راچڵەکێن و داوای حەقی خوراوی خۆیان بکەن. کاتێك شاعیرێك بەم جۆرە ئینسان بێ حورمەت دەکا ئایا دەتوانێ چێژی ئەو هەژارانە نوێنەرایەتی بکا؟ یان چێژی چینێکی کۆمەڵایەتی دیکە ( بگرە تاقمێکی دیاریکراوتریش لەو چینە) دەنوێنێتەوە کە ئاوا خەڵاتی متموستایەتی و شەرەف دەکەن بە بەریدا کە من و تۆیش ئەگەر بەیرین رەخنەیەکی لێ بگرین لە سەد لاوە چاومان لێ زیت دەبێتەوە؟

کام ژن یان پیاوی ئاسایی و سالم دەتوانێ ئیستا ئەم دیوانە, کە پرە لەو جۆرە شێعرانە, بخوێنێتەوە و بێزی هەڵنەستێ؟ من ئەگەر بەم چێژە بڵێم ناسیونالیستی، دەبێ لە پێش دا ناسیونالیسمیش مەعنا بکەمەوە. بە داخەوە هێشتا ناسیونالیسم لای هەمووان بە شەرم و عار دانانرێ ئەگەر پێی بڵێم بورژوایی و سەرمایەدارانە موددەعی دەتوانێ گەلێك سەرمایەداریم نیشان بدا کە بێزی لەم شتانە هەڵدەستێ یان گەلێك رژیمی سەرمایەداریم نیشان بدا کە چاپ کردنی شێعری وای لە قانوونی خۆیدا کردوە بە جورم و خیلاف و لەوانەیە زیندان و جەریمەی بۆ دانابێ. ئەگەر پێی بڵێم سەلیقەی جوتیارێکی دواکەوتوو، یان عەشایەرێکی بە دوی، دیسان پێم وایە نارەواییم کردوە دەرحەق بەو هەژارانە. موددەعی زۆری پێ خۆش دەبێ کە هیچ چێژێکی چینایەتیم بۆ ساغ نەبێتەوە. بەڵام ئەگەر حاکمانی دیکتاتۆری ئەمریکای لاتین بنێیتە بەردەست دادگا یان رۆژنامەکانی ئەرووپا، هەر بە هەمان شێوە بە بێ شارسانیەت و موجرمیان دەر دەکەن. دەی ئاشکرایشە کە ئەو حاکمانە نوێنەری تایبەتی فلان کومپانیای نەوتی یان غەیرە نەوتین!

بەڵام موددەعی خۆی بە دەستەوە نادا و دەڵێ ئەوە باسی سیاسەتە و ئەمە باسی ئەدەبە و فەرقی زۆرە. منیش خۆ بە تەمتنیم هەموو موددەعییەك رازی بکەم بەڵام مادام لە سەری ماتریالیزمی تاریخییەوە بیگرین، گران نیە سەرچاوەی ئەم چێژە بێز هەستێنە بدۆزینەوە. پێم وایە سەرکردە خوێنرێژە دواکەوتوتروکانی عەشایەری کوردستان کە رێگای سەرکرکوتی خەڵکی ئەو ناوچەیە بۆ سەرمایەدارانی " خۆیی" و "بێگانە" خۆش دەکەن تامەزرۆی ئەم جۆرە جوانی‌ناسی‌یەن کە من و تۆ بێزمان لێی هەڵدەستێ.

**من لەکانگای دڵمەوە ئاواتە خوازم: کاك رێبوار و گشت رێبواران و کاروانسالارانی رێگای جوانناسی و هونەر ئەدەبیاتی کوردی و..... خۆیان و بەرهەمەکانیان لە کلێشەی سیاسەت و مەزهەب و حیزبایەتی رزکارکەن.**

**ع کیتابی 2003/9/1**

# منالّی فێریکردین بلّێین
## "جیهان ئایدیای منه" شۆبنهاوەر

**بەشی دووەم**

**ئەنوەری رەشی عەولآ**

گەورەبوون دەگلّیّ بە قەیرانەکانی منالّیەوە ئەگەر بەدخوازیەکانی گەورەیی نەیتوانیبیّ هەموو فۆرمە جیاجیاکانی بوونی مرۆڤەکان قبولّبکات، هەریەك وەکخۆی چونکە منالّ کولتوری منالّی خۆی هەیە و گەورەکانیش هەروەها.

بەلّیّ ناکریّ ئەم دوو کولتوورە کە ئاماژەکانیان جودان تێکەلّ بەیەکتری بکرێن، لانی کەم دەبیّ سنوورەکانیان بناسرێتەوە. بەلاّم ئەم راستیەسادەیە بەومانایە نایەت:

1 _ کار لەیەکتری ناکەن 2_یادگاری‌لای یەکتر جێناهێلّن.

بەلّیّ مرۆڤ کۆی ئەو کولتورە جیاوازانەی پرۆسەی تەمەنی خۆیەتی‌و لەهەمانکاتیشدا لەسەروی هەموو ئەوکلتورانەوە بووەستیّ بەومەرجەی بنچەی جیاوازیەکانی نەسرپیبێتەوە.

منالی _ هەرزەکاری _ پیری، یەکێکن لەوفۆرمە بەرجەستە جیاوازانە.

* بۆمان هەیە بەتوندی لە زەلیلی گەورەیی خۆمان توورەبین، گەر گەورەییمان وێژەرئاسایەك پێی وتین **دەتوانین لەمنالّ زیاتر نهێنیەکانی منالّ بناسین و بزانین**. ئەم بەلّێندەریە جگە لەوەی دلآزارهێنەرە.. بەمانای رازی نەبونیشە بەرەنگالّەیی موزایکی تەمەنی مرۆڤەکانەوە. بەمانای رازی بوونیش دەگەیەنێت بەوەی هێشتومانە منالّەکان لاسایی گەورەکان بکەنەوە و منالّیش خۆیان تیرۆر بکەن، وەها مەزنەنەبکەن کە گەورەبون، ئەمەش رازی نەبون بەو مانایەی گەر گەورەکان پێیانوایە بەزاندنی منالّە بۆحیکمەتی گەورەکان و .. ئەودەم تەنیا کۆمەکێکی مەزنی منالّ ئەوەیە کە رازی نەبێت بەناوی ئەوو ئەخلاقیتی مرۆڤانەیەوە قسەبکەین. وەکۆمەکی مەزنی گەورەکانیش ئەوەیە کە رازی نەبن منالآنیش بەناوی دیسپلینەکانی ئەوانەوە قسەبکەن.

رازی نەبون بەو مانایەی گەر گەورەکان پێیانوابی مومارەسەی بەهاکانی منالّ دەکەن..بۆ دلّنیابون دەشێت لە منالّێك بپرسن: ئایا ئەوەی لەمن دەوەشێتەوە و ئامانجمە.. بەشێکە لەزمانی ئاسوودەیی و ئامانجەکانی تۆش ئەی منالّ؟ رۆشنتر پێی بێژین لای تۆ منیش منالّم!؟ ئەمە یانی لەشاری یاریەکانی خۆیاندا.. قبولّمان دەکەن.

ئەمە رایەلّێکی فەلسەفەی منالّەو خراپنیە بناسرێت و رەچاوبکرێت. چونکەبیرمان نەچێت، چونەوە بۆمنالّی چونەوەیە بۆ کوچەکانی نۆستالیژیا_ واتە _ **رابوردوو** کەوابیّ ئێمەی گەورە بۆمنالّبوونەوە دەگەرێینەوە بۆ دواوە، کەچی منالّ **لە ئیستادایە** و روو لە داهاتووە. ئەم دوو ئەزموونکردنەش دووئاراستەی ناتەبا و پێچەوانەو ناکۆك بەیەکن! کەواتە منالّێتی تا ئەوکاتە منالّێتیە کە ئێمە پێی ناگەینەوە. بەلّیّ ئەوەی دەیکەین و دەیلّێین و خەونی پێوە دەبینین، لەدواجاردا قەرزکردنێکە.. سەفەرێکی کورتە بەناو کۆتەلّەکانی منالّێتی خۆماندا.

چونکە مخابن دەرگاکانی منالّی، تەنها کلیلی منالّێتیە دەیکاتەوە!

* گوتمان گرێیەکی زەمەنی هەیە کە بووەتە ئاستەنگ لەنێوان منالّی و گەورەیەتیدا. ئەوەتا بینیمان گەورەیی منالّیەکە کەتێپەریوە و تاقی کراوەتەوە، تەنها رێگایەك بچینەوەسەری نۆستالیژیایە. کەچی بەدیوەکەی تریدا منالّێتی منالّ دەسپێکردنی منالّێتییەکە تاقی نەکراوەتەوە و لەئێستادایە تاقی دەکاتەوە ئەمەش گرێیەکەیە.

گەورەیەتی____ منالّێتی تاقیکردۆتەوە____ کە رابووردووە

منالّێتی ____ منالّێتی تاقیدەکاتەوە _____ کە ئێستایە

هەر ئەم دوو ئاراستە دژبەیەکەیە **جیاوازیەکە** دەخاتەبەرچاومان،

کە ناکریّ یاخود بسرێتەوە لەبەر ئەوەی هەیە! رازی نەبوونیش بەو حەقیقەتە تالّە، دەمانبات بەرەو ئەوەی گەورەیی بکەینە گۆرهەلّکەن و کفن بۆ منالّێتی منالّەکان! ئەگەر گەورەیەتی ماڤ ئەوداب و نەریتانەی منالّ بەرسمی نەناسێت کەمنالّ خۆی دەسنیشانکەری جەوهەر و تان و پۆکەشیەتی، ئەوا ئێمەی گەورەش دەبیّ بەومافەی منالّ رازی ببین کەپێمان بلّێن: (گەورەییتان بووەتە نمایندەی مەرگی ئێمەی منالّ)..(ئەوجۆرە گەورەیێتیەی ئێوە نەخۆشێکی دەغەزارە، داگیرکەرە، ملهورە، رێگایەکی بۆئەبەد داخراوە). یاخودبلّێن (ئەی گەورە دەرون گرگلەکان ئەوکارانەتان ئایین نامە نەزۆکەکانی ئێوەمان نیشان دەدات کە مەملەکەتێکە تەنها یەك زمان ویەك رەنگ و یەك فۆرم قبوولّ دەکات بۆمنالّ و مێردمنالّ و پیرەکانیش.

ئاخر خۆ دەبیّ بزانین و بفامین گەورەیی پەرچەکرداری منالّی نیە، بەلّکە شێوەو ناوەرۆکی ماناجیاوازەکانی تەمەنی مرۆڤ لەیەکتری جودان. ئەگەر وانەبیّ ئەوا منالّی دەبێتە بێگوناهییەکی ئەبەدی و گەورەییش گوناهبارییەکی ئبەدی دەبێت. منالّ دەبیّ بەفریشتەی چاخی ئالّتوونی و گەورەکانیش ئەبنە ئیبلیسی چاخی ئاسنین!

_ خراپ نیە قبوولّمانبێت، دواندنی منالّی تەنها بۆخاتری بەخەبەر هێنانەوەی کولتوورێکە کەلەژێر پێستماندا نوستووە.. بەو مانایەی گەرانەوە بۆمنالّی گەرانەوەیە بۆناو کلتووریك کە سەر لەنویّ دەیدۆزینەوە.

_ ئاخۆ دەتوانین بگەینە ئەوماناقوولّەی تۆلەرانس **TOLERANCE** کە منالّی دلّی گەورەیی و گەورەییش ئەقلّی منالّی بێت! ئاخر بۆدەبیّ لەنبەستێکدا گیربخۆین منالّ شەرمی لە منالّی و گەورەش شەرمی لەگەورەیی خۆی بێت! ئەمرەنگە سارد و گەرمانە.. ئەم جوانی و ناشیرینیانە .. ئەمروناکی و تاریکیانە.. ئەم جەنگ و ئاشتییانە، گشتیان (**ئەسیری عیشقی یەکترین** _نیتشە _)

گەر ئاوەها نەبایە بۆ دەبوو منالّ حەزبکات گەورە و گەورەکانیش حەز بکەن منالّ ببنەوە!؟

لێت ناشارمەوە ئەی مرۆڤ .. بلّێم چیە ئەم بەرەکەتی غەریبیە وجودییەی تێی کەوتوین و چاوی تێبڕیوین؟!

تۆبلّێی: منالّ زمانی ئاو و ، گەورەش زمانی ئاور بێت!

ئەی ئێوە چ دەبێژن، دەرحەق بەو وەسوەسانەی‌من کە منالّی ئاوها ناز دەکات؟؟



جمهوری اسلامی ایران

شماره ملی ۲۹۲ ـ ۰۴۲۸۰۸ ـ ۱

نام دلنیا

نام خانوادگی خوەمینی

۱۴۷۲

جمهوری اسلامی ایران

شماره ملی ۲۹۲ ـ ۰۴۶۰۰۲ ـ ۷

نام سعید

نام خانوادگی سلطانی بکیشه

تاریخ تولد ۱۳۷۹/۱/۵

محل تولد شهرستان مریوان

| نام | | شماره ملی یا شماره شناسنامه و محل صدور |
| --- | --- | --- |
| پدر | حسن | ۴۷۹ مریوان |
| مادر | خاور | ۴۷۰ مریوان |

جمهوری اسلامی ایران

شماره ملی ۲۹۲ ـ ۰۵۰۴۴۴ ـ ۴

نام شادی

نام خانوادگی سبحانی

تاریخ تولد ۱۳۸۰/۱۱/۱۵

محل تولد شهرستان سقز

بخش سقز

| نام | | شماره ملی یا شماره شناسنامه و محل صدور |
| --- | --- | --- |
| پدر | عبدالله | ۱۰۸۲/۱۳۴۵ سقز |
| مادر | فریده | ۱۸۷۱/۱۳۵۴ سقز |


جمهوری اسلامی ایران

نام کیوان

نام خانوادگی فقه معروفی

محل تولد شهرستان بوکان

| نام | شماره شناسنامه | محل صدور |
| --- | --- | --- |
| پدر حسین | ۲۶۴/۱۳۴۰ | بوکان |
| مادر خاور | ۵۹/۱۳۴۲ | |




## سوپاس و پێزانین

بۆ هەڵاڵەوگوڵاڵە جوراوجۆرەکان!

بۆ ئەم خۆشەویستانەم لە کیشوەری فینلاند بەتایبەت سۆران زەکی، ئەنوەری رەشیعەولا،عەبدول گوڵپەریان، عومەرمەعروف، نەجمەیشەریفی، وەزیرەوجەماڵ کریکار، جەمال و شیرین، جەماڵ و زێنەب، چیمەن و عادل، کاك موحسین، فاتمەینەورۆزی رێبواروشەهلا ومحمەدقادری، بەیارو گوڵاڵە. سالارسۆق، کاك ئەزمەر، سەمیرەفەتحولا، کوژین زەکی، خدرحەسەنزادە. مام یۆنس و رزگار، عەباس شوان و خوشکە نوخشە...

ئازیزانم پاش دەساڵیرەبەق، بیٚ ئەمەگیە بڵێم، لە تاراوگە دەڵێم لەوڵاتی دووەمم واتە کیشوەری سوێد لەم یەکەمین سەفەرە لەهاوینیگەرموگوڕی چاوەڕواننەکراوی بناگوێی قوتبی شیمال و باوەشی ئاواڵە و پڕ خۆشەویستی ئێوەی ئازیزو خۆشەویستم دا، دەتوانم بەوپەڕی شانازیەوە بڵێم:

ئەمە بەشێکە لەبەڵگەی ئاکامی یارمەتی ئێوەیە کە توانیومانە دەستە خوشك و دەستەبرای وردیلانە بۆ منداڵانی یانەی سەیاری سارا لەشاری سەقز پێك بێنین و پێکەوە پەیوەستیان کەین و لە گۆڤاری جیهانی منداڵان کە ئاوێنەی باڵاڕوانی یانەی سارای ئەوسای سلێمانی و ئێستای سەقز و بۆکانە بڵاوی کەینەوە بەو هیوایەی رچەشکێنبین بۆ هاو چەشنەکانمان بۆ یارمەتی کردن و پەروەردە کردنی منداڵانی هەژار و بێبژیو و بیٚ دەرتان.

ئازیزانم دەتوانم لیستەی پشتیوانان و یارمەتی دەرانو خوینەرانی ئەمگۆڤارە بەبەڵگەو شاهید بێنمەوە کە ئەمە یەکێك لەو مەزرەعە پاکوو خاوینو بیٚزرو زەویلەیە، کە تا ئیستا بنچك و بژار و هەرێزا! نەیانتوانیوە رێشەی تێدا داکوتن. من دڵنیام دەتوانین بەهۆی بەشی هەرەزۆری ئێوە ئەمگۆڤارە و یانەی سەیاری سارا لەسەیاریەوە بەرەو فراوانیو( تەوسەعە)و(ئیستیقرار)و تەمەن درێژی بەرین.

مەهاباد قەرەداغی

**کورته چیرۆک**

# خۆرنشین

**(به گیانی پەپولەیی منداڵه ئەنفالکراوەکان، ئەو پەپولانەی نەماندەزانی کام مێرگیان کردووه به بەهەشت، له ئاکامدا، له رۆژی منداڵانی جیهاندا، له 2003/6/1 له دۆزەخی چاڵه مەنجەنیقئاساکانی ئەنفالدا، خۆیان نا، کەلله سەری بچووک بچووک و ئێسک و پروسکی ناسکیان و بووکەشووشه و لەیستۆکه ساکارەکانیانمان دۆزیەوه. به گیانی ئەوان.. که هەرگیز له یادم ناچنەوه ئەم چیرۆکه و هەرچیم هەیه له بەرهەمی بیر و قەڵەم .. پێشکەشه.)**

...

حەز دەکا مەرگ ببینێ، بەڵام دیمەنی خۆرئاوابوون نەبێنێ. ئەو کاتانەی رەنگی نارنجی خۆرنشین دەبینێ تا هێزی تێدا بێ هاوار دەکات و هاوار دەکات، تا ماندوو دەبێت و دەبوورێتەوه. ئێواران دەیبەنه ژوورەوه تا ئەو دیمەنه نەبینێ، بەڵام نەشیبینێ هەستی پێ دەکات. هاوار دەکات، هاوارێکی وا که دیوار و پەنجەرەکانی ژوورەکەی دەلەرزێنێتەوه. دەوروبەری چۆڵ دەکەن، زۆر جار پەلاماری چەقۆی داوه و ویستوویەتی خۆی بکوژێ و ئاسوودە بێت. جگەرەشیان لێ قەدەغه کرد، چەند جارێ جگەرەی له سەر جەستەی خۆی کوژاندۆتەوه، دەیەوێ به هەر جۆرێ بێت ئازاری خۆی بدات تا ئەندێشەی کەم ببێتەوه. که جگەرەکانی لەسەر جەستەی خۆی دەکوژاندەوه، هەستێکی ئاسوودەیی پڕی دەکردەوه و رووی دەگەشایەوه.

دەمێکه ئاوێنەی نەدیووه و نازانێ ئەو سیما ئەسمەره قەشەنگەی که جاران پڕ بوو له شادی و ئاسوودەیی ئێستا رەش داگەڕاوه و چەندان هێڵ له ناوچەوانیدا نەخشەی پیرییەکی ناوەختیان کێشاوه. ساڵێکه له هیچ ئاوێنه و شووشەی پەنجەرەیەکدا به دیداری خۆی نەگەیشتووه. ئاوێنەکانیان لێ شاردۆتەوه، یەکەم دوژمنایەتی لەگەڵ ئاوێنەدا بوو، کاتێ که به شەکەتی به مۆڵەت گەڕایەوه و (وەفا) وەکو جاران به روویەکی گەشەوه باوەشی بۆ کردەوه، بەڵام ئەو هەر وەکو لەو جیهانەدا نەبێ، بێ ئەوەی ورتەیەکی له دەم بێتە دەرەوه وەژوور کەوت. وەفا هەستی به شەکەتی و نارەحەتی و ناهەمواری باری دەروونی کرد، بەڵام نەیدەزانی ئاخۆ چ رووی داوه و بۆ رەنگ له رووی هەڵگیراوه، ویستی بەو موژدە خۆشه دڵشادی کات که چوار ساڵه چاوەڕوانی دەکەن:

– موژدە.. منداڵێکمان بووه!!

ئەم هەواڵه نەک هەر دڵخۆشی نەکرد بەڵکو هێندەی تر چرچ و لۆچی خسته نێوچاوانییەوه، بێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکات چووە ژووری نووستن و پاڵ کەوت. چ کارەساتێک ئەم پیاوەی گۆڕیوه؟ وەفا کەوتە گومان لەو بێدەنگییە چاوەڕواننەکراوەی، هاتە لایەوه، دەیدواند، پرسیاری دەکرد، بەڵام گوێی له هیچ وەڵامێک نەبوو، سەیری بنمیچەکەی دەکرد و را مابوو، دەتگوت له رووبەری بنمیچەکەوه داستان دەخوێنێتەوه. رەنگه له هەموو ژیانی رابردووی خۆی رامابێ، له کاتی لاوی خۆی، رەنگه بیر له یەکەم جووته پێڵاو بکاتەوه که باوکی به بۆنەی چوونەقوتابخانەوه بۆی کڕی. بەڵێنی دابوویه گەر چوو بۆ قوتابخانه جوتێ پۆتینی سووری بۆ بکڕێ. شەوان که دەنووست بیری لەوە دەکردەوه کەی گەورە دەبێ و تەمەنی دەبێتە شەش ساڵ و دەچێتە قوتابخانه. هێندە بیری له قوتابخانه و پێڵاو دەکردەوه وای دەزانی ئەم دوو وشەیە هاومانان. قوتابخانه و پێڵاو بابەتی بیرکردنەوه و مەودای خەیاڵی ئەو بوون. سێ ساڵ بیری له قوتابخانه و پێڵاو کردەوه، دەچووە بندەستی دایکی و دەیپرسی:

– کەی دەچم بۆ قوتابخانه؟

– کاتێ ددانی شیریت بکەوێ، دەچیتە قوتابخانه.

– کەی ددانی شییریم دەکەوێ؟

– که ببێ به شەش ساڵ.

به پەنجە وردەکانی ددانەکانی پێشەوەی خۆی دەگرت و توونددەیلەقاندن، بۆ ئەوەی پێش وەخت بکەوێ. جارێکیان له حەزمەت پێڵاودا به بەرد ددانی پێشەوەی خۆی دەکووتا بۆ ئەوەی لەق بێت و بکەوێت. دەیوویست فێڵ له تەمەن و زەمەن بکات و چی زووترە تەمەنی بگاتە شەش ساڵ. دانەکانیشی کەوتن و هێشتا مابووی به پێڵاو و به قوتابخانه شاد ببێت.

– دایە گیان ئەوە ددانەکانی پێشەوەم کەوتن؟

– رۆڵە هێشتا ساڵێکت ماوە بۆ قوتابخانه.

خەونی دەدی دەچێتە قوتابخانەیەکی سوور که له شێوەی پۆتین دروستکراوه، له سەربانی قوتابخانەکەش ئاڵای وڵات دەشەکێتەوه، ستوونی ئاڵاکه به گوریسێکی باریکی سوور راگیراوه، گوریسەکه هەر له قەیتانی پێڵاو دەچێ!

بوو به شەش ساڵ و خرایە قوتابخانه و پێڵاوە سوورەکانی له پێ کرد. له خۆشی پێڵاوەکانیدا قوتابخانەشی خۆش دەویست و مامۆستاکان هەرچییان له دەم دەرچووبا، له بەری دەکردن.

بەڕێوەبەری قوتابخانە هەموو ساڵێ دیارییەکی دەدایە، بەڵام هیچ دیارییەکی بە قەد ئەو پێڵاوە سوورە دڵشادیان نەکرد، تەنانەت ئەو ڕۆژەشی کە یەکەم قاتی لەبەر کرد و یەکەم بۆینباخی بەست تا بچێ بۆ کۆلێج، بە قەد پێڵاوە سوورەکە دڵشادی نەکرد.

– کوڕم بە قسەی من بکە و بچۆ بۆ کۆلێجی سەربازیی.
– بابە گیان حەزم لە کۆلێجی ئەندازیارییە.
– کوڕم ئەمڕۆ نان تەنها لە سەربازیدایە، ئەوەتا سەدان ئەندازیار بێ کار کەوتوون و کرێکاریشییان دەست ناکەوێ. بە هەزار دەردەسەری توانیم پەروەردەت بکەم ، ئێستاش پیر بووم و توانای کارم نەماوە. بە قسەم بکە، با تۆش بێکار نەکەوی!

چوو بۆ کۆلێجی سەربازی. باوکی دەگەشایەوە بە بینینی باڵای بەرزی کوڕەکەی بەو جلە سەربازییەوە، کە هاوینان بەرگی سپی و زستانان بەرگی شینی لەبەر دەکرد و کڵاوە شەفقەدارەکەشی زۆر لێ دەهات! سەرەڕای ئەوەش کە سەری سفر تاشرابوو سیمای هەر سەرنجڕاکێش بوو. هەر بەو جلانەشەوە بوو سەرنجی وەفای ڕاکێشا. کە یەکتریان ناسی و لە کەنار دیجلەدا ڕاز و نیازیان گۆڕییەوە و یەکتریان خۆش ویست. خۆشەویستییەکی مەزن بوو هەردووکیانی کۆکردەوە. لەگەڵ وەفادا زەماوەندیان کرد و چوار ساڵە پێکەوە دەژین. ماوەیەک بوو بیریان لە منداڵێک دەکردەوە کە ژیانیان ڕووناکتر بکاتەوە، بەڵام ئەم کاتێ بوو بە باوک، ئیدی نەیدەزانی باوکایەتی چییە!

– وەلید گیان پێم بڵێ چی ڕووی داوە؟ چی نارەحەتی کردووی کەوا دڵت بەم کۆرپەیەمان خۆش نییە؟! سەیری کە چەند جوانە، هەر لە تۆ دەچێ.

دەتگوت چاوی بەرایی نایێ تەماشای کۆرپەکە بکات، چاوەکانی دەنووقاند و خۆی دەخواردەوە. تا ئێوارە بێدەنگ، بێ ئەوەی لە جێی خۆی ببزوێ لە سەر چرپاکە پاڵکەوتبوو، کاتی خۆرنشین کە دیمەنی نارنجی خۆری لە پەنجەرەکەوە بینی هەستایە سەر پێ، هاوری کرد، هاوارێکی بەرز، زۆر بەرزتر، خۆی لە ئاوێنەگەورەکە بینی، توونـد مستێکی لێدا و وردوخاشی کرد و خوێن بە دەست و پەنجەکانیدا هاتە خوارەوە، کە خوێنەکەی دەستی خۆی بینی و هەستی بە ئازاری برینەکانی دەست و مەچەکی کرد هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵکێشا و لە سەر چرپاکەدا خەوی لێکەوت.

وەفا حەپەسابوو، نەیدەزانی بۆچی ئەوە ڕووی دا، ئەو ئاکارەی گەلێ لە لا نائاساییی بوو، شڵەژا، بەڵام دوای ئەوەی کە هەموو خۆرنشینانێ دووبارە و سێ بارە و دەبارە ڕووی دایەوە و هاوار و ناڵەی وەلیدی دەبیست، پێی ڕاهات.تەنها شتێ کە بووە گرێکوێرە لە دڵیا ئەوە بوو کە نەیدەزانی هۆی ئەم لەپڕدا گۆڕان و نارەحەتبوونەی وەلید چییە؟!

ساڵێکە لەم ژوورە تایبەتییەی ئەم نەخۆشخانەیەدایە و لە ژێر چاوەدێری پزیشکەکاندایە، گشت خۆرنشینانێکیش وەکو بۆرکان دەتەقێتەوە و شێت دەبێت، کاتەکانی تریش ئاسایی نییە، بەڵام خۆرنشین گیانی دەرزیئاژن دەکات. دەڵێی بۆمبایە و بە ناو جەستەیدا دەتەقێتەوە، حەز ناکات چاوی بە منداڵە تاقانەکەشی بکەوێ، بە تایبەت لە کاتی خۆرنشیندا. پێڵاوی سوور و گەورە شێتی دەکات، هەر کە پێڵاوی سووری گەورە دەبینێ گشت گیانی وەکو ئاگر گەرم دەبێتەوە و تووشی هیستریایەکی توونـدی دەکات و هاوار دەکات و هاوار دەکات تا دەبووریتەوە!

وەفا سەری سووڕ دەمێنێ لەو کارەساتە! ئەو زۆر جار بیستوویەتی کە وەکو یادگارییەکی قەشەنگ باسی جووتە پێڵاوە سوورەکەی منداڵیی خۆی بۆ کردووە، دەیووت هەرچەندە زۆری خایاند تا بووم بە خاوەنی ئەو جووتە پێڵاوە، بەڵام یادگارییەکی شیرینی سەردەمی منداڵیمە، هەر کە ئەو یادگارییەشی دەگێڕایەوە بە زەردەخەنەیەکەوە دەیگووت ئێستاش حەزم لە پێڵاوی سوورە، ئەی ئێستا بۆ دیمەنی پێڵاوی سوور شێتگیری دەکات. سەرسووڕمانی وەفا زیاتر و زیاتر دەبوو کە دەیبینی ئەو کۆرپەیەی کە چوار ساڵ بیریان لێ دەکردەوە و هەر یەکەم ڕۆژی زەماوەندەکەیان ناوی (خالید)یان بۆ هەڵبژاردبوو ئەگەر کوڕ بێ و، ناوی (هەیفا) ئەگەر کچ بێ، کەچی ئێستا هەر کە خالید دەبینێ ڕادەچڵەکێ و دەڵێی تارمایی مردن دەبینێ. خوایە ئەمە چییە ڕوویدا؟! چ تێژەوەتیرێکە ئەم مرۆڤەی وا گۆڕی. جاران کە بە مۆڵەت دەهاتەوە دیارییەکی نایابی بۆ دەهێنا و هەر کە دەرگاکەی دەکردەوە لە باوەشی دەگرت و دەیبردە ژوورە و لە سەر چرپاکە دایدەنا و ماوەیەکی زۆر گشت ئەندامەکانی جەستەی ماچ دەکرد و دەیگووت: هاوسەرە بەوەفاکەم. گوێچکەی دەنا بە سکییەوە و دەیگووت: کەی کۆرپەکەمان دەبێت؟! کەچی ئێستا نە ئاوڕ لە ئەو و نە لە کۆرپەکەشیان دەداتەوە! تەنانەت کە بانگیشی دەکەن وەڵام ناداتەوە، دەڵێی ناوی خۆی لە بیر چۆتەوە، یان حەز ناکات گوێی لەو ناوە بێت، تەنانەت وەڵامی وەفاش ناداتەوە کە بانگی دەکات. جاران هەر کە وەفا بانگی دەکرد دەیگووت: بە دەنگی تۆ ناوەکەم زۆر خۆشە، هەر کە بانگم دەکەی هەست دەکەم خۆشترین ناوم هەیە!

بەو هەموو نەخشەو خەتە کورت و درێژانەی دەموچاو و نێوچەوانی کێ دەڵێ تەمەنی سی و پێنج ساڵە؟! ئەوەی ئێستا ببینێ وا دەزانێ دوو هێندەی ئەو تەمەنەیە. ئەوەی لە وێنەکانی سەردەمی قوتابێتی و وێنەکانی سەربازیشی ورد بێتەوە گومان دەکات کە ئەمە ئەو

بێت. جەستەیەکی بەهێز و چوارشانە، باڵایەکی بەرز، دوو چاوی گەش و فراوان، پێکەنینێکی یەکجار سەرنجڕاکێش، ئێستا دەڵێی گۆڕەوشار دراوە!

حەز دەکا مەرگ ببینێ، بەڵام ئەستێرە نەبێنێ، ئەو ئەستێرانە دنیایان لێ تاڵ کرد، ئەو ئەستێرانە بوون کردیانە ئەو مرۆڤە شێتەی کە ئێستا پزیشکەکانیش سەریان لە حاڵەتی سووڕ دەمێنێ. ئەو ئەستێرانە وایان کرد ڕقی لە کۆرپەکەی خۆی بێت و دیمەنی خۆرنشینی لا ببێت بە دۆزەخ و پێڵاوی سوور شێتی بکات. ئەو ئەستێرانە وایان کرد ڕقی لە درەوشاندنەوەی ئەستێرە ببێتەوە و ڕقی لە ناوەکەی خۆی ببێتەوە!

حەز دەکا گوێی لە سەدای مەرگ بێت، بەڵام گوێی لە ناوی باوکی نەبێت. تەنانەت لە ناوی خۆی زیاتر رقی لە ناوی باوکێتی. ئەو باوکەی کە ڕۆژانەی دوو ڕۆژی ئارەقڕشتنی بەر هەتاوی خۆی بۆ دا بە جووتێ پێڵاوی سوور، کێیان هەبوو لەو زیاتر! تەنها ئەو و حەوت کچ، ئەوان تا ئەمیان نەبوو خۆیان بە ئۆجاخکوێر دەزانی!، حەوت کچ لای ئەوان وەک حەوت پووشی دەم با وابوو!! تەنها بە لەدایکبوونی ئەم ئەو هەستی خۆ بە بێ پشتیوانزانین و ئۆجاخکوێرییەیان لا رەوییەوە!! حەزیاند دەکرد بۆ هیچ شتێ دڵی نەشکێنن، بەڵام نەداری ڕێگەی نەدەدان هەرچی ویست بۆی بکرن. هەر ئەو دەستکورتییەش بوو ، بوو ەهۆی ئەوەی کە باوکی هانی بدا ببێ بە ئەفسەر. ڕۆژێکی ترسناک بوو ئەو سەردەمی لاوێتییەی ئەو، چ کارەساتێک بوو کە بە بێ ویستی خۆی بوو بە ئەفسەر!

وەفا لە هەموو شتێ سەری سووڕ مابوو! چاکی لە بیرە ئەو جارەی کە هاتەوە و دەستی لە ملی ئالاند و بە پێکەنینێکی قاقاوە گووتی.

– ئەستێرەیەکی تریشم وەرگرت.

دەیگووت دەبێ سوپاسی باوکم بکەم لە کاتی خۆی پێشنیاری بۆ کردم بچمە کۆلێجی سەربازی. هەر ئەو ڕۆژە چەپکێ گوڵی کڕی و بردی بۆ سەر گۆڕەکەی باوکی.

پیشەکەی خۆی خۆشدەویست، ڕەنگبێ تەنها لەبەر ئەو هەموو ڕێزە بێپایانە بێت کە سەربازەکانی لێیان دەنا، خەڵکیش زۆر بە ڕێزەوە سەیریان دەکرد. جار جار گومانی دەکرد لەو ڕێزە بێپایانە، گومانی د ەکرد و لە دڵی خۆیدا دەیپرسی ئایا ئەمە ڕێزە لێم دەگرن، یان ترسە لە منی ئەفسەر. ئاخۆ ئەم خەڵکە لێم دەترسن یان ڕێزم لێ دەگرن؟ دواجار باوەڕی بەوە هێنا کە پیشەکەی گرنگە و شایانی ڕێزە!

لە سەربازگەکەدا هەموو خۆرنشینانێ لە دیمەنی نارنجیبوونەوەی خۆر ڕادەما و تا ئەو بە تەواوی ئاوا دەبوو، ئەم بیری دەچووەوە بۆ لای وەفا کە لە بەر دووری و کار تەنها مانگی جارێک دەگەڕایەوە و هەفتەیەکی لە ئامێزیا بەسەر دەبرد. خۆرنشین ئەوینەکەی بیر دەهێنایەوە، ئەو خۆرنشینانەی کە لە کەناری دیجلەدا دادەنیشتن و بە چرپە دەدووان. دیمەنی نارنجی خۆر ناسکی دەکردنەوە و دەستی لە ناو دەستیا بوو، تا ئەو ئاوا دەبوو ئەمان لە چاوی یەکتر رادەمان و جەستەیان دەبوو بە یەک پارچە سۆز و، حەزی ئاوێتەبوون پڕی دەکردنەوە، کە خۆر ئاوا دەبوو دیجلەیان بە جێ دەهێشت و هەر یەکە و بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە، بەڵام ئەو شەوەش هەر خەونیان بە یەکتری و ساتە پڕ لە حەزەکانی خۆرنشینەوە دەبینی!

ئێستا حەز دەکا مەرگ ببێنێ، بەڵام دیمەنی خۆرئاوابوون نەبێنێ. دیسان ئێوارەیە، خەریکە ساتی خۆرنشین تەقینەوەیەک لە ناخیا هەڵدەگیرسێنێ! ئێجگار لاواز بووەتەوە، تەنها ئێسک و پروسک و پێستێکی جیبڕی ماوەتەوە، دەموچاوی ترسناک دەبینرێ، دەڵێی مردوویەکە و گۆڕەوشار دراوە، خۆرنشین لای ئەو کات نییە، بەڵکە بۆرکانێکە و لە ویژدانیدا دەتەقێتەوە و هەر ڕۆژە و کۆمەڵێک خانەی زیندووی مێشکی دەسووتێنێ. لە کاتی خۆرنشیندا، ئەو ڕۆژەی لێ دەبێت بە گۆڕستان و جەستەشی دەبێتە گۆڕێکی باریک و قووڵ بۆ ڕۆحی!

تەنها چەند خانەیەکی زیندوو لە مێشکی ماوە، دڵی سست بۆتەوە و تەنها بەشی تەقینەوەیەکی تری بۆرکانەکەی ماوە. دیسان ئێوارەیە، وا دیسانەوە چاوئەندازەکەی هاتەوە بەرچاو، ئەو چاوانەی کە تەنها بەشی بینینێکی تری ئەو دیمەنە ترسناکە دەکەن. لە ژوورەکەیدا دانیشتبوو، سەربازەکە هاتە ژوورەوە و سڵاوێکی سەربازی بۆ کرد، لیستەکەی دایە دەستی و دووبارە سڵاوێکی تری لێ کرد و دەرچووە دەرەوە. لە لیستەکەدا سەدان ناو نووسرابوو،. هاتە دەرەوە لە ژوورەکەی و سێ پاسی درێژی بینی ڕاوەستابوون و کۆمەڵێک خەڵک، ژن و پیاو و منداڵ، پیر و لاو، هەموویان سەریان داخستبوو، دەتگووت هەرگیز بەرزیان نەکردۆتەوە، دەتگوت لە ترسی چەپۆک بەرزی ناکەنەوە. بشێ ئەم لیستەیە بە هەڵە نەهاتبێ؟! ناوەکانی یەک بە یەک خوێندەوە، دەبوایە ئەوانەی ناویان دەخوێندرێتەوە بڵێن : بەڵێ.

گەیشتە ناوی شاخەوان، کەس وەڵامی نەدایەوە! پرسیاری کرد:

– شاخەوان کێیە؟ بۆ وەڵام ناداتەوە؟!

دایکێک هاتە پێشەوە و مەڵۆتکەکەی لە بەردەمیا ڕاگرت، خۆ ئەم منداڵە زۆر ساوایە و هێشتا چلەی نەچووە؟! سەیرە! هەبێ و نەبێ ئەم لیستەیە هەڵەیە!

چووە لای ڕائید عەلی! سڵاوێکی سەربازی لێ کرد و لیستەکەی دایە دەستی:

– گەورەم پێم وایە ئەم لیستەیە هەڵەیە!

سەیرێکی کرد و نێوچەوانی گرژ کردەوە. داڵەکانی سەر شانی بە جوڵەی جەستە زەبەلاحەکەی بریسکانەوە و دەتگووت دەیانەوێ سەری ئەم بخۆن!

- بۆچی پێت وایە هەڵەیە؟!
- گەورەم ناوی منداڵێکی ساوای تێدایە تەمەنی مانگێکە؟!
- جا ئەمە هەڵەیە؟!
- گەورەم ئاخر....
- هەر ئێستا فەرمانەکە ئەنجام بدە!

هاتنە دەرەوە، عەلی وەستا و دەستەکانی نایە سەر کەمەری و پێکانی بڵاوکردەوە، داڵەکانی سەرشانی دەبریسکانەوە، دەتگووت دەمیان کراوەتە و دەیانەوێ سەری ئەم بخۆن، شۆڤڵەکان خەریکی هەڵکەندنی چاڵەکان بوون، ڕیز ڕیز خەلکەکەیان ڕاوەستاند. شاخەوان لە باوەشی دایکیا بوو، توند بە سنگی خۆیەوەی نووساندبوو، سەری داخستبوو، دەتگووت دەچرپێنێ بە گوێیدا و پێی دەڵێ: ڕۆڵە بۆچی هاتیتە ئەم دنیا خراپە؟!

شاخەوان گریا، عەلی چنگی لێدا و دوور تووڕی هەڵدا. هەر کە ئەو دەستی بە گریانێکی توند کرد، عەلی هێمای بۆ سەربازەکان کرد و هاواری هەمووان بەرز بووەوە و چەند ساتێکی کورتی خایاند و نەما و تەنها و تەنها دەنگی واقەواقی توندی شاخەوان دەبیسترا، دەتگووت لە جیاتی هەمووان هاوار دەکات. عەلی هێمای بۆ وەلید کرد کە پێیەکی لێ بنێت و دەنگی ببڕێت، شاخەوان دەتگووت زەرنەقووتەیەکی بێ تووکە، کراسێکی سپی لەبەر کرا بوو، سپی.. وەک ڕەنگی کفن. وەلید چرکەیەک ڕاوەستا و سەیری عەلی کرد، چاوەکانی عەلی ڕق و ئاگریان لێ دەباریی، داڵەکانی سەر شانی دەبریسکانەوە، دەستیشی لە سەر دەمانچەکەی بوو. خانەکانی مێشکی وەلید لە چرکەیەکدا کەوتنە کارکردنێکی زۆر خێرا، چرکەی پێ بەرزکردنەوەی تا گەیشتە سەر سکی منداڵەکە، سەیرێکی سەر شانی خۆی کرد، ئەستێرەکان لە سەر شانی دەدرەوشانەوە، ئەستێرەیەکی تر وەردەگرێت و دەبێت بە باڵوێز. چاوی لە ئاسۆ بڕی، دیمەنی نارنجی خۆرنشینی بینێ دڵێی تابووتە و ویژدانی ئەمی تیا پاڵخراوە. سەری داگرت پۆستاڵە گەورەکەی چەقیبووە سکی منداڵە ساواکە! پێی بەرزکردەوە، پۆستاڵەکەی سوور سوور دەچووەوە! دەنگی شاخەوان کۆتایی هات! سەیرێکی عەلی کرد چەپڵەی بۆ لێدەدا. ئەستێرەیەکی تر لە سەر شانەکانی کەوتنە جریوە جریوو. داڵەکەش دەمی داخست!

ڕۆژی دووەم، هەمان کات، لە ژوورەکەی خۆی هاتە دەرەوە، چاڵەکان داپۆشرابوون، شۆڤڵەکان لە دوورەوە دەبینران ڕاوەستێنرابوون، سەری هەڵبڕیی، کە دیمەنی نارنجی خۆرنشینی بینی، بۆرکانێک لە دەروونیدا تەقییەوە! ئەوە بۆرکان بوو، یان دەنگی گریانی شاخەوان؟! ئەوە گریانی شاخەوان بوو، یان تەقینەوەی ویژدان؟! هەردوو چاوی خۆی نوقاند تا دیمەنی خۆرنشین نەبینێ، هاواری کرد، هاواری بەرزتر و بەرزتر، تا کەوت و بوورایەوە! وچانیان بۆ نووسی تا بگەڕێتەوە و ماوەیەک بحەسێتەوە، بەلام هەرگیز نەحاسایەوە! گشت ئێوارەیەک ئەو دەنگەی شاخەوان وەک بۆرکان لە دەروونیدا دەتەقێتەوە. حەز دەکات مەرگ ببینێ، بەلام دیمەنی نارنجی خۆرنشین هەرگیز نەبینێ!

...

زستانی **1993**

شینسکاتابێری


سوێد

...

تێبینی:

(ئەم چیرۆکە ساڵی **1993** نووسراوە و لە کتێبی (کۆچ)دا ساڵی **1994** چاپکراوە و بلاوکراوەتەوە. کاتێ ئەم چیرۆکەم نووسی هێشتا زانیارییەکی ئەوتۆ لە بارەی ئەنفالەوە ئاشکرا نەبوو بوو، کەسایەتییەکانی ناو ئەم چیرۆکە بە شاخەوانیشەوە کردەی خەیاڵی من بوون، تەنها عەلی نەبێت، کە مەبەست تیایدا لە (عەلی کیمیایی)یە، بەلام ئێستا ، کە زانیارییەکان وردە وردە دەردەکەون و گۆڕە بە کۆمەڵەکان تیژووەتیری چارەنووسی ئەو هەمموو شاخەوان و ئەو هەمموو دایک و باوک و برا و خوشک و ئەو هەمموو گەنج و پیرەمان بۆ ئاشکرا دەکەن کە بردیانن و هەرگیز نەگەڕانەوە و هەردەم چاوەڕوانیان بووین! ئیدی دەردەکەوێ کە خەیالگەی ئێمە چەند ئاوسە بەو ڕووداوە لە گێڕانەوە نەهاتووانە و، ئەو کارەساتە کەسنەدیوانەمان! لە ڕۆژی منداڵانی جیهاندا، گەردیلەکانی جەستەی کۆرپە پێشێلکراوەکانی خۆمانمان لەناو چاڵەکاندا دۆزییەوە و، دۆزینەوەی ئەو گەردیلانە، پێمان دەڵێن ئیدی چاوەڕوان مەبن، هەرگیز نایانبیننەوە! بەلام ئاخۆ دەتوانین چاوەڕوان نەبین؟!)

# گ= جیهانی منداڵان و چاوپێکەوتنێك لەگەڵ:



مامۆستا

کەیۆمەرس- ی نیکرەفتار

**پ = مامۆستا گیان بێگومان بە ئامانج و ئاواتێکی گرینگی مێژینەوە گەشتێکت بەناو مێژوو نووسان، زمانەوانان، نووسەران، شاعیران و هونەر مندانی کورد لە زۆربەی شارەکانی ئوروپا دەست پێکردوە و هێشتاش درێژەی هەیە. تکایە ئامانجی گەشتەکەت و چونیەتی و چەندایەتی سەرکەوتن و نزیکبوونەوەت لە ئامانجەکانت چۆن و چەندە؟**

و _ ئەوەی راستی بێت گەشتەکەم لە ڤانکوڤەر_ی کەنەدا_وە بۆماوەی سێ‌مانگ دەس پێکرد. (لە 26_ی مانگی شەشەوە تا 26-ی مانگی 9 _ی 2003 . لەگەڵ چەند هاوبیرێکی خۆم پێش ئەوەی گەشتەکەم دەس پێبکەم ، سەبارەت بەهەل و مەرجی ئێستای کوردستان باسێکی تێرو تەسەلمان کردبوو. لەئاکامی ئەو گفتوگۆیانە بیرۆکەی پێشنیاری سێ تەوەرە (چەمکی) سەرەکی وەکوو پرۆژەیەکی شیاوی باس و لێکۆڵینەوە، کرا بە دەسمایەی گەشتەکە.

ئەوسێ بابەتە کە بەبڕوای ئێمە ئەتوانن ژێرخانێکی پتەو بۆ داهاتووی کوردستان بن بریتین لە:

1_ نووسینی دایەرەتلمعارفێکی(ئینسیگلوپدیایەکی)کوردی بەناوی "دانشنامەی کوردستان"کەلە ئاستێکی جیهانی‌دابێت و، بەپێی ووشە هەموو زانستەکان سەبارەت بە کوردستان بگرێتە بەر، واتە شتێك لەڕابوردو، ئێستاو داهاتوو لەبیر نەکەین.

2- نووسین و نووسینەوەی مێژووی تەحلیلیو راستەقینەی کوردستان. دیارە دەرهێنانی مێژوویێکی دزراو، و ونکراو و گۆڕدراو لە کون و قوشبنەکانی بەربڵاو و شاراوە... کارێکی ساکار نیە. دەیان پسپۆڕ و کارشناس و تێکۆشەری پێویستە کە دڵسۆزانە دوای ئیشەکەکەون. بێگومان بودجەیەکی فراوانیشی ئەوێ.

3_ هەوڵدان و لێکۆڵنەوە بۆ پێکهێنانی زمانێکی یەکگرتوو بە ئەلف و بێیەکی یەکگرتوو بەو مەرجەی کە زاراوەکانی تری کوردی بپارێزدرێن.

ئەم بیرۆکە رەنگە یەکەمجار نەبێ دێتە مەیدانی باسەوە. بەڵام یەکەمجارە کەبەشێوەیەکی جیدی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە فەرهەنگدۆستانی کوردستان لەئوروپادا گفتوگۆی لەسەر بکرێ.

ئەم بیرۆکە لەگەڵ چەندەها نووسەر و شاعیرو، زوانەوان و تاریخ زان و ئەدیب و، زاناو دڵسۆزی گەلی کورد ئەوەی تا ئێستا لواە باسکراوە و، بەزۆری پیشوازی لێکراوە.

**پ = وەك خۆتان بە ڕۆشنی ئیشارەتان پێکرد کەم نەبوون کسانێك لەپێناوی ئەم ئاوات و ئامانجە پیرۆز و گرینگەی تۆو وەکتۆکان، وەك هەموو گەلانی پێشکەوتووی ئیستای جیهان هەوڵیان داوە فیداکاریشیان کردوە بۆچی قەت بارگەو بنەیان نەگەیشتۆتە هەوارگەی ئاواتیان؟**

و_هەروەها کە ئاماژەمانکرد، کارێکی بەو بەرینیە، یانی دانانی دانشنامەیەك بۆ نەتەوەیەك، مێژوێك بۆ میلەتێك کە لەسەر زێد و ماوای خۆیەوە وەکو کۆیلە رەفتاری لەگەڵکراوە، کارێك نیە کە بە دە یان بیست یان تەنانەت بە 100 کەسیش بکرێ. کارێکی فەرهەنگی لەم چەشنە رێکخراوەیەکی پسپۆڕانەی ئەوێ کەلە ژێرچاودێری سازمانێکی تایبەتی وەکو "فەرهەنگستان"بەبووجەیەکی تەرخانکراوی دوڵەتیو پاڵپشت و یارمەتی خەڵك و زۆر رێکخراوی ولاتانی‌تر رێك ئەکەوێ.

دیارە زەمانیشی ئەوێ. بەڵام هەروا کە گوترا کارێکی بنەڕەتی و رێشەئیە کە هیچ کون و قوژبنێکی مێژوویی و فەرهەنگی و کەلتووری میلەتی دێرینی کورد بەتاریکی و ونکراوی و حەشاردراوی نامێنێتەوە.

ئەوەی بۆچی تا ئێستا نەکراوە، ئەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دەوڵەت و میللەتێکی یەکگرتوو، و هۆکاری رۆرتر کە بۆ هەمووان روونن.

ئێستا بەڵام هەل و مەرج_ی هەرێمی و جیهانی بە سوودی گەلی کورد و کوردستان ئاڵ و گۆڕی بەسەرا هاتووە. بۆیە ئەرکێکی هەرەگرینگ ئەکەوێتە سەرشانی رۆشنبیران(پسپۆڕان و نووسەران،شاعیران ئەدیبان، هونەرمەندان و ...) کە هەرکام بە پێی وزەو زانایی خۆیان لەم هەلومەرجە بەسودی کورد و کوردستان کەڵك وەرگرن. ئەو کەڵك وەرگرتنەش ئیستا بە ئەقڵ'وهۆشیاری و زانست و مەدەنیەت و دیالۆك ئەگرێ. واتا خۆناسین و ئەنجا خۆ بەجیهان ناساندن و لەئاکاما جێگاکردنەوە لە جەرگەی گەلانی دنیاو لەنێو دوڵەتانی دنیادا.

**پ = وەك خوت ئاماژەت بە یەکێ لە پێویستیە سەرەکیەکانی ئەم پرۆژە عزیمەکرد، کە ئەویش خێڵی پسپۆڕان و زانایانن. بێگومان کوردستانیش وەکو گشت ئەو نیشتمان و سەرزەمینانەی بەڕوی ئەم گۆی زەمینەوەن، پسپۆڕ و پێتوول و زانا و بلیمەتی زوری لێهەڵ کوزتووە کە زۆربەیان لەداهێنان راهێنان پەروەردە کردنی جۆراو جۆری کۆمەڵگە مرۆڤایەتیدا بەشداریان کردوە و هەر ئێستاش**

**بەکردەوە دەیکەن، بەڵام بەداخەوە، کۆی ئەم پسپۆڕ و فیلەسوف و پێتووڵ وکارناسان، تا ئێستا لەناو جەغزی سیاسەت و مەزهەب و حیزبایەتیدا خولاەنەتەوە. ئەگەر ئەو تاعون و پەتا پیسە نەبووایە و نەبێ: زۆر ئاسانە چونکە ئەم کارە پیرۆزە لە قازانجی گشت مرۆڤو مرۆڤایەتیدایە.**

و_ بەبۆچونی‌من هەموو کارێکی فەرهەنگی، تەنانەت گەورەترین کاریش بۆئەم، بارودۆخەی ئیستای کودستان بەسوك و ئاسانی ئەتوانرێت بە سامان بگەیەنرێت. بۆ هەر کارێك ژمارەیەك کەرەسە و ئامراز و شت و مەك پێویستە کە بریتین لە وزەی "ئینسانی"و وزەی دارایی وئیرادەیەك بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ئەو پڕۆژەیە.

بۆ وزە ئینسانیەکە خوشبەختانە کورد چ لەناوەوە ی وڵات و چ لە هەندەران سەدان مێژگ و هەزاران پسپۆڕی دڵسۆزو نوسەرو شاعیرو هونەرمەندی هەیە. تەنها دامودەزگایەك و ڕێکخراوێکی ئەوێت هەماهەنگی لەنێوانیانا پێکبێنیو، ئامانج و پڕۆگرامەکان پاش دیاری کران بکەنە مەیدانی کردارەوە. لەناو وڵات کالیجێك یان ڕێکخراوەیەکی تایبەت (سازمانێك) پڕۆژەکە پێك بێنێ بە داراییەکی پێویستەوە. مەرجی یەکەم ئەوەیە کە بۆئیشێکی ئەوتۆی فەرهەنگی هیچ حیزب و لایەنێکی سیاسیی خۆی تیکەڵی ئەو ئیشە پسپۆڕانە و فەرهەنگیە نەکات. دارایی و بووجە کە ئەکرێ بە ئاسانی لە بەشێ لە دەرامەتی نەوتی کوردستان دابین بکرێ و یارمەتی خەڵك لەدەرەوە و لەناوخۆ و لەزۆر جێگای‌تر.

ئەم شێواز بەخشینە و ڕێکخستنە ئەبێتە نمونەیەکی زۆر گەورەش بۆکارەکانی‌تر کە کورد و کوردستان پێوستیەتی لە داهاتودا بکرێ.

**پ** = **دیارە دەبێ لە ماوەی ئەم گەشت وسەردانەت دا کۆبوونەوەگەلێی چکۆلەت لەوکەسایەتیانەی بۆ ئەم ئەرکە گرینگە کۆڵەکەن. پیکت هێناوە، پێموایە ناسانەدنی ئەو پسپۆڕ و کارشناسانە بۆ ماسمیدیاکان بەگشتی و بەتایبت بۆ خوینەرانی ئەم گۆڤارەش پڕسوودە؟**

و_ ئەوەندەی بۆمن دەرکەوتبێ دڵسۆزانی گەلی کورد دڵسۆزتر، کارامەتر، خۆبەخشتر و لێهاتووترن لەوەی کە بیری‌لێبکرێتەوە. هەرچەند بڕێ‌جار لەملاو لەولاوە هەندێ ڕەشبینی و کەمبڕوایی بەرچاو ئەکەوێ، کەبەبڕوای من شتێکی سورشتیە چونکە گەلی‌کورد هیچکاتێ وەکو میللەتێکی یەکگرتو و سەربەخۆ لەژێر سێبەری ئالای خۆماڵی خۆیا و لەسەر زێدو ماوای‌خۆیەوە نەحەساوەتەوە تا لە بڕوا بەخۆیەکی ئەوتۆ سوودی وەرگرتبی.

خوشحاڵم جەخت لە سەر ئەوە بکەمەوە کە نووسەران و لێکۆڵەران و پسپۆڕان و شاعیران و هونەرمەندان فەرهەنگیان باقی‌تری توێژەکانی کۆمەڵگاکانی کورد لەدەرەوەی وڵات کە لەم گەشتەمدا و

پێش ئەوەش، بەشێوەیەکی زۆر سەرەتایی باسم لەگەڵا کردون، بەدڵ و گیان لەباسەکە و لە بیرۆکەکە پیشوازیان کردوەو ئامادەگی خۆیانیان بۆ هەر جۆرە کارێك کە لەپێناوی ئەو ئێشە پیرۆزەدا پی‌یان ڕابسپێردرێ ئامادەی خۆ بەخش کردن و یارمەتی دانن و زۆریش گەشبینن بە سەرکەوتنی بیرۆکەکە، لەم هەل و مەرجە تایبەتیەدا.

**پ** = **بۆ چماوەیەکی‌تر دەبێ چاوەڕوانبین بیرۆکەکە ببێ بە پیشنیار، وەك پلانێکی زانستی بکەوێتە بەر چاوان و لەهەموو دام و دەزگاکانی میدیایی و ڕاگەیەنەرەکانەوە**
**بڵاو بکرێتەوە تاوەکوو پسپۆڕان و کارشناسان ماوەیان هەبێت بیروڕای ڕەخنەگرانەی خۆیان بەسەر پلانەکەدا ڕاگەیەنن و لەئاکاما باشترین هەنگاو پلان بۆ دەس بەکاربوون بە پڕۆژەکە هەڵبژێردرێ.**


و _ لەگەڕانەوە دا بۆ کەنەدا ئاکامی باس و پەیوندیەکانی گەشتەکەم بۆ هاوەڵ و هاو بیرەکانم لە کۆڕێکی فەرهەنگیێدا باس ئەکەم دواجاریش نەخشەو پلانەکە بەشێوەیەکی پسپۆڕانە ئامادە ئەکرێت و بە هەموو شێوەکانی میدیایی ( ڕادیو، تەلەڤیزیۆن، ئینتەرنێت، گۆڤار، ڕۆژنامەو...)بڵاو ئەکرێتەوە تا بەتێر و تەسەل نووسەران لەسەری بنووسن و، خاوەن بیر و ڕاکان لەسەری بدوێن و بەرپرسیارە فەرهەنگی و پەروەردەییەکان باشترین بۆچوون و ڕەخنەکان هەڵبژێرن و بیانکەن بە دەسمایە و ڕێنموونی خۆیان لەدام و دەزگاکانی پێکهێنەر کە ڕەنگە "فەرهەنگستان" ئەو دام و دەزگایە بێت کە لەپێشچاو ئەگیردرێ. چاوە ڕووانی ئەکرێ چەن مانگێکیتر لەئێستا بەدواوە ئەو پێشنیارە بڵاو بکرێتەوە و بەشێوەیەکی بەربڵاو باسی لە سەر بکرێت.

**پ** = **لەبەر گەورەیی و فراوانی بیرۆکەکە، ئایا بیرتان لە دامەزراندنی ماڵپەرێکی ئینتەرنێت کردۆتەوە کە ببێتە بانگەوازێکی جیهانگر بۆ هەموو ئەو پسپۆرو مێژوو نووسانەی کە ناویان دیارە.**

و_ پێشتر ئامازە بەوەکرا کە بڕیارە بیرۆکەکە وەك پێشنیارێك لە ڕیگای مێدیاشەوە بخرێتە بەرچاوان و بەگوێی هەموان بگات. کەوابوو ئینتەرنێتیش یەکێ لەو ئامرازانەی میدیایە کە ئەو ئیشەدەکات. ئەگەر مەبەست لە پرسیارەکەش ئەوەبێتکە لە سایتێکی ئینتەرنێتی تایبەتیەوە ئەوبانگەوازە بکرێت و لە هەموان (پسپۆڕەکانی بابەتە جۆراوجۆرەکانی زانست)دا وابکرێت بێنە سەرسایتەکەوە کە بیروڕای خۆیان دەربڕن، ئەوەش هەرباسکراوە، ئینتەرنێتیش هاوکات ئیشی خۆی دەکات.

**یوتیبۆري سوێد** 2003/9/

# ئاورێک
## لە منداڵانی وڵات



رەسوڵ سەفەریانی

گەلێك دژوارە ئینسان بیەوێت لە وڵاتی بێ هاوینەوە، وتارێکی هاوینی بۆ گوڤارێکی وەرزانە بنوسێت. لێرە تەنیا بە تێپەڕبوونی مانگەکاندا تێدەگەی کە ئێستا لە وڵاتی چوار وەرز ئەبێ چ بارو دۆخێك لە ئارادا بێت و خەڵك لە چ حاڵ و زروفێکدان. بەڵام دژوارتر لەوەش ئەوەیە کە، بتوانی ئەوەی لە وڵات روو ئەدات، بۆ منداڵانی چوار وەرز نەدیو وەسف بکەیت و بۆیان بگونجێنی. کوردستان سەرەڕای ئەوەی خاوەن ئاو و هەوایەکی خۆش و چوار وەرز و، خاکێکی بەپیت و بەرەکەتە، بە بۆنەی دەسەڵاتی چەوسێنەران و داگیرکەرانەوە، لە نێو تارێکی جاڵجاڵوکەیی چنراو لە هەزاران تەنگ و چەڵەمەی دەسکردی ئەو حاکمانەدا گیرۆدەیە. وەسفی وەها موشکلاتێك بۆ منداڵانی لێرە لەدایك بوو، رەنگە وەك چیرۆکە کۆنەکان، پڕ لە خەیاڵ و ئەفسانە بێتە بەرچاو و لە چیقڵدانی باوڕیاندا نەگونجێ. ئەم راستیانەی ژیانی منداڵانی وڵاتی ئێمە، بۆ گەورەکان و بەساڵاچوەکانی ئێرەش جێگەی سەرسوڕمانە.

کێ باوەڕ دەکات کە ئینسان لە سەرەتایی‌ترین مافی خۆی، یانی دانانی نێوی دڵخواز بۆ منداڵەکەی بێ بەش بێ و لەم بوارەشدا هێڵی سور کێشرابێ و سنوریان بۆ دیاری کردبێ و ناوەکەیشت بە کەیفی دەسەڵاتداران بێت. کام گەورەساڵ لەم وڵاتانەدا باوەر دەکات کە لە وڵاتی ئێمە جل و بەرگیش لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودایە و، پێ ترازاندن لەو چوارچێوە سزای بۆ دانراوە.کێ ئەتوانێ بیر لەوە بکاتەوە: لە وڵاتی ئێمە بەشێکی زۆر لە منداڵان لە بەر نەداری و نەبوونی ئیمکانات لە نیعمەتی خوێندن و دەوام بێ بەشن و، لە سەردەمی ئینتێرنێت و سەدەی بیست و یەکدا نەتوانن ناوی خۆیان بە زمانی دایکییان بنوسن. بە هەزاران منداڵ هەموو ساڵێك کورسیەکانی مەکتەب و دەوام جێ دێڵن و لەبەر نەداری روو لە بازاڕی کار دەکەن و پشت لەخوێندن و دونیای منداڵیان.
ئەمانەو هەزاران تەنگ و چەڵەمەی‌تر کۆمەڵگای ئێمە ئازار دەدات و گەرووی خەڵك دەگوشێت و ژیانیان دەکاتە ژار. کەچی داگیرکەران و کۆنەپەرەستانی دەسەڵات دار هەموو ساڵێ بە میلیارد پارە سەرفی پەرەپێدانی کارخانەی مەلا سازی و دام و دەزگای ئینسان کوژی دەکەن. لە وڵاتێکی وەك ئێران، لەبەر کەم بوونی مەدرەسە، قوتابیەکان مەجبوورن بە سێ بەش بچنە دەوام. بەڵام هەموو ساڵێك بە هەزاران مزگەوت و حەوزەی‌علمیە و دەیان دام و دەزگای پارێزگەری کۆنەپەرەستی لە شار و گوندەکاندا وەك کارك سەر هەڵئەدات و، مشتێ کرمی کۆمەڵگای لێ کۆ دەبێتەوە و لە مافی ئەو خەڵکە دەلەوەڕن و دەبنە مار و ئەفعی بۆ ئازار و لەناو بردنی خەڵکی هەژار.

ئەمڕۆ لە کوردستان بە هەزاران ماڵ لە ژێر گەرمای چل دەرەجەدا، بێ یەخچاڵ(سەلاجە) و کەرەسەی فێنك کەرەوە، ژیانیان بووەتە جەهەننەم. دەیان هەزار منداڵی ئەو وڵاتە ئەوڕۆش بەرزترین ئاواتیان تەلەفزیونێکی بچکۆلانەی رەش و سپیە، بە ملوێن منداڵی دانیشتوی سەر خاکی زێر و نەوت، بە ئاواتی حەمامێکی گەرم و خاوێنن لە ماڵەکەیاندا و خۆزگەی گەورەیان ماڵێکی گەرم و جل و بەرێکی داپۆشەر و پارێزەر لە سەرمای بێ بەزەیی زستانی درێژخایەنی ئەو ناوچەیە.........

منداڵانی خۆشەویست، ئەوەی وترا دڵۆپێکە لە زەریای لە بن نەهاتووی دژوارییە داسەپاوەکانی ژیانی ئێوە . ئێوەش ئەتوانن بە نامە و فاکس و مایل پێوەندیمان پێوە بکەن و لە ژیانی خۆتان بۆمان بنوسن.بە هیوای ئەو رۆژەی باخچەی ژیانتان گەشاوە و خونچەی لێوتان کراوە بێت.



ماه سوم و چهارم و تیر

| تاریخ روز | لیست خرج پول برای بچه‌ها و در راه بچه‌ها | مبلغ |
|---|---|---|
| سه‌شنبه ۸۲/۲/۳۰ | بابت فاکسی که فرستادم وهزینهٔ رفت و برگشت | ۲۰۰۰ تومن |
| شنبه ۸۲/۳/۸ | به بانک رفتم واز آنجا هم به تنازی رفتم بابت خوردن کباب بستنی وهزینهٔ رفتن و برگشت | ۱۰۰۰ " |
| ۸۲/۳/۹ | به دیواندره رفتیم وهزینهٔ رفت وبرگشت و رفتن به منزل بچه‌ها | ۷۶۰۰ " |
| شنبه ۸۲/۳/۱۵ | پول بابت یک دسته رسید که اولیای بچه‌ها امضا می‌کنند | ۵۰۰ " |
| شنبه ۸۲/۳/۱۵ | به منزل شیلا کسنزانی رفتم هزینهٔ رفت و برگشت | ۴۰۰ " |
| شنبه ۸۲/۳/۱۸ | وخرید یک عروسک برای شیدا | ۴۵۰۰ " |
| | به منزل یوسف حسن پور رفتم و بابت یک کیلو شیرینی وهزینهٔ رفت وبرگشت وخوردن یک بستنی برای خودم | ۱۰۰۰ " |
| شنبه ۸۲/۳/۱۸ | پرداخت پول تلفن خارجهٔ مستقیم | ۷۰۰ " |
| شنبه ۸۲/۳/۱۸ | خرید خوراکی برای فرزانه با بیماری | ۳۷۰۰ " |
| شنبه ۸۲/۳/۳۱ | کرایه ماشین بابت پول درماه سوم برای بچه‌ها | ۲۰۰ " |
| شنبه ۸۲/۴/۱ | پولی که به پیرزن همسایه‌مان پرداخت کردم | ۱۵۰۰ " |
| | | ۱۰۰۰۰ " |
| شنبه ۸۲/۴/۴ | به بانک رفتم هزینهٔ رفت وبرگشت | ۴۰۰ " |
| شنبه ۸۲/۴/۱۵ | به منزل شه‌ و صالح زاده رفتم وپول بابت خرید یک مرغ وهزینهٔ ← | ۲۵۰۰ " |
| شنبه ۸۲/۴/۱۵ | به بانک رفتم وهزینهٔ رفت وبرگشت وخوردن یک بستنی | ۷۰۰ " |
| | به منزل یوسف حسن پور رفتم پول بابت یک مرغ | ۲۱۳۰ " |
| شنبه ۸۲/۴/۳۱ | وکرایه ماشین بابت پول درماه چهارم برای بچه‌ها | ۱۵۰۰ " |
| شنبه ۸۲/۵/۱۶ | پولی که به کیوان و پیمان و لیلا پرداخت کردم | ۱۵۰۰۰ " |
| شنبه ۸۲/۵/۱۶ | به بانک رفتم وهزینهٔ رفت وبرگشت | ۴۰۰ " |
| شنبه ۸۲/۵/۱۹ | وحق یک جوهر و یک خودکار و ۶ برگ ورقهٔ A4 | ۲۰۰ " |
| | پرداخت پول تلفن خارجهٔ مستقیم و تماس تلفنی که در ایران با بچه‌ها داشتم | ۴۲۰۰ " |
| | و پرداخت حق خودم در این سه ماه | ۱۵۰۰۰۰ " |
| | و پرداخت پول بچه‌ها در این سه ماه | ۳۴۰۰۰۰ " |
| | و هزینهٔ پوشاک سالانهٔ خودم | ۵۰۰۰۰ " |
| | | ۶۰۰۱۳۰ |

و جمع کل پولی که در این ۳ ماه فرستادی

۶۵۲۸۰۰ و به اضافهٔ پولی که قبلاً باقیمانده بود

۲۲۳۰۰ که جمعاً می‌شود

۶۵۲۸۰۰ + ۲۲۳۰۰ = ۶۷۵۱۰۰

۶۷۵۱۰۰ − ۶۰۰۱۳۰۰ = ۵۳۲۶۲۰۰

که باقیمانده پول.

**بۆ سەلماندن و دڵنیایی دڵسۆزان، پشتیوانان و یارمەتیدەرانی یانەی ساراو خوێنەرانی گۆڤاری جیهانی منداڵان دەخل و خەرجی هەردوو یانەی ساراو گۆڤارەکە لە سوێدو سەقز، لە سەرەتاو کۆتایی گۆڤارەکەماندا چاپ و بڵاو دەکەینەوە.**

**بەرپرسی ئابوری لە سوێد** شەهاب مەنمی، **لە سەقز** نەسرینی حوسێنی.


## بەرنامەی کاروو ژیانی حەوتوانەی

## کۆژین

| ڕۆژەکانی هەفتە | کاتژمێر 7 | کاتژمێر 8 | کاتژمێر16 | کاتژمێر16.30 | کاتژمێر 17 | کاتژمێر 18 | کاتژمێر 19 | کاتژمێر 20 | کاتژمێر21 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دووشەممە | لەخەوهەستان، دەموچاو و ددان شتن | پێشقوتابخانە، بەرچایی خواردن یاری و خوێندن | گەڕانەوە بۆ ماڵەوە | دەسو دەموچاو شتن، نانخواردن | چوونە دەرەوە پیاسەوتۆپێن لەگەڵ دایکم/ باوکم یان هەردووکیان | خوێندنی زمانی کوردی و ئینگلیزی ، نانخواردن | سەیرکردنی فیلم/ یاری بەکامپیوتەر/ پلەیستەیشن | خۆشتن ، نانخواردن | ددان و دەموچاو شتن، خەوتن بەدەم داستانی کوردییەوە |
| سێشەممە | لەخەوهەستان، دەموچاو و ددان شتن | پێشقوتابخانە، بەرچایی خواردن یاری و خوێندن | گەڕانەوە بۆ ماڵەوە | دەسو دەموچاو شتن، نانخواردن | چوونەدەرەوە/ پیاسە/تۆپێن لەگەڵ دایکم / باوکم یان هەردووکیان | خوێندنی زمانی کوردی و ئینگلیزی ، نانخواردن | سەردان یان میوانداری هاورێیەك/چوونە حەوشە لەگەڵ هاورێ/ هاورێیان | نانخواردن | ددان و دەموچاو وقاچ شتن، خەوتن بەدەمداستانی چینییەوە |
| چوارشەممە | لەخەوهەستان، دەموچاو و ددان شتن | پێشقوتابخانە، بەرچایی خواردن یاری و خوێندن | گەڕانەوە بۆ ماڵەوە | دەسو دەموچاو شتن، نانخواردن | کاتی ئازاد | خوێندنی زمانی کوردی و ئینگلیزی، نانخواردن | یاری تۆپی پێ ، خۆشتن | نانخواردن ، سەیرکردنی فیلم بە دیڤیدی | ددان و دەموچاو شتن ، خەوتن بەدەم داستانی ئینگلیزییەوە |
| پێنجشەممە | لەخەوهەستان، دەموچاو و ددان شتن | پێشقوتابخانە، بەرچایی خواردن یاری و خوێندن | گەڕانەوە بۆ ماڵەوە | دەسو دەموچاو شتن، نانخواردن | پۆلی مۆسیقا | نانخواردن | خوێندنی زمانی کوردی و ئینگلیزی | نانخواردن | ددان و دەموچاو و قاچ شتن ، خەوتن بەدەم داستانی فینلەندییەوە |
| هەینی | لەخەوهەستان، دەموچاو و ددان شتن | پێشقوتابخانە، بەرچایی خواردن یاری و خوێندن | گەڕانەوە بۆ ماڵەوە | دەسو دەموچاو شتن، نانخواردن | کاتی ئازاد | خوێندنەوەی گۆڤاری ئاکوئانکا ، نانخواردن | خوێندنی زمانی کوردی و ئینگلیزی | خۆشتن ، نانخواردن | ددان و دەموچاوشتن، خەوتن بەدەم داستانی کوردییەوە |

## ڕۆژانی کۆتایی هەفتە

| ڕۆژ | کاتژمێر 9.30 | کاتژمێر 10 بۆ 12 | کاتژمێر12.30 | کاتژمێر15.30 | کاتژمێر18.30 | کاتژمێر20.30 | کاتژمێر 22 و 21 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| شەممە | لەخەوهەستان، دەموچاو و ددان شتن ، بەرچایی | سەیرکردنی بەرنامەی تەلەفیزیۆنی منداڵان | نانی نیوەڕۆ ، کاتی ئازاد | نانی دوا نیوەڕۆ ، کاتی ئازاد | نانی ئێوارە ، کاتی ئازاد | ساونا ، نانخوارنێکی سوک | ددان و دەموچاو شتن ، خەوتن بەدەم داستانی ئینگلیزییەوە |
| یەکشەممە | لەخەوهەستان، دەموچاو و ددان شتن ، بەرچایی خواردن | سەیرکردنی فیلم / یاری بەکامپیوتەر / پلەیستەیشن | نانی نیوەڕۆ ، کاتی ئازاد | نانی دوا نیوەڕۆ ، کاتی ئازاد | نانی ئێوارە ، کاتی ئازاد | نانخوارنێکی سوک | ددان و دەموچاو و قاچ شتن ، خەوتن بەدەم داستانی ئینگلیزییەوە |


Sardar 99